مرۆڤ و ژیان

نووسینی: ئۆشۆ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
محمد سەعید



238 19.2k 7

Promote Edit Profile

پەرەی فەرمی کتێبی PDF

لێرە

باشترین و بەسودترین و بۆ خوێندنەوەترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF بۆکرە

Ganyna

لینکی کتێبەکان ئەم لاپەڕەیە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1qx6e3nSJGJIu36fxeIUjwdbjqTSVsIbo

Ktebi_PDF



پێشەکی

تۆشۆی مەزن یەکێکە لە گەورەترین عیرفان و زاهیدو پۆشنبیری سەدەی بیستەم، بە یەکێک لەو سەد کەسەی سەدەی بیستەم دادەنرێ، کە تواناییان کاریگەری پۆزەتیڤی بەرچاو لەسەر سایکۆلۆجیای مرۆڤایەتی بەجێ بهێڵن. لە دوای بوزاو کۆنفۆشیوس و گاندی و کریشنا مۆرتێ و مەولانای ڕۆمی بە دیارترین سۆفی مێژوی مرۆڤایەتی دادەنرێ. پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو دونیای دیجتاڵ ڕاستە کارئاسانییەکی بەرچاویان بۆ مرۆڤ فەراهەم کردووە بەڵام لە هەمان کاتیشدا دۆزەخێکی دەروونییان بۆ دروست کردووە، لێرەدا گوتە بەناوبانگەکەی مارکس شایەنی گوتنە، کە دەڵێ " هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی دوا کەوتنێکی ڕوحی لە گەڵ خۆی دا دێنێ"، واتە مرۆڤ توانی بەهۆی تەکنەلۆجیاوە دونیای دەرەوی بڕازێنێتەوە بەڵام کارەساتێکی تری توشی خودی خۆی کرد ئەویش وێرانکردنی دونیای ناوەوەی بوو، بۆیە لێرەوە چەندەها گەورەی پیاوی وەکو تۆشۆ ڕۆڵی بەرچاوییان بینی لە ڕزگارکردنی ئەو تەنگەژە و نیگەرانییەی، کە مرۆڤی داغان کردبوو.

تۆشۆ ئاسودەیی و بەختەوەری مرۆڤی نەبەستۆتەوە بە دونیای دەرەکی و ماددی مرۆڤەوە بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگای خودناسی و تێگەیشتن لە مرۆڤ بوونی خۆی بچێتە ڕێگای بەرەو بەختەوەری.

گەیشتن بەم خود ناسینەش چەندەها ڕێگای عیرفانی پێویستە گرنگترینیان کە کە تۆشۆ جەختی لێکردۆتەوە " مێدیتەیشن- تێڕامانە"، مێدیتەیشن بارودۆخێکە کە مرۆڤ لەتەنهاییەکی قوواڵدا بە

دابـڕان لـه ڕابـردوو و بیرنەکردنـەوە لـه داهـاتوو، دوور لـه جـەنجاڵی ڕۆژگارو ژیانداو دروست دەبێ. خاڵێکی گرنگ که له پرۆسەی تێڕامانـدا دروست دەبێ تەنها له ئێستادا ژیانـه، واتـه مرۆڤ بۆ ئـەوەی بتـوانێ ساتێ ئـارام بـێ دەبـێ لـەڕابڕدوو داهـاتوو، دابـبڕێـت و تـەنها فـۆکس و ئاگای له ساتی ئێستادابێت.

کەم نوسەر هەیە وەکو ئۆشۆ تـوانیبێتی لـه جەوهـەری بـوون و لـوغزی ژیـان گەیشـتبێ، بمانـەوێ شۆڕشـێکی عیرفـانی و دەرونـی بەرپابکـەین بـۆ ڕزگـار کردنـی مرۆڤایـەتی لـەو ئاڵۆزییـە سایکۆلۆجییەی، توشـی بـووە دەبـێ کتێبـەکانی ئۆشـۆ بخوێنرێتـەوە. هەرچەندە زۆربەی نوسینەکانی ئۆشۆ سەرەتا بە شێوەی سەرپێی و لە فۆرمی گـوتەدا بـووە دواتـر بۆتـە نوسـین و کتێـب بـەڵام دواجـار بۆتـە قوتابخانەیەکی عیرفانی و دەرونی بۆ ئارامی و ئاسودەی مرۆڤ.

گـەورەیـی نوسـینەکانی ئۆشـۆ لەوەدایـە کـە توانیـوێتی بـە شێوازێکی زۆر سادەو ساکارو پـەخشان ئـامێز و بـە ئـاوازێکی شیعری جوان، وەسفێکی نایابی باردۆخی مرۆڤی مۆدێرنی کردووەو چارەسـەری ڕیشەیی بۆ کێشە وجودییەکانی کردووە، کە زۆر فەیلەسوف و بیرمەند نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن. هەرچەندە ئۆشۆ هیچ ڕێبازێکی فەلسـەفی دیـاری کـراوی نـەبووە خۆشـی بـە فەیلەسـوف نـەزانیوە بـەڵکو دژی زۆربەی فەیلەسوفان بووە.

کتێبی"مرۆڤ و ژیان" هەڵبژاردنی کۆمەڵێک بابـەتی جیـاوازە لـه چەند کتێبێکی نایـابی ئۆشـۆوە کـه هـەر بابەتـەو تایبـەت بـە باسـێکی گرنگی ژیـانی مرۆڤـەوە، کـه مرۆڤایـەتی تائێسـتاش پێـوەی دەنـاڵێنێ.

زۆربەی کتێبەکان و نوسینەکان لەرێگای ئەنتەرنێتەوە توانیومە بەدەستی بهێنم، بۆیە ناچار بووم لۆکەیشنی سایتەکەشم نوسیوە تاوەکو خوێنەر بتوانێ سودیان لێببینێ ئەگەر ویستی بە زمانی ئینگلیزی بیخوێنێتەوە چونکە زۆربەی ئەو کتێبانەی، سودم لێ بینیوین بە زمانی کوردی نییە. هیوادارم توانیبێتم بە شێوازێکی دروست بابەتەکانیم وەرگێڕدرابێت، تاوەکو پەیامی ئۆشۆی مەزن بگەیەنم.

محەمەد سەعید ڕەسول

سلێمانی ٢٠١٨/٣/٢١

(١)ی نەورۆزی ٢٧١٨

هاوسەرگیری و هاوڕێیەتی..... ۷
ئایا هاوسەرگیری دەبێتە هۆی ڕوخانی خۆشەویستی؟..... ۱۵
ئایدیا قەدەرو چارەنوس ۲۲
بەختەوەری چییە؟..... ۲٤
ئامەنگی ژیان بگێڕە تەنانەت غەمباریش جوانە..... ۳۰
خۆشەویستی وئازادی..... ۳۲
چاو چنۆکی چییە؟ ۳٤
ئازادی و بەرپرسیارێتی ۳۹
پەروەردەچییە؟..... ٤۱
تێکەیشتنی ترس لە مەرگ..... ٤۸
ئافرەت..... ۵۱
سیستەمی سیاسي بە تەواوەتی جیاوازە..... ۵٦
سێ ڕێگا بۆ گۆڕانکاری ؛ ڕیفۆرم، شۆڕش، یاخیبوون..... ٦۰
چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان جوانی ناوەوە جوانی دەرەوەدا؟.... ٦۵
خۆشەویستی وسێکس ۷٤
ئایدۆلۆجیا سەرچاوەو هۆکاری هەموو توندو تیژیەکانە ۷۹
دەرگاکانی دۆزەخ..... ۸۲
ژیان مانی چییە؟..... ۸۵
ئەسترۆلۆجی و داهاتوو زانین و دەست خوێندنەوە..... ۹٤

هاوسەرگیری و هاوڕێیەتی

بۆچی کارێکی قورسە ژن و پیاو ببن بە هاوڕێ؟

لە ڕواڵەتدا ئاساییە بەڵام دەگۆڕێ بۆ مەحاڵ، یاخود دەبێتە یەکتر ناسینێکی قێزەون و نەویستراو، بۆچی دەبێ لە نێوان ئافرەت و پیاودا ڕق و ناشیرینی هەبێت؟

ئەمە زۆر ئاسانە، هاوسەرگیری ناشیرینترین شتە، کە مرۆڤایەتی دایهێنابێ، شتێکی سروشتی نییە بەڵکو داهێنراوە بۆ ئەوەی پیاو ئافرەتی پێ داگیر بکات و مۆنۆپۆڵی بکات، وەکو ئەوەی کاڵایەک بێ یاخود دراوێک بێت بەکاری بهێنێت،و کردوویەتی بە شتومەک،و ئەوەت لە یاد نەچێ هەر مرۆڤێک بکەی بە کاڵا ئەوا تۆش بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی دەبیتە کەلوپەل چونکە ئەگەر قسەیەک لە گەڵ کورسییەک بکەی دەبێ تۆش کورسی بی.

هاوسەرگیری دژی سروشتە. مرۆڤ دەبێ زۆر دڵنیابێ لەو بەڵێنانەی، کە لەسەرەتای هاوسەرگیریدا دەیدات، هاوسەرگیری بەڵێنە بۆ هەموژیانت کە ئەویش ئەوەیە، بۆ هەتاهەتایە لە گەڵ هاوژینەکەدا بە یەکەوەبن، یەکترتان خۆش بوێ وەڕێزی یەکتر بگرن هەتادوا هەناسە. هەمیشە قەشەکان و پیاوانی ئاینی ئەوەمان پێ دەڵێن، کە هاوسەرگیری لە ئاسمانەوە هاتووە، بەڵام هیچ شتێک لە ئاسمانەوە دروست نەکراوە ئاسمان نییە ئەگەر گوێ بۆسروشت هەڵخەین وەڵامی هەموو پرسیارەکانمان دەداتەوە.

کێشەکە ئەوەیە پیاو ئەگەر بایەلۆژیەن سەرنجی ئافرەتێکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا یاخود بە پێچەوانەوە ئافرەتێک سەرنجی پیاوێکی بزواند، ئەم تامەزرۆ و سەرنجە تاسەر نامێنێتەوە، چونکە مرۆڤ ئافرەت و پیاوی جوانتر دەبینێ دوبارە سەرنجی بۆلایان دەچێ، ئەمەش هیچ هەڵەیەکی تیادا نیە، چونکە دڵت خێراتر بۆیان لێدەدات. (ئافرەت و پیاوە جوانترەکە) ئەمەش کارەساتە چونکە سەرەتا بەڵێنت بە هاوژینەکەت دابوو کە بۆ هەتاهەتایە بە یەکەوە بژین.

خۆشەویستەکان یە کتر هەڵناخەڵەتێنێن بەڵکو ڕاستیەکان دەڵێن بەڵام ڕاستیەکان تەنها بۆ ساتی قسەکردنەکان بڕەکات و دەخوات. کاتێک خۆشەویستەکان بەیەکتر دەڵێێن " ناتوانین بەبێ یەک بژین " ئەمە هەڵخەڵەتاندن نییە چونکە بەڕاستی وادەڵێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، سروشتی ژیان نازانن، چونکە ئەگەر بەیانی ئافرەتەکە یاخود پیاوەکە جوانیەکەی نەما ئەوا واهەست دەکەن دیلی یەکترن لە هاوسەرگەریدا.

ژن و پیاو لە سەرەتای هاوسەرگیریدا هەموو جوگرافیایەکی جەستەی یەکتریان کەشف نەکردووە نەناسیوە، بەڵام دوای ماوەیەک بەهەموو هەڕێمێکی یەکتر ئاشنا بوون و هیچ شوێنێک نەماوە بۆ دۆزینەوە، بۆیە دوبارەبونەوەی ئەم جۆرە لەقسەکردن (بەڵێنی هەتاهەتایی) دەبێتە شتێکی زۆر ناشیرینی میکانیکی لێرەوەیە سڕند ئەوین دەبێتە ڕق. ئافرەت ڕقی لە پیاوەکەی دەبێتەوە چونکە پیاوەکەی هەمان شت دووبارە دەکاتەوە بۆیە، کە پیاو دێتەوە ماڵەوە ژنەکەی توشی سەرئێشە دەبێ و دەچێتە جێگاوە چونکە نایەوێ

جارێکی تر بچێتە ناو هەمان تاس و حەمامی جاراناوە. پیاویش دەستی تێکەڵ کردووە لەگەل سکرتێری ئۆفیسەکەی چونکە ژنەکەی هیچ هەڕەشەکی جوگرفیا شاراوەی نەماوە بۆ دۆزینەوە. ئەمە بەلای منەوە کارێکی ئاساییە،بەڵام ئەوەی ئاسای نییە بەستنەوەی خەڵکییە بە ناوی ئایین و خواوەندەوە تاکۆتایی ژیانیان. لە جیهانێکی باش و پێشکەوتوودا خەڵکی یەکتریان خۆشدەوێت بەڵام هیچ کۆنتراکت و پەیوەست بوونێک ناکەن بۆ بەستنەوەی یەکتر چونکە ئەمە بازرگانی نییە، ئەوەش دەزانن کە جەوهەرو سیفەتی ژیان بریتییە لە گۆڕانکاری.

ژن و پیاو بەڵێن بە یەک دەدەن، ڕاستگۆبن بۆ یەکتر بەڵام پیاو، کە هەست دەکات خۆشی لە هاوژینەکەی نابینێ بۆیە پێی دەڵێ "ئافرەت کاتی جیابونەوەیەو پێوست بەهاوسەرگری ناکات" لێرەدا هاوڕێیەتی دروست نابێ لە نێوان کەسی بەندکراو (ئافرەتەکە) وە پاسەوانی بەندیخانەکە (پیاو) بەڵکو هاوڕێیەتی لە نێوان دوو کەسی یەکساندا دروست دەبێت، کە ئازاد بن لە هەموو کۆتوبەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و شارستانی،و بەشێوەیەکی سروشتی بژین.

کاتێ پیاو بە خێزانەکەی دەڵێ "هەنگوین، مانگی هەنگوینی تەواو" ئەمە ئیهانە کردن نییە یاخود ژن بە پیاوەکە بڵێ" ئێستا شتەکان ناتوانن جوانبن،و ئەو شنەبایەی، هەڵی کردبوو ئێستا نەماوە وەرزەکە گۆڕاوە ئیتر بەهار لە نێوانماندا نەماوە گوڵ ناپشکوێ، ناسکی بونی نەماوە بۆیە کاتی جیابونەوەیە"بۆیە ئەگەر گرێبەستێکی یاسایی نەبێ پرسیاری تەڵاق و جیابونەوە نامێنێ. شتێکی زۆر نابەجێ و

ناشیرینه، که حکومەت و دادگا و دەوڵەت تەداخول بکەن لە ژیانی شەخسی و تایبەتی مرۆڤدا.

گەر هاوڕێیەتی بونی هەبوو لە نێوان هاوسەرەکاندا سۆزو ئەوین نابێتە ڕق چونکە کاتێ ژن و پیاو درکیان بەوەکرد، ئەوین و سۆز نەما ئەوا بە ئازادانە مالئاوایی لە یەکتر دەکەن، تەنانەت ئەگەر مالئاواییەکە ئازار بەخشیش بێت، چونکە چارنییە ئیتر ئەمە جەوهەری ژیانە.

پیاو کۆمەڵگاو کەلتور شارستانیەت و یاسای دروست کردووە، بۆیە هەمو مرۆڤایەتی کردووە بە ناسروشتی هەر بۆیە پیاو ئافرەت نابنە هاوڕێ،بەڵام دەبنە ژن و مێرد کە ئەمەش ناشیرین ترین شتە، چونکە دەست دەکەن بە خاوەندارێتی یەکتری، ئەمە لە کاتێکدایە خەڵکی کەلو پەل نین بۆیە ناتوانن پەیوەندی خاوەندارێتی هەبێ. پیاو بە چەکێکەوە دەوەستێ بۆ بەستنەوەی خۆشەویستی کە ئەمەش دەبێتە کەڵەکە بوونی ڕق تا کۆتای ژیانیان. ئایە واهەست دەکەی لەم جۆرە خۆشەویستییەدا منالی جوان لەدایک ببێت؟ منالەکان لە خۆشەویستیدا لەدایک نابن، بەڵکو لە ئەنجامی ئەرک و واجبەوە دێنە دونیاوە چونکە ئەمە بڕیاری تۆیە (پیاو) کە ئافرەت بەکار دەهینی بۆ مەرامی خۆت. ئەگەر ڕاستی بگوترێ ئەوا جیاوازی نییە لە نێوان ژنەکەت و سۆزانییەک، ئەگەر جیاوازیش بن وەکو جیاوازی نێوان تۆتۆمبیلەکەت و یاخود بچی تەکسی بگری، سۆزانی تەنها بۆ چەند کاتژمێرێک لە گەڵتدایە بەڵام هاوسەرەکەت تا کۆتایی ژیانتە، کە ئەمەش ئابوورییە. خانەوادەی شاو میرەکان نایەڵن هاوسەرگیری بکرێت لە دەرەوەی خانەوادەی خۆیانی شاوە چونکە دەوڵەت و یارەو

هێز بونی هەیە، بۆیە کەسێکی نامۆ بە خانەوادەکەیان خۆش ناوێ چونکە پەیوەندییەکە تەنها ئابورییە.

پیاو لەبەرئەوەی بژێوی ژیان دابین دەکات بۆیە ئافرەت پشتی پێ دەبەستێت، بەدرێژایی مێژو پیاو نەیهێشتوە ئافرەت ڕۆشنبیر بێ و کارو بازرگانی بکات لێرەوەیە ئافرەت ناتوانێ سەربەخۆ بێ چونکە خاوەنی ئابورییەکی سەر بەخۆ نییە، بۆیە پیاو وەکو کالایەک بەکاردەهێنێت. ئایا لەو باوەڕەدایت، هەر کەسێک پشتت پێ ببەستێ خۆشی بوێیت؟ هەمو ئافرەتێک ئارەزوو دەکات پیاوەکەی بکوژێ، بەڵام نازانێ چی بکات و چۆن خۆی بەخێو بکات بۆیە ئەم کارە ناکات. هەموو پیاوێک بەبێ جیاوازی ئارەزو دەکات لە ژنەکەی ڕزگاری ببێت بەڵام بەهۆی بوونی منالەوە ناتوانێت،و چەندەها بەڵێنی خۆشەویستیشی پێداوە. پیاو کاتێک بۆ کار دەڕوات، خێزانەکەی ماچ دەکات ئەمەش ماچی خۆشەویستی نییە، تەنها بە یەکگەیشتنی دوو پەیکەری ئێسکن و هیچی تر، پیاو لەبەرئەوەی کۆمەڵگای دروست کردووە بۆیە هاوڕێیەتی لە هاوسەرگیریدا بوونی نابێت.

دەبێ پیاو ئازادی تەواو بدات بەهاوژینەکەی وە وەکو هاوڕێ بمێننەوە، جا ئەنجامەکەی هەرچییەک بێ. هیچ کێشەیەک نابینم ئەگەر ڕۆژێک هاوسەرەکەم پێم بڵێ کەوتومەتە خۆشەویستی پیاوێکی ترەوە بەڵکو زۆر خۆشحاڵ دەبم و هیوای ژیانێکی ئاسودەی بۆ دەخوازم و خۆشیشم دەوێ ئەمە چ کێشەیەکی تێدایە؟و یارمەتیشی دەدەم کە دڵی خۆش بێ بۆ دەبێ ئەگەر دڵی خۆش بێ لە گەڵ کەسێکی تردا ئازارم بدات؟ بەڵام ئەوە ئیگۆکەتە ئازارت دەدات کاتێ هاوسەرەکەت

کەسێکی چاکتری لە تۆی خۆشتر بوێ، دەشێ خێزانت هەز لە چێشت لێنەرەکەت بکات ئەمەش کارێکی ئاسایە گۆڕانی مرۆڤەو بەرزترین بەهایە لە ژیانی مرۆڤدا، کە ئەویش ئازادی یە بەڵام لە هاوسەرگیریدا ئازادی نامێنێ. ئازدای ببەخشە بەهەموو کەڵ و هاوسەرەکان ئەرکاد دەبینی، کە چۆن دونیا دەبێتە بەهەشت، لێرەدا کێشەیەک درووست دەبێ ئەویش بوونی منااڵە ئایا چی لە منااڵەکان بکەن؟ وەاڵمەکەی ئەوەیە منااڵ هی کۆمەڵگاو خەڵکە، کە ئەمەش کێشە نییە چونکە دایک و باوک دەتوانن منااڵەکانیان ببینن و بانگهێشتیان بکەن و دەتوانن ببنە هاوڕێیان و لە هەمان کاتیشدا منااڵیش پشت بە دایک و باوکی نابەستێ، چونکە منااڵ دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ ئەمەش دەبێتە نەمانی کێشەی دەرونی. ئەگەر کوڕ تەنها دایکی ناسی بەدرێژای تەمەنی دەگەڕێ بە دوای ئافرەتێکدا کە لە دایکی بچێ لە کەسێتیدا، کە ئەمەش هەرگیز نایدۆزێتەوە،و کچیش هەرگیز کۆپی باوکی نادۆزێتەوە بۆیە کوڕ و کچ ناتوانن لە هاوسەرەکانیان ڕازی بن، بەڵام منااڵ، کە هی کۆمەڵ بوو چەندەها مام و خاڵ و پوور هیتر... دەناسن و پشتی پێ دەبەستن لێرەوەیە کەمنااڵ تەنها هەڵگری یەک وێنە نابێ لە خەیاڵیدا.

ئەگەر منااڵ لەاڵیەن کۆمەڵگاوە پەروەردە کرا زۆر وریاو ژیرتر دەبێ وەک ئەوەی لەاڵیەن دووکەسەوە پەروەردە بکرێ. منااڵی کۆمەڵگا چەندها کچی جوان و کەسایەتی جیاواز دەبینێ، بۆیە کە ئافرەتێک دەبینێ یەکسەر بڕیاری هاوسەرگیری نادات بەڵکو بیر دەکاتەوە لەوەی کە کێ بکاتە هاوڕێی ژیانی، بەڵام منااڵی دایک و باوک کانێ ئافرەتێک

لە قەراخ ئاوێکدا ببینێ یەکسەر ئاشقی دەبێ ئەمە لە کاتێکدا هەڵ هێنێ سەبارەت بە ئافرەت نازانێ بەڵکو تەنها مەکیاژەکەی دەبینێ، بڵێیە، کە بەیانی لە خەو هەڵدەستێ دەبێنێ هاوسەرەکەی مەکیاژەکەی لێبڕێتەوە تۆشی شۆک دەبێ دەڵێ "خوایە گیان ئەوە من چیم کرد ئەوە ئەو ئافرەتە نەبوو کە دەمویست، ئەمە ئافرەتێکی ترە " بەڵام لەو کاتەدا ناتوانی هیچ وشەیەک بڵێ ئەگەر هەر شتێک بکات دادگاو حکومەت دەدخەنە شوێنی دروستی خۆت. کە ئەمەش بارودۆخێکی زۆر قێزەونە دەبێ خەڵکی ئازادییان پێ بدرێ بۆ ناسینی یەکتر.

کاتێ قوتابی بوم لە کۆرسی کۆتایی ماستەر لە زانکۆ کچێکی زۆر جوان دەمزانی، زۆر تامەزرۆمە بەڵام لەو کاتەدا من ئارەزوی ئافرەتم نەدەکرد بەڵکو شەیدای گەڕان بووم بەدوای خوداوەندا. کچەکە زۆرچاوەڕێی کردبوو، داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێ بکەم، بەڵام نەم کرد! بڵێیە ئەویش ڕۆیشت. ئەمەش عادەتە دەبێ هەمیش پیاو دوای ئافرەت بکەوێ و داوای پەیوەندی لێ بکات، ئەمەش وا دانراوە کە گەورەیی بێ بۆ ئافرەتەکە، پیاو دوای بکەوێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە چونکە ئەوەی یەکەم جار دەست پێشخەری دەکات ئازایەتی دەوێ. کاتێ زانکۆمان تەواو کرد کچە جوانەکە دەستی گرتمو بردمیە لاوەو وتی "تەواو چانست نەما، بۆماوەی دووسال چاوەڕێی تۆ بووم، ئایا ئێمە نەمان دەتوانی بەدرێژایی ژیان بەیەکەوە بوینایە؟ خۆشم دەوێی" وەڵامم دایەوە وتم " ئەگەر منت خۆش دەوێ بڕۆ بەتەنها جێم بهێڵە، چونکە دەزانم بەهۆی ناوی خۆشەویستییەوە چی ڕوودەدا، خەڵکی دەخرێتە بەندیخانەوەو زنجیر دەکرێتە دەستیان

و خۆشی و لەزەت لە دەستدەدەن و ژیان دەبێتە پاکێشان و کات بەسەربردن بۆیە ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ، هەرگیز خۆت بەکەسەوە مەلمەواسە".

گەر هاوسەرگیری نەما جیابونەوە ئۆتۆماتیکی نامێنێ، کە بەرهەمی هاوسەرگیرییە. کەس سەرنجی ئەوەی نەداوە بۆ چەند سەدەیەکە سۆزانی بونی هەیە؟ کێ ئەمانەی دروست کردووە؟ کێ بەر پرسیارە لەم ئافرەتە هەژارانە ئەوە دەزگای خێزانە لێی بەرپرسیارە، ئەگەر لە خێزانەکەت بێزار بوی پەنا دەبەیتە بەر ئافرەتێکی تر، کە بە کەسەوە نەبەستراوەتەوە بۆیە بۆ چەند ساتێکی یەکترتان خۆش دەوێ و دەست لەملانێ دەکەن بۆ ئەمەش بڕێک پارە وەردەگرێت. ئایا ئەمە کێ لێی بەرپرسیارە، کە ملیۆنان ئافرەت گیانی خۆیان دەفرۆشن؟

ئەوە پیاوە سیاسییەکان و ئایینێکان تاوانبارن بەڵام تەنها تاوانباری ئاسایی نا، چونکە چەند سەدەیەکە مرۆڤایەتییان توشی ئەم بیرە شێتانە کردووە. دەبێ مرۆڤ لە خۆیەوە دەست پێ بکات ڕێگەچارەی تر نییە کەواتە ئەگەر کەسێکت خۆش ویست دەبێ ئازادی تەواو لە نێوانتان فەراهەم ببێت.

ئایە هاوسەرگیری دەبێتە هۆی ڕۆخانی خۆشەویستی؟

گەر خۆشەویستی هاوسەرگیری تێک بشکێنێ چۆن بتوانین ژیانی هاوبەش بەخۆشەویستییەوە دروست بکەین و منداڵ پەروەردەبکەین وەکو دایک و باوک؟

هەرگیز نەم وتوە، خۆشەویستی هاوسەرگیری تێکدەدات بەڵام دەکرێت خێزان خۆشەویستی تێکبدات؟ بەڵێ خۆشەویستی تێک دەدرێ لە ناو هاوسەرگیری دا ئەوەش لەلایەن ئێوەوەیە (ژن و مێرد) نەک هاوسەرگیری.چۆن هاوسەرگیری خۆشەویستی لە ناو دەبات ؟ ئەوە ئێوەن کە نازانن خۆشەویستی بکەن بەڵام وا خۆتان دەردەخەن کە دەیزانن وەئاواتەخوازن کە بیزانن بەڵام هەرگیز نایزانن.خۆشەویستی دەبێ فێری بی ئەمەش گەورەترین هونەرە،گەر خەڵکی سەما دەکەن وەکاتێک یەکێک پێت دەڵێ " وەرە سەما کە " تۆش دەڵێ " نازانم" ئەگەر ڕاسەوخۆ هەڵنەستای خەڵکی واهەست دەکەن سەماکەرێکی مەزنی بەڵام تەنها گاڵتەچیەکی و هیچی تر، وە ئەوە ناسەلمێنێ کە ساماکەرێکی مەزنی بی چونکە دەبێ فێری سەما بی و بجوڵێی وەمەشقی جەستە بکەی بۆی. ناتوانی تەنها بەهۆی بونی فڵچەو بۆیەو پێویستیەکانی تری وێنەکێشان بڵێ" دەتوانم تابلۆ بکێشم لە بەر ئەوەی هەمو پێوستیەکانم لە بەر دەستدا یە" بەڵام ناتوانی ئەنجامی بدەی چونکە تۆ وێنە کێش نی.

بێگومان مرۆڤ بەتواناو جەستەوە لە دایک دەبێ، دەتوانی ببی بەسامەکەر چونکە خاوەنی جەستەیە و دەتوانی سەمای پێ بکات هەرچەندە سەما کردن ئاسانە بەڵام دەبێ هەوڵی زۆر بدات تا سەما

فێر بی، وەسەماکردن زۆر گران نییە چونکە بەتەنها دەیکەی. خۆشەویستی زۆر قورسە چونکە سەماکردنە لەگەڵ کەسێکی تردا وە دەبێ ئەوییش بزانێ چۆن سەما دەکات، گونجان و هارمۆنیەت کردن لە گەڵ کەسێکی تردا کارێکی قورسە. دوو کەس بەمانای دوو دونیای جیاواز دێ کاتێک دوو دونیاش بە یەک دەگەن ئەگەری پێک دادان زۆدەدات ئەگەر نەزانن چۆن بگونجێن.خۆشەویستی هارمۆنیاو خۆشی و تەندروستی یە

فێربونی خۆشەویستی ڕاکردن نییە بەپەلە نییە بۆ هاوسەرگیری دەبێ یەکەم جار ببینە خۆشەویست.خۆشەویستی بەخشینە بەبێ مەرج، کەواتە پێوستی و داواکاری خۆشەویستی چی یە ؟ئەرکی سەر شانی کەسێک کە خۆشەویست دەکات بریتی یە لەوەی کە ئامادە بێ خۆشەویستی ببەخشێ بەبێ ئەوەی چاوەڕێ هیچ شتێ بکات لە بەرامبەرەکەی، وەکو ئەوە وایە بەشاخێکدا سەرکەوی و گۆڕانی بڵێ وە شاخەکان و دۆڵەکان وەڵامت بدەنەوە. ئایا وەڵام دانەوە نابیستی لە شاخەکان ؟ تۆ هاوار دەکەی و شاخەکان دەنگ دەداتەوە یاخود گۆرانی بڵێ شاخەکانیش بەدواتدا دەیڵێنەوە هەموو دڵێک دۆڵ و شاخی هەیە ئەگەر تۆخۆشەویستیت بەسەردا پرژان ئەوانیش وەڵامت دەدەنەوە. یەکەمین وانەی خۆشەویستی ئەوەیە کە داوای خۆشەویستی نەکەی بەڵکو تەنها ببەخشە بەخشندە بە.بەڵام خەڵکی بەپێچەوانەوە ئەمە دەکەن چونکە کاتی خۆشەویستی دەکەن تەنها بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆشەویستیان پێ بدرێتەوە ئەمەش جۆرێکە لە مامەڵەی بازرگانی کە بەهیچ شێوەیەک هاوبەشیەکی ئازادانە نییە، بەڵکو

هاوبەشیەکی مەرج دارە کە چاوڕێ گەڕانەوەی خۆشەویستی لەبەرامبەر یەکتر دەکەن، کارو مەکانیزمی خۆشەویستی نازانن تەنها خۆشەویستی دەڕێژن چاوەڕێ گەڕانەوەش دەکەن.گەر خۆشەویستی نەگەڕایەوە نابێ نیگەران بی چونکە خۆشەویستی ئاسودەی یە نەک نیگەرانی ئەگەر خۆشەویستی نەگەڕایەوە ئاسودەبە گەرگەڕاشەوە دووجار ئاسودە بە.خۆشەوەستی هەڵگری غەریزەی بەختەوەری یە ئەمەش کاتێ ڕوەدات کە خۆشەویشتی دەکەی، نابێ چاوەڕێ ی ئەنجامەکەی بکەی تەنها دەست کە بەخۆشەویستی دواتر دەبینی کە چۆن خۆشەویستی بەلێشاو دێ.

ژوانەوەی چانس و هەلی خۆشەویستی کردن:

هیچ هەل و دەرفەتێکی خۆشەویستی لەدەست مەدە تەنانەت ئەگەر بەشەقامێکدا ڕۆشتی، دەتوانی خۆشەویستی بدەی بەسوالکەرێک تەنانەت ئەگەر هیچیشی نەبەتن زەردەخەنەی بەرامبەر بکە کە هیچی نێناچێ بەڵام ئەو زەردەخەنەیە دڵت دەکاتەوە وە والەدڵت دەکات کەزۆر ئاکتیف و چالاک بێ.دەستی کەسێک بگرە چاوەڕێ مەکە لەوەی کەسێکی باش بێ ئەگەر زیاتر خۆشەویستیت پێ بەخشی ئەگەری باشتر بوونی زیاتر هەیە.دڵت دەست دەکات بەگوڵ باران کردن گوڵ گرتن ئەو کات دڵێکی گوڵاوی سەرنجی چەندها هەنگ بەلای خۆیدا ڕاکێشێ.

هەموو مرۆڤێک لە ژێر چاودێریەکی زۆر هەڵەدا پەروەردە دەکرێ، هەمو مرۆڤیک هەڵگری توانای شاراوەی خۆشەویستی بە کاتێ کەلەدایک دەبێ بەڵام ئەمە ئاسان نییە دەبێ ئەم توانایە مەشق و ڕاهێنان و دیسپلین بکرێ واتە تۆوی خۆشەویستی هەیە بەڵام دەبێ چۆن دەر بکات و ببێتە گوڵ.دەتوانی هەڵگری تۆوی خۆشەویستی بی و هیچ مێرو هەنگێک نەیە بەلات دا، ئایا سەرنج داوە کە ناچن بەلایدا ؟کاتێ دەچن بەلایدا کە گوڵێ گرتبێ و بەتۆی نەمابێتەوە.

دوو کەس بەجیا نابەختەوەرن بەڵام کە بەیەک دەگەن نابەختەوەریەکەیان دەبێ بەدوو ئەوەندە.ئەمە یاسای بیرکارکاری یە کاتێ کە تۆنابەختەوەری هاوسەرەکەشت نابەختەوەر وە ئارەزو دەکەن بەیەکەوە بن ئایا بەختەوەر دەبن؟ ئەمە وانەی بیرکاری یە وەکو چۆن دوو کۆدوو دەکاتە چوار ئەمەش سەرەتای وانەی بیرکاری بە کە

دەتونی بەپەنجەکانت بیژمێری واتە هەر دووکیان دەبنە نابەختەوەر کە ئەمەش زیاترە لە کاتی زۆگوردی دا (سینگڵ).

یاساکانی هاوسەرگیری جیا بونەوە نییە، داد گاو مەحکەمە تەنها بابەتێکە لە هاوسەرگیری دا نابێ پشتی پێ ببەستری، کەواتە دەبێ دوای مانگی هەنگونی کە هەموو شتێ بەباشی پۆیشت هاوسەرگیری بکەی. زۆر مەترسی دارە مانگی هەنگوینی بکەوێتە دوای هاوسەرگیری یەوە وەکو ئەوەی زانیاریم هەبێ لەسەدا نەوەتی هاوسەرگیری لەدوای تەواو بونی مانگی هەنگونی تەواو دەبێ.،بەڵام ئەو کات تۆ دەست بەسەری و هیچ رێگایەک نابێ بۆ هەڵهاتن چونکە هەموو کۆمەڵگاو دادگاو یاسا و خەڵکی دژت دەوەستنەوە وەڕەخنەت ئاڕاستە دەکەن ئەگەر هاوژینەکەت جێ بێڵی.

ژیان بۆماوەی دووسالّ لە گەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر بەرە ئەوکات بڕیاری هاوسەرگیری بدە، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە ئەگەر هاوسەرگیری دەکەی کەس پرسیار ناکات بڵێ ئەرێ ئامادەی یاخود تەنها نەزوەیەک و ئارەزویەکەو یاخود لە بەر ئەوەی ئارەزوی لوتی ئافرەتەکە دەکەی ئەمە چ گەمژەییەکە کەسێکت بەدڵ بێ لە بەر لوتە درێژەکەی چونکە دوا دوو رۆژ لوتەکەی لە یاد دەکەی.

پێش هاوسەرگیری دەبێ پێگەیشتوو بیت:

کاتێ دوو کەس ڕێگایان پێ درا کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بژین دەبێتە هۆی ناسینی یەکتر ئەمەش هەنگاوێکە بۆنەمانی جیا بونەوەو تەڵاق لە دونیادا. کاتێ تەڵاق هەیە کە هاوسەرگیری بەرهەمی میزاجیکی ڕۆمانسی و هەرزەییە. مانای وایە مرۆڤ فکری ڕۆمانسی گەمژانەی نەبێ، کاتێ مرۆڤ تێگەیشت لەژیان و بەرپرسیارێکەی وە تێگەیشتن لە کێشەی بەیەکەوە بوون وە ڕازی بوو بە هەمو ناخۆشی و نەهامەتیانەی کە هەیە ئەو کات بڕیاری ئەوە دەدات کە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بژی. مرۆڤ نابێ پێشبینی ئەوە بکات کە لە هاوسەرگیریدا بەرەو بەهەشت دەڕوات و گوڵ و گوڵزار چاوەڕی بکات، بەڵکو دەبێ بزانێ کەواقیع و ژیان زۆر تاڵە وەدەشێ گوڵ گوڵزاریشی تیادا بێ بەڵام دوری و بەین هەیە لە نێوانیاندا وەچەندەها درکیش دێتە ڕێگای.

کاتێ بە ئاگا بوویت لە هەموو ئەو کێشانەی کە لەهاوسەرگیریدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە، و سەر کەشی ئەوەبکەی لەگەڵ کەسێکی تردا ژیان بەرییتە سەر وەک ئەوەی بەتەنها بی، ئەوکات دەتوانی هاوسەرگیری بکەی، بۆیە ئەگەر هاوسەرگیری بەرهەمی خۆشەویستی واقیعی بوو ئەوا هەرگیز خۆشەویسی لە ناو نابات.بەڵام بەرهەمی ڕۆمانسیانەی هەرزەکارانە بێ ئەوا خۆشەویستی دەکوژێ.نابێ خەڵکی پشت بەخۆشەویستی هەرزەکارانە ببەستن چونکە وەکو ئایسکرێم وایە دەتوانی هەندێ کات بیخۆی نەک وەکو خۆراک هەمو ڕۆژێ وەژیان پێویستە واقیعی بێ.

هاوسەرگیری هیچ شتێ لە ناو نابات بەڵکو چی شاراوەتەوە لە تۆدا دەیخاتە ڕوو:

گەر خۆشەویستی شارابێتەوە لە کەسێتی مرۆڤدا ئەوا هاوسەرگیری ئاشکرای دەکات. ئەگەر خۆشەویستی تەنها ڕوکەش بێ ئەوا لە کاتی هاوسەرگیری دا نامێنێ چونکە کەساییەتی یە دزێوە ڕاستەقینەکەت خۆی نمایش دەکات ، هاوسەرگیری هەڵێک ودەرفەتێکە بۆ هاتنە دەرەوەو ئاشکراکردنی ئەوەی کە شاراوەتەوە لە کەسایەتیتدا.

هاوسەرگیری هەڵێکە بۆ گەشەکردنی خۆشەویستی: نالێم خۆشەویستی تێک دەشکێنرێ بەهۆی هاوسەرگیری یەوە بەڵکو بەهۆی خەڵکییەوەیە کە نازانن خۆشەویستی بکەن لە ناو دەچێ.خۆشەویستی تێک دەشکێنرێ لە بەرئەوەی لەیەکەم ساتدا بونی نییە وە لە خەوندا ژیان بەسەردەبەی کە واقیع و ژیانش ئەو خەونەت دەکوژێ.خۆشەویستی نەمرە وەبەشێکە لە نەمری.گەر هونەری خۆشەویستیت زانی ئەوا واقیعش قەبوڵ دەکەی کەبریتی یە لە" ژیان و خۆشەویستی"، وەلەدوایداهاوسەرگیری دەبێتە دەرفەتێک بۆ گەشەکردنی خۆشەیستی.خۆشەویستی سۆزو عاتیفە نی یە، بەڵکو تێگەیشتنێکی قوڵە لەوەی کە کەسێک تۆ وەکو بازنەیەک تەواو دەکات ، و دەبێتە هۆی بەهێز بونت، ئازادیت پێ دەبەخشێ لەوەی کەتەنها خۆت بی بریتی نییە لە خاوەندارێتی.

ئایدیای قەدەرو چارەنوس

قەدەر و چارەنوس بونیان نی یە، تەنها هەوڵدانە بۆ فرێدانی ئەرک و بەرپرسیاریتی بۆ شتێ کە بونی نەبێ وەلە بەر ئەوەی بونی نیە و ناتوانێ بەرگیری بکات و بڵێ "بەیارمەتی بەپرسیارێیەت مەخەرە ئەستۆی من".خواوەند بێ دەنگەو و هیچ بەرگرییەک بونی نییە بۆیە دەتوانی هەمو شتێ بخەیتە ئەستۆی ئەو.

مرۆڤ کاتێ شکست دێنێ لە خۆشەویستیدا یاخود لە هەر بوارێکدا کە ئازارت پێبگات لەو کاتەدا پێویستت بە کەمێک دەرمانە بۆ ئازارەکەت بۆیە " قەدەر" جوانترین دەوایە و بە خۆڕایی ئامادەیە پێویست ناکات پارەی پێ بدەی، بۆیە دەڵێ "چی بکەم ؟ "هەموشتێ بڕیار دراوە لە لایەن قەدەرەوە.سەرکەوتن یاخود شکست، ژیان یاخود مردن، نەخۆشی یاخود تەندروستی، دەوڵەمەندی یاخود هەژاری، هەموشتێ دەخرێتە دەست قەدەرێکی نەناسراوەوە دەڵێت " هەوڵی خۆم بەباشی دەدەم بەڵام هەر شکست دێنم. دوای هەموو پرەنسیپە ئەخلاقیەکان کەوتم بەڵام هێشتا هەر هەژارم. بەڵام چەندەها مرۆڤی بێ مۆراڵ و ڕەوشت نزمم دە بینم کە دەوڵەمەند دەبن و ناوبانگ پەیدا دەکەن.ئەمە هەموی پەیوەندی بە قەدەرەوە هەیە." قەدەر لە دۆخی شکستیەدا ئارامیت پێ دەبەخشێ لەوەی کە نەگەیشتوینە ئامانجەکەت،هەروەها ئارامیت پێ دەبەخشێ بەوەی کە گەیشتنی خەڵکانی تر بە ئامانجەکانییان هەربەهۆی چارەنوسەوە بووە هیچی تر.ئەم تاوانبار کردنەی قەدەر لە لایەکەوە رزگارت دەکات لە هەستی بەکەم زانین لەلایەکی ترەوە لەزەتی حەسودی و بەغیلیش دەکەی بەوەی سەرکەوتنی ئەوانی ترتەنها پەیوەندی بەدەستی

قەدەرەوەیە.بۆیە دەڵێ " کەسە سەرکەوتووەکە سەرکەوتو نییە بەڵکو ئەوە قەدەرە ڕێگای خۆش کردووە بۆی بۆیە هیچ بەرزترو چاکتر نییە لە من".قەدەرو چارەنوس و خواوەند هەمویان یەک کاتیگۆڕییان هەیە تەنها بۆ ئەوەیە کە تۆ بەرپرسیارێتی و ئەرک بدەیتە شتێ کە بونی نەبێ.

لە سەرانسەری جیهاندا مرۆڤ ئەو شتەی کە بیەوێ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە دەیخایتە ئەستۆی قەدەرو، خواوەندو چارەنوس،کە هەموو ئەمانە ناوی جیاوازن بۆ شتێک کە بونی نی یە. بێ گومان ناتوانی خۆڵ و خاشاک فڕێبدەیتە بەردەم کەسێک یاخود دراوسێیەک کە بونی هەبێ و ئاگای لێ بێ ئەگەر جارێکیش بیکەی دەشێ ئارام بگرێ و قسە نەکات بەڵام بۆ جاری دووەم و سێیەم ملت دەگرێ و پێت دەڵێ " ئەوە لێرەم ئەگەر کەسی لێ نەبێ دەتوانی خۆڵ فڕێ کەسیش ڕێگیری ناکات ". قەدەرو چارەنوس بریتین لە چەند وشەیەکی وەکو جامێ و فیل هیچی تر، پشتیان پێ مەبەستەو فڕێیان بدە چونکە بەفڕێدانیان دەبیتە کەسێکی تەواو بەرپرسیار لە کردەوەکانت، هەتاوەکونەبیتە بەرپرسیاری خۆت هەرگیز بەهێز و سەربەخۆ نابی و تامی ئازادی ناکەی.دەتوانی ئازادیت هەبێ بەڵام دەبێ ئەرک و لێپرسراوێتی هەڵگری و بەتەواوەتی دەبێ پێی ڕازی بی.

ترسی ئازدی دەبینم تیادا بۆیە هەر بە کۆیلەی دەمێنیتەوە ئەگینا هەل وتوانای شاراوەت بۆ ڕەخساوە بۆ گەشە کردنی ئازادیت. واهەست دەکەی ئەگەر لە بەر پرسیاری ڕاتکرد ئازاد دەبی ؟ یاخود ئەگەر خۆت نەکردە بەرپرسیاری هزرو کردەوەکانت و بونت دەتوانی ئازاد بی لە هەموو بەرهەمی کردەوەکانت؟بێگومان نەخێر، تەنها

دەکاتە کۆیلە و لەمرۆڤایەتیت دادەماڵێ، هەموو قارەمانێتی یەکت لێ دادەماڵێ و نایەڵێ لەسەر پێ خۆت بوەستیت بەڕێکی بەڵکو دەکات کەسێکی قەمبوری چەماوە.وریایت و ژیریت گەشە ناکات ئەگەر ڕوبەڕوی بەرەنگاریەکان و تەحەدیەکان نەبیتەوەو دانی پیادا نەنێ، وەنابێ چاوەڕێ قەدەربی و بڵێ ی " کاتی خۆی هات، خوا گەورەیە، وەمنیش دەپارێزێ.."قەدەر نییە هەتاوەکو پەحمت پێ بکات تۆ تەنهایت لە بووندا، بەتەنهای دێت و دەمری، ئەمە خۆهەڵخەڵەتاندنە واهەست کەی کە هاوسەرەکەت، باوکت، دایکت، هاوڕێکەت لە گەڵت دەبن، بەڵکو تۆ تەنهایت لە نێوان لە دایک بون و مردندا. مەبەستم لەوە نییە کە پیاو یان ئافرەتت خۆش نەوێ بەڵکو ئەوکات کە دووکەس ئازاد بون و سەربەخۆ بون و بەرپرسیارێتیان گرتە ئەستۆ ئەوا جوانتر دەردەکەون.هیچ کەسێک لەجیاتی کەسێکی ترنانێژرێ و کەسیش نابێ هیچ شتێ بخاتە سەرشانی کەسێکی تر.دەتوانی لەگەڵ کەسێکی تربی بەڵام تەنهاییەکەت دەمێنێتەوە بەبێ دەست لێ دان و بەپاکی و کریستاڵی، نابێ هەرگیز سنوری هەرێمی یەکتر بشکێنن، دەتوانی چێژ لە یەکتر ببینن کاتێ کە سەربەخۆن لەیەکتر.

وشەکانی قەدەرو چارەنوس و خواوەند لەیاد بکە، مەهێڵە هەڵبخەڵەتێنرێ لە لایەن ئەستێرە ناس و دەست و مێشک خوێنەرەکان و یاخود ئەوکەسانەی کە پێشبینیت بۆ دەکەن. داهاتوو بونی نییە ئەگەر خۆت دروستی نەکەی، هەر شتێ بەیانی ڕوبدات ئەوا دروستکراوی خۆت دەبێ، ئەمڕۆ دەبێتە منداڵان وەبەیانیش دەبێتە منداڵ بوون.پەیامەکەم ئەوەیە کە بەرپرسیاری بخەیتە ئەستۆی خۆت بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەم بیرۆکەی قەدەر لە ئەندێشەتاندا بشکێنم.قەدەر

بونی نییە بەڵکو ئەوە خەیاڵی و ئایدیا خۆتانە دروستان کردووە، لەگەڵ ئەوئایدیایەدا شەڕ دەکەم نەک لە گەڵ شتێ کە بونی نەبێ، بۆیە ئەو ئایدیایە فڕێبدەن و هەموو بەر پرسیاریەکی ژییان بخەنە ئەستۆی خۆتان.ئەزمونی ژیانم ئەوە بووە هەر کاتێ بەرپرسیارێتم گرتۆتە ئەستۆ لەوکاتەدا دەرگای ئازادیم بەڕودا کراوەتەوە چونکە بەیەکەوە دەڕۆن (ئازادی و بەرپرسیارێتی " و") هەمو کەس ئازادی دەوێ بەڵام هیچ کەسێ بەر پرسیارێتی ناوێ، بۆ یە بەکۆیلەیەتی دەمێنیتەوە وەئەمەش لە ئەستۆی خۆت دایەو بەرپرسیاری لێ ی خۆت هەڵت بژاردووە نەک بەسەرت دا فەڕز کرابێ.کەواتە ئازادی لە گەڵ بەرپرسیارێتی دا دەبێ ئەمە لە کاتێکدا هەموو ئاینەکان داوات لێ دەکەن کە پشت بەقەدەرو چارەنوس ببەستی کە ئەمانەش ناوی جیاوازن بۆهەندێ شت کە بونیان نییە.

ئایە کۆیلەیت یاخود ئازادیت دەوێ. هەڵبژێرە. ئەگەر ئازادیت دەوێ ئەوا هەمو ئەو ستراتیجانە بڕمێنە کە تۆیان کردۆتە کۆیلە، ئەویش ئەوەیە کە من لێرەدا ئامارژەم پێ داوە، دەرباز بوون لە هەمو قەیدو زنجیرێک وەئازاد بون لە هەموشتێ بۆ ئەوەی تەنها خۆت بی.ئەوساتەی کەدەبیتە خۆت دەست دەکەی بەنەشونما و سەوز بوون و گوڵ دەست دەکات بەگوڵ گرتن و ناسکی و جوانی دەورت دەدات.

بەختەوەری چییە؟

بەختەوەری دیوەکەی تری نابەختەوەری یە.گەر بتەوێ بەختەوەر بی ئەوا دەبێ بەنابەختەوەری بمێنیتەوە.ئەم دەستەواژەیە زۆر دژبەیەکە (پارادۆکس) بەڵام واش نی یە،ئەمە ژیانە کە تەنها کەسی نابەختەوەر دەتوانێ بەختەوەر بێ.نابەختەوەری دروستکەری بارودۆخێکە کە تیادا بەختەوەری دەتوانرێ هەستی پێ بکرێ.گەر بۆ چەند مانگێک نەخۆش بوی بەڵام کاتێ لەشساغت گەڕایەوە یەکسەر بەشێوەیەکی سەر سوڕێنەر بەختەوەر دەبی.گەر بۆ چەند ساڵێک لەشت ساغ بێ دوربی لە نەخۆشی ئەو کات زۆر هەست بە بەختەوەری ناکەی تەنانەت سەرنجیشت بۆلای بەختەوەری ناچێ، بەڵام ئێستا کە لەشت ساغە هەست بە بەختەوەری دەکەی.ئەم بەختەوەری یە لە کوێوە دێت؟ لە نەخۆشییەوە دێ نەخۆشییەکەتە بەختەوەری دروست دەکات و دەبێتە کۆڵەکەی.

کاتێ پیاوێکی هەژار دەوڵەمەند دەبێ لە ڕادەبەدەر بەختەوەر دەبێ، بەڵام خەڵکی دەوڵەمەند بەختەوەر نابن چونکە دەوڵەمەندن هیچ هۆکارێک نییە بۆ بەختەوەربیان.هەتا زۆرتر دەوڵەمەند بی کەمتر بەختەوەرتری، ئەگەر بووی بەدەوڵەمەنترین کەس لە جیهاندا ئەوا هەموو بەختەوەری دونیا لە یاد دەکەی.ئەمە ئەوەیە کە هەموو پڕئێ پوو دەدات، بەختەوەری تەنها بەشێکە کە وەکو دورگەیەک وایە لە دەریایەکی نابەختەوەری دا.

تەنها بەندکراو دەزانێ ئازادی مانای چی یە، کاتێ دێتە دەرەوە لە بەندیخانە کەسەیری دارو درەخت و خۆرو ئاسمان و خەڵکی

دەکات وەهەست دەکات کە کەلەپچە لە دەستەکانی نییە ئەوکات دەزانێ کە ئازادی چی یە، بەڵام هەرزو لە یادی دەکات.

مرۆڤ ئاگای لە ئازادی یەکەی نییە؟ ئایا چێژت لە ئازادی یەکەت بینیوە؟ ئایا سەمات کردووە لە بەر ئەوەی کە دەستەکانت کەلەپچەنین و لە بەندیخانە نی ؟یاخود سەمات کردووە کە هەموو ئاسمان دەبینی بەبێ ئەوەی سەیری کونی کیلۆنی دەرگا کەی؟ نەخێر، لەبەر ئەوە هەرگیز هەستت بە بەختەوەری نەکردووە.

بەختەوەری بەشێکە لە نابەختەوەری بۆ یە نابێ ببێتە ئامانج و مەبەستت چونکە ئەگەر بتەوێ بەختەوەر بی دەبێ بە نابەختەوەری بمێنیتەوە، واتە کاتێ کەنابەختەوەری بۆ چەند ساتێکی کەم یاخود زیاتر دەبێتە بەشێک لە بەختەوەری.

ئامانج و مەبەستت نابێ بەختەوەری بێ بەڵکو دەبێ بڵێ "شادی بێ" (شادی پلەیەکی بالاترە لە بەختەوەری کەتەنها مرۆڤە عیرفانیەکان دەتوانن پێبگەن- وەرگێڕ) ، پرسیارم لێ مەکە لەوەی "کە بەختەوەری چی یە".گەر هاتووی بۆ ئێرە بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەری دا ئەوا دەگەیتە شوێنێکی زۆر هەڵە.هەوڵی من دروست کردنی "شادی یە" نەک بەختەوەری.بەختەوەری بێ بەهایە چونکە پشت دەبەستێ بەنابەختەوەری.شادی پلەیەکی بالا یە کە دەکەوێتە دوای دواالزمی نابەختەوەری و بەختەوەری یەوە.شکست دێ، سەرکەوتن بەدوای دا، ستایش و، سەرزەنشت دەکرێت، هەموو ئەمانە کە دژبەیەکن (دوالیزمن) بەدوای یەکدا دێ، دەبێ سەرنج و چاودێری بکەی لەوکاتەدا هێزی و رەهەندی سێ یەمت تیادا دروست دەبێ.دوالیزم

بەمانای دوو ئاڕاستە دێ.ئاڕاستەی یەکەم بەختەوەری یە ئەوەی تر نابەختەوەریە.چاودێری هەردووکیان بکە لە قوڵایدا هێزی سێ یەم سەر هەڵدەدات ئەویش ساکاشی یە. ڕەهەندی سێ یەم شادی لەگەڵ خۆی دا دێنێ و هیچ دژایەتی یەک دروست ناکات.ئەم ڕەهەندی سێ یەمە ئارامی و نەشوەیە نە ک هەڵچون و ئینفیعال.

ناتوانم پێناسەی بەختەوەری بکەم تاوەکو کەسایەتیت نەزانم، دەکرێ ئەوەی لای تۆ بەختەوەری یە لای براکەت و دراوسێکەت نابەختەوەری یە. بۆ ئافرەتان دانیشتن بە چەند کاتژێرک لە ژێر وشککەرەوەدا (موجەفیفە) یاخود هاوسەرەکانیان چەکی پارەکەیان بۆبێننەوە بریتی یە لە بەختەوەری.هەندێ ئافرەت هەیە بردنەوەی قومار بەختەوەریان دەکات.هەندێکی تر هەیە بە پشوو سەفەر کردن بەبێ هاوژین و منداڵەکانی بەختەوەر دەبێ. هەندێکی تر بە خۆ دەبن کاتێ بەئارەزوی خۆیان خواردن بخۆن بەبێ ئەوەی ترسی کالۆریپیان هەبێ. گوێم لێ بوو ئافرەتێکی خاوەن سااڵن وتی " بەختەوەری ئەوەیە کە گوێت لە دەنگی گارەگاری مریشک نەبێ". بەختەوەری هەستێکی خودی و شەخسی یە، دەشێ ئەوەی کە تۆ بەختەوەر دەکات یەکیکی تر نابەختەوەر بکات.بەختەوەری ڕاستی تیادا نییە تەنها خەوی خۆتە بۆ یە دەتوانی ئارەزوی هەر خەونێک بکەی کە بتەوێ.

بۆ هەندێک خەونی دەست کەوتنی دەسەاڵت بەختەوەری یە.هەندێکی تر هەبونی پارە بەختەوەری یە، بۆ هەندێکی تر پارە مەینەتی یە و بۆ یە بانگەشەی هەڵهاتن لە پارە دەکات یاخود لە

هێـزو دەســەڵات ڕادەکـات بـۆ جەنگـەڵ. تـەنهای بـۆ هەنـدێ کـەس بەختەوەری یە. کەواتە بەختەوەری کەوتۆتە سەرخۆت.

بـەڵام هـەرگیز تامـەزرۆی بەختـەوەری نـەبووم لـە بـەر ئـەوەی بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی پشـــت دەبەســـتێ بـــە پێچەوانەکەیـــەوە، هەرشتێکیش پشـتی بەست بـە دژەکـەی (پێچەوانەکەی)ئـەوا دابەشـت دەکات وەژیانیش بە دابەش کراوی ژیانە لە دۆزەخدا.ئارەزودەکەم شتێ بەدەسـتبێنم کـە پشـت نەبەسـتێ بـە دژەکـەی، شـادی هـاودژی نـی یە.گەیشتن بەماڵەوە، یاخود ببیتە کەسێکی ئارام و لەسـەرخۆو نـەرمو نیان بودا ئاسا یاخود بەتەواوەتی شاد بی.

ئاهەنگی ژیان بگێڕە، تەنانەت غەمباریش جوانە

بەهۆی هەڵسوکەوتەوە دەتوانی ئاهەنگ بۆ غەمباریش بگێڕی، بۆنموونە کاتێ غەمبار بوی واخۆت دەرمەخە کە غەمگینی، بەڵکو چێژ لە ساتی غەمگینی ببینە چونکە غەمگینی جوانی خۆی هەیە کە هەرگیز سەرنجت نەداوە. وا ڕاهاتوی، کە هەرگیز نەچیتە ناو ساتی جوانی غەمگینییەوە، ئەگەر سەیری بکەی سەرت دەسوڕمێ لەوەی کەچ گەنجینەیەکت لە دەست چووە بەوەی کە هەتا ئێستا سەرنجی غەمگینیت نەداوە.سەیرکە کاتێ کە دڵخۆشیت بە ئەندازەی غەمگینی هەرگیز قوڵ نیت، غەمگینی قوڵای هەیە، بەختەوەری ڕووکەشی هەیە، بڕۆ سەرنجی ئەوکەسانەی کە ناو دەبرێن بە بەختەوەر وەکو ئەو پیاو و ژنانەی کە لە هۆتێل و یانەکاندا و لە هۆڵی شانۆدا غەرق بوون لە چێژو پێکەنین و زەردەخەنە تەنها ڕوو کەشی و ڕوخسارە، هیچ قوڵاییەکیان نییە بۆی. ئاسودەی وەکو شەپۆلی دەریا وایە تەنها لە سەر ڕووی دەریاکەیە،بەڵام غەمگینی قوڵای دەریاکەیە، بۆیە کاتێ غەمباری وەکو شەپۆلی سەر ڕووی دەریاکان نی بەڵکو وەکو قوڵای زەریای هێمن وایە کەچەندەها میلی دەوێ بۆگەیشتنە قوڵاییەکەی کە بتەوێ سەیری کەی. بەختەوەری ژاوەژاوە غەمگینی هێمن و ئارامە.

بەختەوەری وەکو ڕۆژ وایە غەمگینیش وەکو شەو،واتە بەختەوەری دەشێ لە ڕوناکی بچێ و غەمگینیش لە تاریکی. ڕوناکی دێت و دەڕوات بەڵام تاریکی دەمێنێتەوە بۆ هەمیشەی، ڕوناکی هەندێ جار ڕوودەدات، تاریکی بەردەوام ئامادەیە.گەر بچیتە غەمگینییەوە هەموو ئەمشتانە هەست پێ دەکەی و بۆت دەردەکەوێ کە غەمگینی

وەکو شتێک وایە کە دەتوانی سەیری بکەی و ببینی و لەپڕ هەست بە ئاسودەی دەکەی.ئەوە غەمگینیە جوانی یە، گوڵی تاریکی و قوڵای نەمری یە،زۆر بێ دەنگ ومۆسیقی یە،هەرگیز ژاوەژاو و بێزار کەرنی یە.

کاتێ کە غەمگین دەبی واهەست دەکەی توشی شتێکی خراپ بووی،ئەمە تەنها لێکدانەوە یە بۆیە لە دواجاردا بڕیاری هەڵهاتن دەدەی لێ ی، دەتەوێ بڕۆی بۆلای کەسێک یاخود بۆ ئامەنگێک و یانەیەک یان تەلەڤیزیۆنەکەت دەکوژێنێتەوە تەنها بۆئەوەی لە غەمگینیەکەت لە یاد بکەی و بیرت بچێتەوە.ئەمەش هەڵسوکەوتێکی هەڵەیە کەوادابنێ ی غەمگینی هەڵەیە، هیچ هەڵەو خەوشێکی تیادا نیە بەڵکو جەمسەرێکی تری ژیانە. بەختەوەری جەمسەرێکی ژیانە غەمگینیش جەمسەرەکەی ترە. ژیان گەرتەنها ئاسودەی بێ ئەوا ڕوکەش و سادەیە بەبێ قوڵای، بەڵام ئەگەر غەمگینی بێ ئەوا قوڵای هەیە بەبێ ڕووکەشی.

ژیان بە ئاسودەی و غەمگینییەوە فرە ئاڕاستەیە، کە بە یەکەوە بە هەموو ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.سەرنجی بوودا بدە کە لە گەڵ ئاسودەیەکەی دا چەند غەمگینە. ووشەی غەمگینی تێگەیشتن و هەندێ شتی هەڵەت پێت دەبەخشێ، کەئەمەش لێکدانەوەی خۆتە. بەڵای منەوە ژیان بەگشتی باشە، ئەگەر بەگشتی و تەواوی لە ژیان تێگەیشتی ئەوکات دەتوانی ئاهەنگ بگێڕی، ئەگەر وانەبی بۆت ناکرێ. ئاهەنگ گێڕان بەمانای ئەوە دێ کە هەرشتێ ڕوبدات گرنگ نیە و سەمای خۆم دەکەم بەبێ قەیدو شەرت.ئاهەنگی ژیان دەگێڕم کە غەمگینی دەهێنێ، چی ڕوودەدات باڕوبدات گرنگ ئەوەیە ئاهەنگ گێڕان هەڵسوکەوتم و خوڕەوشتمە.

خۆشەویستی و ئازادی:

خۆشەویستی دەکرێ ببێتە قوربانی بۆ ئازادی بەڵام ناکرێ ئازادی ببێتە قوربانی بۆ خۆشەویستی.خۆشەویستی پێویستە بە تەواوەتی ئازادی جێ بەجێ بکات.بۆ ژیانێکی پڕناکترو بەچێژتر دەبێ زۆر نەرمونیان بی.دەبێ ئەوەت لە یاد بێ کە ئازادی بەرزترین بەهایە بۆیە گەرخۆشەویستی ئازادی پێنەبەخشی ئەوە خۆشەویستی نی یە. خۆشەویستی تەنها ڕێگادان نییە بە ئازادی بەڵکو بەهێز کردنێتیشی کەواتە هەردووکیان پێویستییەکی گرنگن. ئەمە وەکو ئەوە وایە ئەگەر بمانەوەێ بەتەنها یەک باڵ بەئاسماندا بفڕین، هەندێ لەخەڵکی باڵی ئازادی یان هەیە وەهەندێکی تر باڵی خۆشەویستی یان هەیە بەڵام هیچ کامیان ناتوانن بفڕن چونکە هەردوو باڵەکە پێویستن بۆ فڕین.

گەر خۆشەویستیت کرد پێویست بەتێکشکانی ئازادی یەکەت ناکات چونکە هەردووکیان بەیەکەوە دێنە بوون و دژایەتی لە نێوانیان دروست نابێ. کەسێکت خۆش بوێ بەڵام ئازادی ڕەهاشی پێببەخشە.گەر کەسێکت خۆش ویست لەسەرەتاوە ئەوە ڕونبکەرەوە کە ئازادی یەکەت نافرۆشی. خۆشەویستی بنچینەیە وە ئازادیش بەهەمانشێوە، بۆیە دەبێ هەردووکیان بەدی بهێنرێت. ئەگەر کەسێک پڕ بوو لە خۆشەویستی و ئازادیش دەبێتە جوانترین دیاردە لە جیهاندا، بۆیە کاتێ دوو کەس بەم هەموو جوانییەوە بەیەک بگەن پەیوەندیەکەیان تەنها پەیوەندی نابێ بەڵکو پەیوەندی کردنێکی

بەردەوامە وەکو پژانی پووبار وایە بەبێ وەستان و وە بەردەوام لە گەشە کردندایە بۆ بەرزترین لوتکە.

ئەگەر خۆشەویستی ئازادی پێ نەبەخشی ئەوا خۆ شەویستی نی یە، چەند دەتوانی خۆشەویستی بکە، هەرگیز بیر لە ساتی دواتر مەکەرەوە، ئەگەر خۆشەویستەکەت ڕۆیشت بۆ شوێنێکی تر لەوکاتەدا تۆش ئازادی بۆ کوێ دەڕۆی. ئازادی بەرزترین بەهایە لەچاو خۆشەویستی بۆ یە دەبێ بیپارێزی.گەر ئەمە گونجا ئەوە شتێکی سروشتی یە ئەوا ژیانت نابێتە مەینەتی. بە تەواوەتی یەکترتان خۆش بوێ بەڵام دەبێ ئازادیشتان بۆ فەراهەم بکرێ.

نابی هیچ نەهێنی یەک هەبێ بەڵکو دەبێ بەتەواوەتی ڕاشکاوین وە ڕێزیشی بگرن، هەرگیز بە ئامازەکانتان کەسەکەی تر والێ نەکەی هەست بەتاوان بکات.کاتێ کەوتیتە خۆشەویستی ئافرەتێکەوە ئەو ئازادە چونکە تۆ کەوتوتیتە خۆشەویستی لەگەڵ ئازادی دا.کاتێ کە ئافرەتەکەت هێنایە ماڵەوە ئەوا هەموو ئەگەرەکانی ئازدی بوون لەناو دەبەی وەلەم کاتی لە ناوبرنەدا جوانیش لەناو دەبەی.خۆشەویستی بەمانای بەخشینی هەموو جوانی یەکە بەخۆشەویستەکەت، وە ئازادیش جوانترین و بەرزترین ئامانجی هۆشیاری مرۆڤە چۆن دەتوانی لێ زەوت بکەی؟ بۆیە ئەگەر ئافرەتێکت یاخود پیاوێکت خۆش ویست یەکەمین دیاری و گفت کە پێ ی دەبەخشی دەبێ ئازادی بێ.

چاو چنۆکی چییە؟

مرۆڤ هەست بە بێ مانای و بەتاڵی و بۆشی دەکات بۆیە دەیەوێت پڕی بکاتەوە بەشتی بێ مانا، ئەم هەوڵ دانەش بۆ پڕکردنەوە هەندێ جار ناودەبرێ بەچاوچنۆکی.ئەم هەوڵەش شکست دێنێ چونکە هەچ شتێک کەڵەکەو لەسەر یەکی دابنێی دواجار لە دەروە دەمێنێتەوە ناتوانرێت بچێتە ناوەوەت.کێشەکە ئەوەیە کە ئەو چارەسەرەی کەتۆ بەدوایدا دەگەڕێ ئەوەنی یە، بۆنمونە هەست بەبێمانای دەکەی لە ناختدا دەتەوێ بە پارە جارەسەری بکەی و پڕیکەیتەوە، بەڵام ئەمە کارێکی گەمژانەو بێ ئاگایانەیە چونکە پارە کۆدەکرێتەوە و کەڵەکە دەکرێ لەدەرەوەی خۆت بەئەندازەی چییایەک ، وەکو چۆن چەندها لە خەڵکی هەن کە خاوەنی پارەن بەئەندازەی چیا کان.

ئەندرۆکارەنجی دەوڵەمەندترین پیاوی دونیا بوو، لەدوای خۆی گەنجینەیەکی گەورەی بەجێهێشت، کاتێ کەمرد فۆتۆگرافەرەکەی پرسیاری لێ کرد " ئایا بە تێڕی مردی؟" ئەندرۆ چاوەکانی کردەوە و وتی "نەخێر پیاوێکی زۆر ناشکور بووم، هەموو ژیانم شکستە، وە مردیشم بە ناتەواوی " فۆتۆگرافەکە سەریری سوڕماو وتی "بەڵام ئۆ پارەیەکی زۆرت هەیە کە هیچ کەسێ بە قەدەر تۆی نی یە، بەڵام بۆچی هێشتا تێڕنابی و پڕ نابی؟"ئەندرۆ پێکەنی و وتی " بەڵێ هەمان ئەقڵیەت و لۆجیک هەموو ژیانمی وێران کرد چونکە وام دەزانی ئەگەر بتوانم پارەی زۆرترم هەبێ ئەوا باشتر دەبم.ئەوەتا ئەمە هەموو پارەیە بەڵام ژیانم لەدەست دا بەهۆی کەڵەکەکردن و کۆکردنەوەی بەڵام لە

ناخدا بەتاڵ و بۆشم، لەڕاستی دا هەرگیز ئەوەندە هەستم بە بۆشی دەرونی نەکردووە چونکە کاتێ هەژار بووم...." ئەندرۆ بەهەژاری لەدیک ببوو، وەهیچ پارەیەکی بۆ جێنەما بوو،بە هەوڵی خۆی پارەی پەیدا کردبوو، لە ڕۆژێکدا هەژدە کاتژێر کاری کردبوو، تەنانەت سوالّکەرەکانیش ئەوەندە هیلاک نەدەبوون، هەموو ژیانی چیرۆکێک بوو لە چاوچنۆکی.ئەزمونی ژیانی گرنگ بوو چونکە ووتی"کاتێ کە هەژار بووم هیوایەک هەبوو بەوەی ڕۆژێک دێ دەوڵەمەند دەبم ئەوکات باشتر دەبم، بەڵام ئێستا هیوام لەدەست داوە چونکە ئێستا دەوڵەمەندم بەڵام هەژارییەکەم هەر وەکو خۆی ماوە."

چاوچنۆکی هەوڵێکی نائەقڵانی مرۆڤە بۆ بەماناکردنی ژیانی، بەڵام گۆڕان لە چەندایەتی دا نابێتە هۆی گۆڕانی ژیانت چونکە گۆڕانکاری یە تەنها بەئاڕاستەی چەندایەتی دا.

ئەوەی کەپێویستە گۆڕانکاری چۆنێتی یە لە بوونتدا، ژیانت پێویستی بە ڕوناکی پڕۆ دەوڵەمەندی ناوەوە هەیە. دەوڵەمەندی دەرەوە یارمەتیت نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆشیارت دەکات بە هەژاری ناوەوەت.گەر یەک ملیۆن دۆلارت هەبوو هیچ ڕوی نەدا چۆن دەتوانی ئاوەتەخوازیی کە دوومليۆن گۆڕنکاری بکات؟گەر یەک ملیۆن هیچی پێ نەبەخشی ئەوا دوومليۆنیش هیچت پێ نابەخشێ.گەر یەک ملیۆن خۆشیەکی بەناخت بەخشی ئەوا دوومليۆن دەیکاتە دوو ئەوەندە و زیارتریش. بەڵام خەڵکی هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی لاشعوری دەڕۆن و هەمان شت دوو بارەدەکەنەوە داوای زیاترو زیاتر دەکەن.

چاوچنۆکی بریتی یە لە ئارەزوکردنی زیاتر بەبێ ئەوەی پوچێتیەکەی ببینی،گەر شتێکی کەم هیچی پێ نەبەخشی ئەوە بەزیاتریش هیچ شتێ پونادات.بەبێ ناسینی سروشت و ناخت بەرەو هەڵدێر و لاڕێدا دەڕۆی. هەموو ئەوشتانەی کە دەیکەی تەنها لاسایکردنەوەی ئەوانی تره، لەبەر ئەوەی خەڵکی دوای پارە کەوتون بۆیە تۆش دوای دەکەوی، تۆ تەنها کەسێکی لاسایکەرەوەی گەمژەی.کەسی هۆشیار هەرگیز نابێتە لاسایکەر، یەکەم جار هەوڵ دەدات سروشتی خۆی بناسێ و نابێ دوای ئەوانی تر بکەوێ تەنها دەبێ گوێ لە ناخی خۆی بگرێ.یەکەمین شت کەدەبێ بکرێ بێ دەنگی و تێڕامانێکی قوڵە کە وات لێ دەکات گوێت لەدەنگی ناخی خۆت بێ و بەلاڕێدا نەڕۆی.

خەڵکی گیرۆدەی گرێ هەست بەکەم زانینن بۆ یە پەنادەبەنە بەر بەراورکردن لەگەڵ کەسانی تردا. لە ڕاستی دا هەموو کەسێ تایبەندمەندی خۆی هەیە بۆیە هەموو بەراورد کردنێ بەتەواوەتی هەڵە یە، بەڵام تۆ جیاوازی و تایبەت مەندیەکەی خۆت نازانی و ناتوانی بچیتە ناو بوونی خۆت و وەهەرگیز لە گەڵ خودی خۆت دا بەریەک نەکەوتوی.

تەنانەت گەورەپیاوانی مێژو، کە تۆ بەگەورەیان دەزانی ئەوانیش هەستی گرێ بەکەم زانینیان هەیە دەشێ بەشێوازی زۆر جیاوازتر دەربڕن، هیچ کەسێ هەستی بڵند بوونی (پێچەوانەی هەستی بەکەم زانین) نی یە، هەمیش واهەست دەکەن شتێکیان لێ وون بوە،یاخود واهەست دەکەن کەوەکو کەسێکی تر جوان نەبن یاخود لەش ساغ

نەبن وەکو کەسەکانی تر یان مۆسیقاژەنێکی گەورە نەبێ لەچاو یەکێکی تردا، لەوانەشە سەرۆکی وڵات بێ بەڵام کاتێ گۆرانی دەڵێ دەشێ سوالکەرێک هەستی بەکەم زانینی تیادا دروست بکات.

ژیان پێک دێ لەملیۆنان شتی جیاواز ئەگەر بەردەوام لە بەراورد کردنا بی وەکو ئەوەی کە پێت دەوترێ و پەروەردەکرێ بەم ڕێگا گەم ژانە بۆنمونە دەڵێن فلانە کەس بالای بەرزترە لەتۆ، ئەوکەسە لەتۆ جوانترو زیرەکترو بەڕەوشترو دیندارترو ڕوحانی ترەلەتۆ لەم کاتەدا تۆ هەست بەگرێ بەکەم زانین دەکەی و دەناڵێنی پێویەی.

گەر سەیرێکی خودو ناخی خۆت بکەی و ئەزمونی تایبەند مەندی و جیاوازی یەکەی خۆت بکەی ئەوا هەست بەکەم زانین دیار نامێنێ کە بەڕەوەدەیەکی هەڵە دروست بووە کە ئەویش ستراتیجی بەراورد کردنە.گەر جیاوازی و توانای خۆت زانی ئەوا خۆش بەخت دەبی و پێویستت بەوە نییە دوای کەس کەوی.

دوای هەموو کەس کەوەو شتیان لێ فێریە، ئەگەر کەسێکی ڕۆشنبیر بی سود لە شێتێک ببینە چونکە هەندێ شت هەیە تەنها لە شێتەکان دەتوانی فێر بی لە بەر ئەوەی ئەوان بەئەزمونن لە شێتی دا. هیچ نەبێ تەنها سەرنجیان بەو سەیریان کە دەتوانی بەوە لە چەندەها شت لە ژیان دورکەویتەوە.دەتوانی لە هەموو شتێک سود ببینی و فێر بی نەک تەنها مرۆڤ بەڵکو لە گیانلەبەران و دارو درەخت و هەورەکان و ڕوبارەکان....بەڵام بەبێ لاسی کردنەوە. ناتوانی ببی بە ڕوبار بەڵام دەوانی هەندێ کارەکتەری ڕوبار فێر بی وەکو ڕشتن و ڕژان و بەردەوامی،دەتوانی هەندێ شت لە گوڵ فێر بی بەڵام ناتوانی

ببیته گوڵ، کەگوڵە باخ دەبینی زۆر ناسک و جوانە وە لە بەرامبەر
ڕەشەبا و خۆڕو باراند زۆر بەهێزە ، وەلەئێواراند نامێنێ بەڵام گوڵ
نداتێ گرنگ ئەوەیە لەئێستادا چێژ وەردەگرێ.کەواتە دەتوانی ئەوە
بی لێی کە چۆن تۆش لە ئێستادا بژی.لەبارانبارێندا و لە بادا گوڵ
باخ سەمادەکات بەبێ ترس و گوێدانە دواڕۆژ واتە لەئێستادا دەژی.

هەندێ شیت لە گوڵ فێربە وەهەندێکی تر لە باڵندە بەتایبەت
باڵەکانی کە چۆن بوێری داوەتە باڵندەکە کە بێسنور بڕوات. لەهەمو
سەرچاوەکان فێربە بەڵام لاسایی نەکەیتەوە.ئەمەش کاتێ دەبێ کەتۆ
خودی خۆتت ناسی. چاوچنۆکی دیار نامێنێ چونکە ئاشنا نییە بەخود
بەڵام کاتێ بەدەر دەکەوێ کە تۆ سەیری خودی خۆت نەکەی و ئاشنا
نەبی پێی، بۆیە هەست بە بەتاڵی و بێ مانای دەکەی وە هەوڵ دەدەی
بەهەمو شێوەیەک بەتاڵی و بۆشێیەکەت پڕی کەیتەوە،
کەناتوانی پڕیکەیتەوە. ئەزمونی بکە کە بەتاڵی و بۆشی تەنها لەدیری
دەرەوەڕا بە بەتاڵی دەبینی بەڵام ئەگەر چوبیتە ناوەوەی ئەوا فۆل و
پڕە بە جۆرو گەورەی و بێ کۆتای خۆی و هەرگیز بەتاڵ نی یە. پڕە
لە جوانی بێ دەنگ و پاک و بێ گەرد، وە ئەو کات بە چاوێکی بەتاڵ
و نێگەتیف سەیری ناکەی بەڵکو پڕە لە گەورەی بڵندی.

ئەمە پەیامی زێنە : کە ئەزمونکردنی بەتاڵی و بۆشێکەت
بەتەواوەتی دەبێتە پڕی و کامڵی وەلەدویدا هەموو چاوچنۆکی بەرەو
نەمان دەچێ، ئەمەش تەنها ڕێگایە ڕێگای تر نی یە.

ئازادی و بەرپرسیارێتی:

پرسی ئازادی و بەر پرسیارێتی یەکێکە لە هەرە پرسەنەمرەکان. ئەگەر ئازاد بووی وا لێکی دەدەیتەوە کە بەرپرسیارێتی بوونی نامێنێ، وەکو ئەوەی کە فریدریک نیتچە سەد ساڵ لەمەو پێش بانگەشەی ئەوەی کرد کە "خواوەند مرد،وەمرۆڤ ئازادە" وەڕستەکەی تری ئەوەبوو " بەر پرسیارێتی نییە دەتوانی هەرچی یەکت بوێ بیکەی، خواوەند مرد، مرۆڤ ئازادە بە،بەرپرسیارێتی نی یە". کە ئەمە بەتەواوەتی هەڵەیە، چونکە ئەگەر خواوەند نەبێ ئەوا لە ئەندازە بەدەر بەرپرسیارێتیت لەسەر شانە، بەمانایەکی تر ئەگەر خواوەند هەبێ ئەو کات ئەو هاوبەش دەبێ لە بەرپرسیاری دا چونکە دەتوانی بەرپرسیارێکەت بخەیتە ئەستۆی ئەو وەبڵێ "ئەوە تۆی کە ئەم جیهانەت دروست کردووەو بەم شێوەیە دروستت کردووم، ئەوە تۆی لە دواجاردا بەر پرسیاری، من مەخلوقێکم تۆش خالق، بۆ لەسەرەتادا تۆوی خراپەکاریت و گەندەڵیت لەمندا چاندووە ؟ تۆ بەر پرسیاری من ئازادم".

گەر خواوەند نەبوو، مرۆڤ بەتەواوەتی بەرپرسیاری کردەوەکانێتی چونکە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ فرێدانی بەر پرسیارێتی بۆ یەکێکی تر.مرۆڤ تەنهایە هەچ شتێ بکەی خۆت بەر پرسیاری، ناتوانی بڵێ کەسێکی تر زۆری لێکردووم، لە بەر ئەوەی ئازادی هەچ شتێ بکەی یاخود نەیکەی ئەوە دواجار بڕیاری خۆتە.

لەگەڵ ئازادیدا بەرپرسیارێتی دێتە بوون، ئازادی بەرپرسیارێتی یە، بەڵام ئەقڵ زۆر گاڵتەجارە چونکە بەگوێرەی خۆی تەفسیری

دەکات و تەنها گوێ لەوە دەگرێ کە دەیەوێت گوێی لێ بێ وەهەرگیز نایەوێ هەوڵ بدات لەڕاستی تێبگات.

خەڵکی لە قسەکردن بەردەوامن سەبارەت بە ئازادی، بەڵام ئازادییان وەکو خۆی ناوێ تەنها نابەرپرسیارێتییان دەوێ، داوای ئازادی دەکەن بەڵام لاشعوری یەن داوای نابەرپرسیاری دەکەن.ئازادی پێگەیشتنە ، دەرچونە لە منداڵێتی، وەکاتێ لەبارو گونجاوە کەتۆ کامڵ بی و بتوانی هەڵگری بەرپرسیارێتی ئازادی بی.

دونیا ئازاد نییە چونکە خەڵکی پێگەشت و کامڵ نین. چەند سەدەیەکە شۆڕشەکان چەندەها شتیان کردووە بەڵام هەموو ئەم شتانە شکستیان هێناوە، یۆتۆپي و خەیاڵ پڵاوەکان بەبەردەوامی لە بیر کردنەوەی ئەوە دابوون کە چۆن مرۆڤ ئازاد بکرێ بەڵام هیچ کەسێکیان بۆ نەکرا چونکە دەبێ مرۆڤ سەرەتا کامڵ و پێگەیشتوو بێ.تەنها بوودا و مەهاڤاراو مەسیح و زەردەشت محمد (د.خ.. وەرگێڕ) توانییان ئازاد بن چونکە ئازادی بەمانای بەئاگای مرۆڤ دێ لەئێستادا.

کاتێ دەوڵەت و حکومەت و پۆلیس و دادگا پێویستن ئەگەر بەئەئاگاو هەستیار نەبووی، بۆیە لەوکاتەدا ئازادی لە هەموو شوێنێ دادەبڕێ و تەنها بەناو بوونی دەبێ لەڕاستی دا هەر نامێنێ، چۆن ئازادی دەبێ ئەگەر حکومەت هەبێ ؟ ئەمە مەحاڵە بەڵام چی بکرێ؟ چونکە ئەگەر حکومەت نەمێنێ دەبێتە بەرەڵای و ئانارشێت. ئازادی نایەت بەلاچونی حکومەت بەڵکو دەبێتە بەرەڵای و لە بارودۆخێکی خراپتر لە ئێستا و بەرەو لێواری شێتێتی دەڕوات، بۆ یە پۆلیس

پێویستە چونکە تۆ هۆشیار نی بۆیە ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێ پۆلیس هەبێ لە هەمو شوێنێکدا بەڵام ئەگەر خەڵکی هۆشیار بوون دەتوانرێ پۆلیس لابرێ چونکە پێویست ناکات.

کاتێ کەدەڵێم" ئازادی" مەبەستم هەڵگری بەرپرسیاری یە، هەتازیاتر هەست بە بەرپرسیاری بکەی زیاتر ئازادی یان تا زیاتر ئازاد بی بەرپرسیارێتێکەت زیاتر دەبێ. کەواتە دەبێ زۆر هۆشیار بی لەوەی کە دەیڵێ و دەبکەیت تەنانەت بەرامبەر ئامانجەکی بێ ئاگایانەش چونکە کەس کۆنترۆڵت ناکات تەنها خۆتی.کاتێ دەڵێم تۆ ئازادی واتە تۆ خواوەندی نەک هەڕەمەکی و بێ سەرەبەری بەڵکو دیسپلینێکی بێ شومار.

پەروەردە چیە؟

پەروەردەکردنمان هەموی پۆتینەو دەتکاتە کارەندو پۆلیس و پۆستەچی و بەرێوبەری وێستگە، یاخود بریکار. ژیان و خۆشەویستید پێ تابەخشن بەڵکو تەنها بڕێوی. یەک لەسەرسن پەروەردکردنمان دەبێ بۆ مەعیشەت و بڕێوی بێ. یەک لەسەر سێ تر بۆ تەندروستی و ڕێگای ماندو بەگەنجێتی و تەمەنی درێژ بێ، یەک لەسەرسێ ترێ دەبێ کە ئوا بەشە و تۆز گرنگە بۆ خۆشەویستی و مردن و تەمێنینی خودی ژیان بێ. ئینجا دەبێتە پەروەردەیەکی تەواو کامڵ.

دەتوانین لەڕێگای پەروەردەوە مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی تەندروست و گەنج و پڕ لەشادی و خۆشەویستی دروست بکەین کە هەموو تەندەکانی هاوبەشی تیادا بکەن چونکە هیچ کەس بەهێز تر نییە لەسەر زەوی هەموو زەوی یەک خێزانە.

هەموو پەروەردە تەنها وەکو بەشێک لە مێشک و ئاوەز دەمێنێتەوە، تابێتە دروست بونی ئاگای و هۆشیاری بەڵکو تەنها مێشکت پڕ دەکات لە زانیاری و وەکو کۆمپیتەرێک ماماڵەت لەگەڵ دەکات.بەرژەوەندی و ئارەزوی کۆمەڵگا ئەوەیە کەچۆن بچەوسێنرێتەوە و کۆیلە بکرێی یاخود چۆن بەباشترین شێوە وەکو ئامێرێک بەکارت بێنێ. کۆمەڵگا هەموو پەروەردەیەکت پێ دەبەخشێ تەنها بۆ ئەو مەبەستە شارلومو نەمێنیانە، وەڕێگریت لێ دەکات لە هەموو مێدیتەیشن و تێڕامانێک.

پەروەردەکردنمان تەنها لە سەر فێرکردن دەڕوات و بۆیە بەتەواوەتی تێکدەرە، بەتاوی پەروەردەوە بەرەو ئاپەروەردەیمان

دەبەن، دەبێ بەتەواوەتی بگۆڕێ و بگواستڕێتەوە و چەمکەکانی وەکو پێشبڕکێ و سەرکەوتن و تەماع بەتەواوەتی بهێنڕێتە دەرەوی مێشکی ئادەمیزاد کە ئەمەش گونجاوە. پەروەردە لەجیاتی ئەم شتە ناشیرین و قێزەونانە بڵێتەوە پێویستە خەڵکی فێری ئەوە بکات چۆن بەتەواوەتی و چڕو پڕی باشتر ژین بەسەر بەرن و خۆشەویستی بکەن، وەژیان جوانتر بکەن بەبێ بەراورد کردن لەگەڵ ئەوانی تردا بەڵکو تەنها بۆساتێ لە ئارامی بێ.

ئاین و پەروەردەکەت فێری لاسای کردنەوەت دەکەن هیچ کەس پێت ناڵێ" *تەنها خودی* خۆت بە، ئەمەش ڕێگای بەهەشتە". بەردەوام دەبن دەڵێن " لاسایی بکەرەوەو دوایان کەوە، ببە بەمەسیح و بودا " بەڵام هەرگیز ناڵێن " خودی خۆت بە و پشو بدەو چێژ لە بونت ببینە وە ووزەو توانا شاراوەکەت بگەیەنە لوتکەی پێگەیشتن".

ئاسانیاسن (ئاینێکی ڕوحی هیندیە. وەرگێڕ) پێک دێ لە دوو بەش : بێ دەنگی، ئاشتی، ڕوناکی، وە سیفەتەکانی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بەشەکەی تریشیان بریتی یە لەیاخی بوون دژی هەموو نادادپەروەرییەک کە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی دەکرێ.پەروەردەیەک کەمیانڕەوبێ و تەنها معلوماتی نەبێ وە گۆڕانکار بێ دەتوانێ هەل و چانسی یەکسان فەراهەم بکات بۆ کۆمەڵگایەکی ڕەسەن کەتیادا تاکی ئازاد بەباشترین شێوە گەشەبکات.

پەروەردە لەبەرئەوەی ناتوانێ بگاتە دیوی ناوەوەت وەڕوحت بپێکێ بۆیە ئاشتی و بێ دەنگی و بەختەوەریت بۆ دروست ناکات.دەشێ پەروەردە بتکاتە پزیشک و ئەندازیار و پڕۆفیسۆر بەڵام ناتوانێ ڕوحی گواتەم و بوودا تیادا دروستبکات.

مانـای پاسـتەقینەی " پـەروەردە " بریتـی یـە " لەپاکێشـان" بەڵام ئەوەی کە پەروەردەی ئێستا بەکاری دەهێنی بریتـی یـە " لـە کردنە ناوەوە بەهیز" ئەویش ئەوەیە زانیـاری و زانـین لـەدەرەوە بـەزۆر دەکرێتە مێشکی منـاڵانی بێ گەردو بێ تاوانەوە.

پەروەردە بە بۆچونی من سەرەتا تـەنها تێڕامـان و مێدیتەشنە ئینجـا پڕۆسـەی پەروەردە،واتـە دەبـێ یەکـەم جـار گرنگـی بـدرێ بـە پەروەردەی مێدیتەشن و تێڕامانی ناوەوە.هەتاوەکو لەگەڵ خودی خۆت دا ئاشنا نەبی هەموو زانیاریەک بێ سوود دەبێ، بۆیە پـێش پـەروەردە تێڕامان دەبێ هەبێ.پەروەردەو فێرکردنی جوگرافیا، مێژو، بیرکـاری باشن بۆ دونیای فیزیکی و دەرەکی بەڵام باش نییە بۆ دونیای ناوەوەی مرۆڤ. دەتوانی بەردەوام بی لە کەڵەبونی نمرە

بەڵام جیهانی نـاوەوەت بەبـە تـاڵی دەمێنێتـەوە. نمـرە دەتـوانێ خەڵکی گەوج و گێل بکـات تەنانـەت لـە گـەڵ خـودی خـۆش دا بـەڵام ناتوانێ ئارامی و خۆشی و ئاشتی و سۆزی بودات پێ ببەخشێ. ئەگەر پـەروەردەو فێرکـردن دوو بـاڵی نـەبوو نـاتوانێ بـە ئازادییـەکی تـەواو بفڕێ لە ئاسماندا. پەروەردەی ئێستا تەنها یەک باڵی هەیە ئەوی تریان ون بووە، بۆ دەبێ باڵەکەی تر نـەمابێ ؟ چونکـە قەشـەکان نایانـەوێ ببیتە کەسێکی مێدیتەیشن.

بەڵای منـەوە پـەروەردەی نـاوەوە دەبـێ یەکـەم جـار بـێ ئینجـا شتەکانی تر، " ناسینی خود" بـەنرختـرین پـەروەردەیـە چونکـە دەبێتـە ئاشنابوون لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا.گەر مرۆڤ خودی خۆی نەناسی پەروەردەو فێرکردن بەکار دەهێنێ بۆ چەوسانەوەی خـەڵکی و دروسـت کردنی هەژاری.

بێگومـان پـەروەردە پێویسـتە بـەڵام پـێش ئـەوە تێڕامـان و مێدیتەیشن گرنگە، هەرکەسێ کە قۆناغی خوێندن تەواو دەکات ئەگەر ببێتـە ئەندازیار یـان دکتـۆر و پرۆفیسـۆر دەبـێ لـە تـاقی کردنـەوەی مێدیتەشنشـدا دەرچـێ. هـەموو کـۆلێج و دانیشـگایەک پێویسـتە خوێندکاران کلاسـی تایبـەتیان هـەبێ بـۆ مێدیتەشـن، تەنانـەت دەبـێ خەڵکی دەرەوەش فێری مێدیتەشـن بکـرێن ئەگەر لـە گـەنجێتی دا فێر نـەکرابن. مـرۆڤ کـاتێ پەروەردەیـەکی تـەواو دروسـت دەکـرێ کـە لـەدەرەوە و نـاوەوەدا پـەروەردەی دروسـت کرابـێ. پێویسـتە خـەڵکی دروست بکەین کە بتوانن هەموو ستراکچەرێکی چەوسـانەوە بگـۆڕێ بـە خۆشەویستی و سۆز لە دیموکراسیدا.

دەبێ ڕێگاکانی پەروەردە بدۆزینەوە بۆمنالان کـە تیـادا بتـوانن یاری و گەمە بکەن لە بەر خۆر هەتاودا ئینجا فێری بیرکـاری و فیزیـان بکەین چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە وانەی فیزیاو بیرکاری بە ئەندازەی یاری بەر خۆر گرنگ نی یە.هەموو کەسێ نابێ بە ئەلبێرت ئەنیشتاین، وە ئەوەشی کە دەبێ بەیاری کردنی بەر خۆر بێزار نـابێ، خۆشیشـیان لە فیزیا بریتی یە لـە شـیعر، بۆیـە ئەمـە جیـاوازە بەتـەواوەتی چونکـە گەشە کردنیان ڕێگری لێ ناکرێ و تاوان دروست نابێ.

بۆچـونی مـن لەسـەر پـەروەردە ئەوەیـە کـە نـابێ ژیـان ببێتـە ململانێ بۆمانەوە، دەبێ ببێتە ئاهەنگ و خۆشـی.ژیـان تـەنها کێبڕکـێ نییە بەڵکو چێژیش و گۆرانی و سـەماو شـعرو مۆسـیقاو وێنەیە،هـەموو ئەوشتانەیە کە گونجاوە لە گـەڵ جیهـانی پـەروەردەدا، دەبـێ ئامـادەت کات بۆ کەوتنە ناو ئاوازی دار ودرەخت و باڵندەکان و ئاسمان و خۆرو مانگەوە.

پەروەردە پێویستە ئامادەت بکات کە خودی خۆت بی بەڵام ئێستا پەروەردە ئامادەت دەکات بۆ بونە لاسایکەرەوە،فێرت دەکات چۆن لەوانی تربچی ئەمەش دژی پەروەردەکردنە.پەروەردەی ڕاست ئەوەیە کە فێرت دەکات بەشێوەیەکی جەوهەری خۆت بی، تۆ جیاوازی کەس لە تۆ ناچێ هەرگیز نابێ لەکەسی تر بچی.،ئەمەش گەورەترین ڕێزە کە خواوەند بەسەرت دا ڕژانوێتی، ئەمە سەرکەوتنتە کە تۆ جیاوازو تایبەت مەندی، ئەوەی کە ناوی دەنێ پەروەردە دەتکاتە کاربۆنی کۆپی و دەموچاوە ڕاستەقینەکەت دەشێوێنێ.

وشەی پەروەردە دوو مانای هەیە کەهەردووکیان جوانن، مانای یەکمیان سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ناسراوە بەڵام هەرگیز بەکار ناهێنرێ بریتی یە لە دەرهێنان و ڕاکێشانی هەندێ شت لە تۆدا."پەروەردە" مانای ڕاکێشانی ئەو توانا ڕاستەقینە شاراوەیەی کە لە تۆدایە وەکو ڕاکێشانی ئاو لە بیردا.

پەروەردەی ڕاست ئەوەیە کە ئەوەی شاراوەتەوە لە تۆدا ڕاکێشێتە دەرەوە وە ئەو گەنجینە شاراوەی کە خواوەند تیادا داناوی بیدۆزێتەوە و ئاشکرای کات وە ڕۆشنت کاتەوە. پەروەردە لە تاریکی یەوە بەرەو ڕوناکیت دەبات،ئەمە ئەوەیە کەلێرەدا دەیکەم. پارمەر (حکومەتی هیندی..وەرگێڕ) وتی پێم کە حکومەتی هیندی کاری پەروەردەیەکەمی پەسند نەکردوە، ئەمەش سروشتی یە چونکە من کارمەندو بەڕێوبەری وێستگەم دروست ناکەم بەڵکو مرۆڤی نوێ دروست دەکەم کە ئەمەش مەترسی دارە بۆ یان بۆیە ڕێگا نادەن بەڕودانی چونکە ئەمە یاخی بوونە.

ئەوەی کە ناوی دەبەم پەروەردە ئەوەیە کە خەڵکێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر دروست بکەی، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و هەڵگای ڕۆتین نامینێتەوە، ئەگەر بشمێنێتەوە تەنها لە لاشعورت دا دەمێنێتەوە.

هەموو سستمی پەروەردەیمان گێلیە یە، کە ئامادەت دەکات بۆ جیهانێکی کەلەوە زیاتر بونی نابێ، ئامادەت ناکات بۆ جیهانێک کە تازە دێت و هەڵدێت، بۆ یە بە ناتەبای دەمێنیتەوە.

بۆیە ئەگەر دوای ئەم پەروەردەیە بکەوی ناتوانی بە ڕاستی بژی و هەست بەوە دەکەی کە لەگەڵ ڕۆژگاردا نی.

لەجیهانێکی پێشکەوتودا منالاّن سەرپشکن و ئازادن بۆیە هەوڵی دایک و باوکان ئەوەیە کە منالّەکانیان ڕابێنن بۆ کارهێنانی توانای خۆیان.ئەوەت لە یاد بێ هەموو پەروەردەی ئێستا ئامادەت دەکات بۆ شەڕکردن وململانێ و دوژمنکاری نەک بۆ هاوڕێیەتی و خۆشەویستی.

تێگەیشتنی ترس لە مەرگ!

هەمیشە مەرگ وەکو سێبەرەکەت ئامادەیە، دەبێ لێی بەئاگا بی، ئەگەر هۆشیار ش نەبوی پێ ئەوا لە یەکەم ساتی ژیانتەوە بەدواتەوەیە تا دوا ساتەکانی ژیانت. مەرگ پرۆسەیەکە وەکو پرۆسەی ژیان وەبەردەوام بەیەکەوەن وەکو دوو تایەکەی عەرەبانە، ژیان بەبێ مەرگ بونی نابێ وە مەرگیش بەبێ ژیان نابێت.

ئاوەزمان(ئەقڵ) ئارەزویەکی شێتانەی هەیە، تەنها ژیانی دەوێ و مەرگی ناوێ:

سەیری ڕاستی سروشت ناکەین تەنها گیرۆدەی ئارەزوە شێتەکانمانین، هەر ئارەزویەک دژی سروشت بوو شێتانەیە، ئەم ئارەزووە (شێتانە... وەرگێڕ) نەک لەمرۆڤدا بەڵکو لەهەموو زیندەوەرێکدا بوونی هەیە، تەنانەت دارودرەخت لەمردن دەترسن، بەڵام دارودرەخت پشت گوێ خراون لە بەر ئەوەی بوونەوەری ژیر نین بەڵکو تەنها ناهۆشیارن و لە خەوێکی قوڵدان.تۆش تەنها کەمێک بەئاگای، دەتوانی هەست بە ئامادەبونی مەرگ بکەی و وە ئەگەری ئەوەی کە قوڵتر تێبگەی لەوەی کەژیان و مەرگ بەیەکەون دوو هێزی بەهێزی یەک وزەن. ژیان هێزێکی کارەبای پۆزەتیڤە مەرگ تەزویەکی کارەبای نێگەتیڤە بەڵام ناتوانرێ لەیەک جیابکرێنەوە.

کاتێ دەڵێ ی " کە هاتم بۆ ئەم گوتارە، دڵم بەترسەوە لێی دەدا، وەکو ئەوەی بەرەو مردن بڕۆم." ئەو کەسانەی کە هۆشیارن دەزانن کە مەرگ ئەگەری هەیە لە هەر ساتێکدا لە گەڵ خۆی دا بتبات، ئەم هۆشیاری یە یارمەتیت دەدات کە بەقوڵی لە ئێستادا بژی

چونکه مەرگ لە پەگەوە هەڵت دەکێشێ بەبێ ئەوەی پرست پێبکات و ئاگادارت بکاتەوە بڵێ " وامن هاتم."

بە سادەی و هێواشی دێ، تەنها ئەوەندە دەزانی کەدێ ، گەمەش گەورەترین نەهامەتی نییە ئەگەر چانس و هەلی ژیانت نەما.

ژیان هەلە مەرگ کۆتای ڕێگاکەیە:

گەر لە مەرگ تێگەیشتی ژیانت چڕو پڕدەبێ، بەڵام ئەگەر تێنەگەشتی ئەوا مەرگ بەسەرت دا زاڵ دەبێ و کۆنترۆڵت دەکات و هەڵت بەترسەوە لێدەدات.ترس هەرگیز یارمەتەت نادات بەڵکو دەبێتە هۆی داپۆشینی زیاتری مێشک، ترس نایەڵێ لە مردن بگەین.

بۆیە هەر کاتێ هەستت بەترس کرد ئەوە هەلێکی باشە بۆ تێگەیشتن لەوەی کەژیان کاتی یە و وە زوو نامێنێ هەمان پێکهاتەیە کە خەوی لێ دروست بووە. لە ڕاستی دا خەون لە کاتی خەوتندا ڕاست و دروست دیارە وەک لەوەی کە بەخەبەری، لەوانەیە هەرگیز بیرت لەوە نەکربێتەوە بەڵام کاتێ بەخەبەر دێ دەکەویتە گومانەوە دەڵێ " لەوانەیە ئەوەی کە من دەیبینم تەنها خەوبێ." لەوانەیە منیش و تۆو هەموو کۆمەڵگاش تەنها خەوبێ، لەوانەشە هەرزوو بەخەبەر بێت و بڵێی " خواوەندم، تەنها خەوێک بوو"

هەرگیز گومانت لە مەرگ کردووە؟

ئەگەری ئەوە هەیە کاتێ بەخەبەری گومان بکەی لەوەی کە بەڕاستی هەیە لە دەورویەرت بەڵام کاتێ کە دەخەوی ناتوانی گومان لە بونی خەوەکەت بکەی، خەو زۆر واقیعی تر لە ژیانی ڕاستەقینە (واقیع).ئایا گومانت لە هیچ خەوێکت کردووە، وەبیرت کردبێتەوە لەوەی کە بینووتە خەوین؟ هەرکاتێ گومانت کرد ئەوا ساتی بەخەبەری یە، ئەوا یەکسەر خەونەکەت تەولو دەبێ، وەخەون کاتێ دەمێنێتەوە کە بەتەولوەتی لە خەوێکی قوڵ دابی کە هیچ گومانێک نەتوانێ سەرهەڵبدات. بەڵام ئەو کەسانەی کە مردن و ژیان وەکو دوو توخمی یەک واقع دەبینن جیاولزیش ناکەن لە نێوان خەون و ڕاستی دا (واقیع).وەکو ئەوەی کاتێ بەیانیان هەڵدەستی ژیانی خەوێشت تەولو دەبێ.ڕۆژێک لە مردنیش بەخەبەر دێ لە واقیعێکی تردا لەو کاتەدا هەموو ئەو حەفتا ساڵەی کە ژیاویت دەبێ بەخەون تەنانەت ئاسەوارێکیشی بەجێ نامێنێ لە هۆشیاریت دا.

مەرگ ئاگادار کەرەوەیەکی هەمیشەییە لەوەی " دەتوانم بێم هەرکاتێ بمەوێ،خۆت ئامادەکە

خۆ ئامادەکردن چی یە ؟ ئامادەکردن بریتی یەلە : بڕی بە تەواوەتی و گوڕو تینەوە." بۆ ئەوەی کە مەرگ هات سکاڵاو دەردەدڵ نەکەی و نەناڵێنی، بەڵکو دەبێ بەتەولوەتی ئامادە بی چونکە بەباشی ژینت بردۆتە سەر وە هەموو نەمێنیەکانیت زانیوە وە هیچ خاڵێک نەماوە بۆ کەشف بوون بۆیە مردنیش لە کاتی خۆی دادێ، لەولنەش بیر لەمردنی خۆت بکەیتەوە.

ئەم جۆرە لە مەرگ ناو دەنێنم بە بەمەرگی تەولو پێرفێکت چونکە لەو کاتەدا خۆت بیرت بۆ چوە کەبڵێ " ئیتر بەسە".

مەرگ وەکو میوانێکی پێشوازی لێکراو:

مردن دێت کاتێ تۆ تێگەیشتوی کە بەتەواوەتی ژینت بردۆتە سەر، بۆیە هیچ شوێنک نەماوە بۆ ڕۆشتن و هەناسە دان، هەموو شتێک ڕای بردووە وە داهاتو نی یە، لەم کاتەدا مەرگ میوانێکی پێشوازی لێکراوە. ئەگەر بەخێرهاتنی مەرگت نەکرد ئەوا ژیانت لە دەست چووە. ئەو کەسانەی هەست بە ناخۆشی و ترسی مەرگ دەکەن میوانەن کە شەمەندەفەرەکەیان لە دەست چووە بەڵام لە لاشوعورماندا دەردەوام شەمەندەفەرەکەمان لە دەست دەچێ، ئەوشەمەندەفەرەی کە ڕەوات بەبەر دەمتدا هەموو ساتێ بەڵام هەندێ جار لە دەستت دەچێ.

ئافرەت لە ڕوانگەی ئۆشۆوە

ئافرەتان زیاتر سەرەتایترن (پرمتف) لە پیاوان ئەمەش بەمانای ئیدانە کردنی ئافرەتان نایە بەڵکو سەرزەنشت کردنی پیاوانە.سەرتای (پرمتف) بەمانای زیاتر سروشتی و ئاواز دێ لە گەڵ وجود دا. شارستانیەت لە سروشت لایداوەو پیاو زیاتر شارستانی بوە و هۆگری مێشکی بوە پەیوەندی لەگەڵ دڵی دا نەماوە.دڵ تائێستاش سەرەتای یە، کارێکی باشە تا هەنوکوش زانکۆکان ڕێگایەکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ فێرکردنی دڵ و بیکەن بە شارستانی.

ئافرەت تەنها هیوایە بۆ ڕزگار بونی مرۆڤایەتی.تائێستاش پیاو هەیمانەو دەسەڵاتی هەیە کە ئەمەش بۆ هۆکارێکی زۆر سەیر دەگەڕێتەوە. هۆکارەکەش بریتی یە لە هەستی بەکەم زانین (عقدة

النقص)، له پێناو پڕکردنەوەی ئەم گرێ بەکەم زانینەدا پیاو دەستی کردوە بە هەیمەنەو زاڵبون بە سەر ئافرەتاندا.

پیاو تەنها لە هەستکردن بە ماسکیولندا (نێریتی دا) لە ئافرەت بەهێزترە بەڵام ئافرەت لە هەمو ڕێگاگانی تردوە بەهێزترە لە پیاو ئافرەت چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ زیاتر دەژی لەپیاو. ئافرەت کەمتر هەست بەئازاری نەخۆشی دەکات وەک لە پیاو.نزیکەی سەد و دەکوم لە دایک دەبن بەرامبەر بە سەد کچ بەڵام کە دەگەنە تەمەنی کامڵ بونی سێکسی ژمارەکە یەکسان دەبێتە بەهۆی دیار نەمانی دە لە کوڕەکان.ئافرەتان زیاتر بەرگەی هەموو دەردو نەخۆشییەک دەگرن، پیاوان زیاتر شێت دەبن زۆر جار دەگاتە دوو ئەوەندە.پیاوان زیاتر خۆکوژی دەکەن.بەهەموو شێوەیەک ئافرەت باڵند ترو بەرزترە تەنها لە هەستی نێری دا نەبێ (ماسکیولن)، بەڵام لەڕاستی دا بونی هەستی بەهێزی نێری لە پیاودا بەرزی و بڵندی نییە بەڵکو حەیوانێتی یە، کە ئەمەش هەستی گورگێتی و پڵنگی و شێری یە.

پیاو پێویستە وریابێ بەرامبەر هەستی بەکەم زانینەکەی کە ملیۆنەها ساڵە هەیەتی، یەکێک لە میکانیزمە دەرونی یەکان ئەوەیە: هەر کاتێ ئاگاداری گرێ هەست بەکەم زانین کرد ئەوا پێویست دەکات قەرەبوی بکەیتەوە.کەسێکی ناشیرین بەهەمو شێوەیەک هەوڵ دەدات واخۆی دەرخات کە جوانە ئەمەش لە ڕێگای لە بەر کردنی جل و بەرگەوەبێ یاخود مەکیاج کردنەوە، دەڕوات بۆ جوانکاری و نەشتەرگەری پلاستیکی،هەست دەکات کە ناشیرینە بۆ بە هەموو ئەم ڕێگایانە دەگرێتە بەر بۆ قەرەبوکردنەوەی ناشیرنێکەی.کەسێتی هەست بەکەم زان هەوڵ دەدات بگاتە بڵندی د

بەرزی، بۆ یە پیاو هێزی نێری بەکاردەهێنێ بۆ سەلماندنی گەورەیەکەی وە بۆ چەند سەدەیەکە تونیوێتی هەیمانە خۆی بسەپێنێ بەسەر ئافرەتدا.

بەڵام ئێستا کات زۆر گۆڕاوە، داهاتو بۆ ئافرەتانە نەک پیاوان چونکە ئەوەی پیاوان چەند سەدەیەکە دەیکەن زۆر ناشیرینە، شەڕ لەدوای شەڕ کە ئەمەش هەموو مێژوی پیاوە.ئەو گەورەی یەی کە پیاو دروستی کردووە بریتی یە لە جەنگیزخان، هیتلەر، ئەسکەندەر، ناپلیۆن هەروەها مایۆ زیدۆنگ...لەم جۆرە خەڵکانە.

بەڵێ، تەنها چەند پیاوێکی کەمی وەکو بوداو، گواتەم، مەسیح، کریشنا، هەبوون بەڵام سەرنجی خاڵێک داوە؟ کەئەمانە هەموویان مێینە (فێمینن) دیارن، لەڕاستی دا ئەمەش یەکێک بوو لەڕەخنەکانی فردریک نیچە لە عیساو بودا کە مێینە دیارن یاخود ژنانین. بودا بەڕاستی وکو ژن دیار بوو هەر کاتێ پیاو بەرەو دڵی هەنگاوی نا شتێ بەرەو مێینەی دەبات و دەیکاتە مرۆڤێکی نەرم ونیان زۆر ناسک.

لێرەدا تەنها چەند بو دایەکی کەم هەیە بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدەی دەتوانی بیان دۆزیتەوە ئەویش بەوەی، زیاتر لە مێینە (فێمینن) دەچن وەک لە نێرینە (ماسکیولن) بۆنمونە هەموو هونەرمەندە گەورەکانی جیهان هێواش هێواش سیفەتی جوانی و کەشخەیی و هێمنی و نەرمو نیانی و ئارامی مێینەیان تیادا گەشە دەکات و تورەبونیان نامێنێ. دەمەوێ هەموو دونیا ببێتە مێینە.

جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا ناکەم هەردووکیان دەنالێنن. ئازارو نالە وەکو شمشێرێک کە هەردوو سەرەکەی تیژ بێ وایە، ئەگەر

یەکێکت ئازاردا ئەوا خۆشت ئازارت پێ دەگات. ئەگەر کەسێک بکەیتە کۆیلە خۆشت دەبیتە کۆیلە، ئەمەش شتێکی هاوبەشە هەڕ کاتێک ئافرەت ئازاد کرا دەبێتە گەورەترین ڕۆژی ئازادی بۆ پیاو.

ئەگەری شێواندنی بارودۆخەکە هە یە ئەویش کاتێ ئافرەت هە بکات لە گەڵ پیاودا لەو کاتەدا لەوانەیە هەندێ بەهای مێینەی بەد تێک بدات کە دەشێ لەلایەن پیاوەوە تائێستا تێک نەدرابێ. ئەگەر بەتوندو تیژی شەڕت کرد، چەند بەهایەکی جوانی مێینە لە دەست دەدەی و دەبیتە ناشیرین وەکو پیاو.

گەیشتن بە ئازادی ئافرەت بەبڕیار دان بەشەڕ نابێ بەڵکو بەتێگەیشتن دەبێ. دەبێ تێگەیشتن بڵاو بکرێتەوە وە ئایدیای بوونە پیاو و ئافرەت فڕێ بدرێ چونکە هەموومان مرۆڤین.بوونە ئافرەت و پیاو تەنها شتێکی ڕوو کەشی یە، نابێ نیگەران بی سەبارەت بەوە چونکە شتێکی ئەوەند گرنگ نییە و مەیکەرە بابەتێکی گرنگ.

باس لە جیاوازی بایەلۆجی ناکەم لە نێوان ئافرەت و پیاودا بەڵکو قسەدەکەم سەبارەت بە لایەنی سایکۆلۆجی.هەندێ پیاو هەیە زیاتر لە ئافرەت مێینەترن وە هەندێ ئافرەت هەیە لە پیاو زیاتر نێرینەترن، بەڵام ئەمە حاڵەتە جوان نییە بەڵکو زۆر قێزەونە چونکە دوالیزمت تیادا دروست دەکات.گەر جەستەت پیاو بێ و مێشکت ئافرەت دەبێتە هۆی دروست بونی ململانێ و ناکۆکی کۆمەڵایەتی و شەڕی ناوخۆ وە بەردەوام لە شەڕێکی قورس دای.

گەر دەرونی یەن ئافرەت بی وە مێشکت پیاو، ژیانت دەبێتە ململانێیەکی بێ سوود و دوور دەبی لە ئاواز و جوانی. کاتێ مێشکت پیاو بوو دەبێ جەستەشت پیاو، مێشکت ئافرەت بێ دەبێ

جەستەشت بەهەمان شێوە.بزووتنەوەی ئازادی ئافرەتان کێشەیەکی پێسودیان دروست کردووە، ئافرەتیان کردووە بەگورگ و پیاویش بەدووژمن و فێریان دەکەن چۆن شەڕ لەگەڵ پیاودا بکەن. ئایا چۆن دەکرێ دوژمنەکەت خۆش بوێ؟ چۆن دەکرێ پەیوەندیەکی دۆستانە لە گەڵ دوژمنەکەت دا هەبێ؟

پیاو دوژمن نی یە، دەبێ ئافرەتیش بەڕاستی ئافرەت بێ و مێینە بێ و پێویستە بگاتە بەرزترین ناسکی و نەرموو نیانی. پیاویش دەبێ بەڕستی پیاو بێ وە بەقوڵی چوبێتە نێرینەی خۆی. کاتێ پیاوێک و ئافرەتیکی ڕاستەقینە پەیوەندی بکەن بەیەکەوە دەبنە دوو جەمسەری توندی دژ بەیەک. تەنها ئەوانەی دژ بەیەکن دەکەونە خۆشەویستی یەکترەوە و چێژ لە یەکتر دەبینین و سەرنجی یەکتر ڕادەکێشن. چی ڕوو دەدات کاتێ نێرینەو مێینە نەمێنێ: واتە پیاو ببێتە مێینەو ئافرەت وە ئافرەت ببتە نێرینە لەم کاتەدا هەموو جیاوێزەکان لەدەست دەدەن و کۆمەڵگایەکی بێ ڕەنگ و بێزار کەر دروست دەبێ.

ئارەزوو دەکەم کە ئافرەتان مێینەبن تەنها ئەو کاتە دەتوانن گوڵ بگرن، پیاوانیش دەبێ نێرینەبن ئەو کات دەتوانن گوڵ بن. کە بوون بە دوو جەمسەری دژ بەیەک ئەو کات گەورەترین سەرنج ڕاکێشانی موگناتیسی لە نێوانیاندا دروست دەبێ، وەکاتێ لە یەک نزیک دەبنەوە بەخۆشی یەوە بەیەک دەگەن، دوو دنیای دەوڵەمەندی جیاواز بەخۆشی و سۆزەوە بەیەک دەگەن

سیستەمی سیاسیم بە تەواوەتی جیاوازە!

سیستەمی سیاسیم بەتەواوەتی جیاوازە بۆیە ناوی دەنێم میرتۆکراسی (دەوڵەتداری و بەڕێوەبردن بە گوێرەی لێهاتوی کەسەکان. وەرگێڕ) چونکە پشت بەستنە بەلێهاتوی کەسایەتی یەکان هیچ پارتێکی سیاسی بونی نابێ.خەڵکی پۆستەکان بەڕێوە دەبەن بەگوێرەی تولناو لێهاتویان،

لەبەرئەوەی هیچ پارتێکی سیاسی بوونی نییە بۆیە هەر تاکێک خۆی بڕیاری خۆی دەدات واتە لە تاکەوە بۆ تاکەو هیچ دەستەو تاقمێکی مافیایی بوونی نییە.

هەر کەسێکە هەڵدەبژێری لە بەر تولنایەکەیەتی، ئەگەر سکرتێری دارایت هەڵبژارد دەبێ باشترین ئابوریناس هەڵبژێری لە وڵاتەکەدا، ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕوو نادات ئەو کەسانەی کە هیچ شارەزاییەک و زانیارییەکیان نییە لە ئابوری و دارای و دەبنە سکرتێرو وەزیری دارایی.ئەو کەسانەی کە هیچ شتێک لە پەروەردەو فێرکردن نازانن دەبنە وەزیری پەروەردە.

لە هیندستاندا پیاوێکم دەناسی وەکو شێت وابوو، هیچ شتێکی نەدەزانی سەبارەت بە پزیشکی بەڵام ببوو بە وەزیری تەندروستی، لەسیستەمی میرۆکراسی دا ئەم جۆرە پیاوە هەرگیز نابێ بە وەزیری تەندروستی چونکە چەندەها پیاوی لێهاتوتر هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە.

له میرتۆکراسی دا پارتی سیاسی بونی نییه چونکه خەریکی کۆکردنەوەو کەڵە کە کردنی پارەن و خەڵکی کۆدەکەنەوە لە گروپی هیاری کراو باوەڕو ئایدۆلۆجیای تایبەتی دا وەکو ئاین.پارتی سیاس و ئاینی مەترسیدارن، دەمەوێ ئاین فەردی و شەخسی بێ، گەڕانی بەرد بێ بۆ ڕاستی و دروستی، وە سیاسەتیش گەڕانی تاکە بۆ کۆمەڵگایەک و کلتورێکی باشتر.

له میرتۆکراسی دا ئایدیای کۆمەڵ (کۆمۆن) زیاتر هەیە وەک لەشار و خێزان. خێزانەکان دەبێ بتوێنەوەو هەموو وزەو تواناکانیان بڕێژێتە یەک سەرچاوەوە. شارە گەورەکان دەبێ دابەش ببن بۆ گروپی بچوک و خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن، ئەو کات هەموو وڵات دەبێتە وڵات خەڵکی نەک شارەکان.

لە کۆمۆندا یەکسانی ناسەپێنرێ وەکو ئەوەی لە وڵاتانی کۆمەنیستی دا دەکرێ بەڵکو بە پێچەوانەوەوە کۆمۆنەکان هەوڵ دەدەن بەو پەڕی تواناوە دەوڵەمەند ببن، وە هەموو کەسێ دەتوانێ بە گوێرەی پێویستی خۆی بەکار بهێنێ، باوەڕم بە بڕی پێویست هەیە بەڵام باوەڕم بە هەژاری نی یە.باوەڕم وایە مرۆڤ تەنها چانس و هەلی بدەرێ دەتوانێ سەروەتێکی بێشومار دروست بکات. کۆمۆنەی دەوڵەمەند یەکسانی فەڕز ناکات، سەرەڕای بەبی هێزو ناچار کردن لە خۆشەویستی و سۆزە و هاوڕێیەتیەوە چەندەها جۆری یەکسانی سەرهەڵ دەدات کە هەرگیز کەس بیری لێ نەکردۆتەوە.

هەموو کەسێ خۆراکی وەکو یەک و بەیەکسانی دەخوات بەڵام ئەمە بانگەشە نییە بۆ کۆمەنیزم، ئەمە تەنها مرۆڤایەتی یە ئەویش

لە میرتۆکراسی دا پارتی سیاسی بونی نییە چونکە خەریکی کۆکردنەوەو کەڵە کە کردنی پارەن و خەڵکی کۆدەکەنەوە لە گروپی هیاری کراو باوەڕو ئایدۆلۆجیای تایبەتی دا وەکو ئاین.پارتی سیاس و ئاینی مەترسیدارن، دەمەوێ ئاین فەردی و شەخسی بێ، گەڕانی فەرد بێ بۆ ڕاستی و دروستی، وە سیاسەتیش گەڕانی تاکە بۆ کۆمەڵگایەک و کلتورێکی باشتر.

لە مێرتۆکراسی دا ئایدیای کۆمەڵ (کۆمۆن) زیاتر هەیە وەک لەشار و خێزان. خێزانەکان دەبێ بتوێنەوەو هەموو وزەو تواناکانیان برێژێتە یەک سەرچاوەوە. شارە گەورەکان دەبێ دابەش ببن بۆ گروپی بچوک و خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن، ئەو کات هەموو وڵات دەبێتە وڵات خەڵکی نەک شارەکان.

لە کۆمۆندا یەکسانی ناسەپێنرێ وەکو ئەوەی لە وڵاتانی کۆمەنیستی دا دەکرێ بەڵکو بە پێچەوانەوەوە کۆمۆنەکان هەوڵ دەدەن بەو پەڕی تواناوە دەوڵەمەند ببن، وە هەموو کەسێ دەتوانێ بە گوێرەی پێویستی خۆی بەکار بهێنێ، باوەڕم بە بڕی پێویست هەیە بەڵام باوەڕم بە هەژاری نی یە.باوەڕم وایە مرۆڤ تەنها چانس و هەلی بدەرێ دەتوانێ سەروەتێکی بێشومار دروست بکات. کۆمۆنەی دەوڵەمەند یەکسانی فەڕز ناکات، سەرەڕای بەبی هێزو ناچار کردن لە خۆشەویستی و سۆزە و هاوڕێیەتیەوە چەندەها جۆری یەکسانی سەرهەڵ دەدات کە هەرگیز کەس بیری لێ نەکردۆتەوە.

هەموو کەسێ خۆراکی وەکو یەک و بەیەکسانی دەخوات بەڵام ئەمە بانگەشە نییە بۆ کۆمەنیزم، ئەمە تەنها مرۆڤایەتی یە ئەویش

ئەوەبانگەشە نییە بۆ کۆمەنیزم، ئەمە تەنها مرۆڤایەتی یە ئەویش ئەوەیە کە هەرکەس بەژدار بێ لە کۆمۆن دەبێ هەمان خۆراک و ئاگای تەندوستی و کات بەسەر بردنی هەبێ.ئەمە بەهیچ نابێ بەڵکو خۆی دێتە بوون، وەکو چۆن هەوا بونی زۆرە هیچ کەسێ پێوست ناکات خەزنی کات بۆکاتی نەمانی ئۆکسجین. بەهەمان شێوە ئەگەر هەمووشتێ زۆر بوو ئەوا هیچ کەسێ بێ بەش نابێ، وە هیچ پارتێکی سیاسی و ئایینی و خێزانیش بونی نابێ.کۆمۆن دەژی بۆ بەرهەم هێنانی خۆشەویستی نەک خێزان و سەپاندنی یەکسانی بەڵکو یەکسانی خودی خۆی دێ تەنها بە بونی کەمێ خۆشەویستی و برایەتی.

نابێ تاوانبار سزابدرێ بەڵکو هەموو تاوانبارێک دەبێ وەکو نەخۆشی و کێشەی مێشک سەیر بکرێ.گەر مێریتۆکراسی بڵاو بوبەوە لەجیهاندا ئەو کات پێویست بە بوونی نەتەوە ناکات.

ئەگەر مێشکێکی باشت هەبوو دەتوانی ببیتە وەزیری پەروەردەی جیهان. پەیمانگای ئەکادەمیەکان، ئەکادیمیای زانستی، پەیمانگای هونەری هەموو ئەمانە پێویستیەکی گرنگن، وەدەبێ هەموو شتێکی بەکەڵک دەبێ نێونەتەوەی بێ و لقەکانی لەسەرانسەری دونیادا هەبێ و وە لەدەستی خەڵکی باش و بلەمەت دابێ.جێگای سەرسوڕمانە قوتابخانەی هونەریت هەبێ و پیکاسۆ بەڕێو بەری نەبێ، کە تابلۆکەی نرخەکەی بە ملیێون دۆلار دادەنری بەڵام کەسێ دەکرێ بە بەڕێو بەری قوتابخانەی هونەری کە هیچ بەرهەمێکی نییە بۆفرۆشتن کە نمایش بکات لە مۆزەخانەیەکدا تەنها شارەزای لە نمرەدا هەیە.

تابلۆ کێشان پەیوەندی نییە بەزانیاری و نمرەوە، هەربۆیە مۆزارت نەیدەتوانی ببێتە بەڕێو بەری پەیمانگای مۆسیقی، نینسکیش ببێتە بەڕێوبەری پەیمانگای سەماکردن چونکە نمرەو زانیارییان نەبوو، بەڵکو تەنها تواناو ئەزمون و سیحرو کاریزمایان هەبوو.

دەبێ هەموو پەیمانگاکانی دونیا دەبێ لەدەست کەسانی کاریزمای دابن.چەندها کەسایەتی کاریزما هەیە بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک ڕێگایان پێنادرێ بچنە پێشبڕکێیەوە، چونکە خەڵکانی کاریزمای هەمیشە یاخین بۆیە کەمتر دەتوانن نمرەی زانکۆ بەدەست بهێنن چونکە هەر زوو لە زانکۆ دەردەکرێن.

خەڵکی کاریزمای زۆر دەزانن هیچ پەیمانگایەک ناتوانێ زیاتریان فێر بکات بۆیە پێویست ناکات کاتی خۆیان تیادا بەفیڕۆ بدەن، بەڵام ناشتوانن ببن بە بەڕێوبەر.ئەمەش شتێکی زۆر نابەجێ یە چونکە دەمانەوێ کەسایەتییەکی وەکو مۆزارت ببێتە بەڕێوبەری مۆسیقی.

ڕووانگەی من ئەوەیە کە هەموو جیهان لە کۆتایدا دەبێتە سستەمێکی مێریتڕۆکراسی بەڵام پێش ئەوەی ببێ دەبێ نەتەوەکان سەرەتا دەست پێ بکەن. هەموو جوانی یەکانی کە لە کۆمەنیزم و دیموکراسی دا هەیە لە مێریتڕۆکراسی دا هەیە تەنها ناشیرنییە کانیان نەبێ.ئێستا کاتی چانسێک و شتێکی نوێیە.

سێ ڕێگا بۆ گۆڕانکاری : ڕیفۆرم، شۆڕش، یاخی بوون

گەشەکردنی کۆمەڵگا بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە: ڕیفۆرم (چاکسازی)، شۆڕش، یاخی بوون.

ڕیفۆرم:ڕوکەشترینە، تەنها دەگاتە ڕوی دەرەوە لە قوڵایی پێست زیاتر ناڕوات هیچ ناگۆڕێ تەنها پۆشاکی شوشەی مرۆڤ نەبێ، گۆڕانی شکڵی و تەشریفاتی و هەڵسوکەوت و شارستانێتە بەبێ گۆڕانکاری هیچ شتێک لە جەوهەری بونی مرۆڤدا. ڕیفۆرم پۆڵیش و بۆیاخ کردنی خەڵکی یە بە بێ دەست بردن بۆ قوڵاییان. وەهم و خەیاڵ دروست کردنی دووڕوویە و بەخشینی هەڵسوکەوتی باشە بەڵام نزی کرۆکی ناخە و تەنانەت لێشی تێناگات. ڕیفۆرم بۆ کۆمەڵگا دروست کردنی نەرم و نیانی یە.

ڕیفۆم داوای شتی زۆرت لێ ناکات پێت دەڵێ " تەنها بەردەم دەرگاکەت جوان بکە دەتوانی هەموو خانووەکەت بەپیسی بهێڵیتەوە، بخەوە بە پیسی و پۆخەڵی ڕێگا مەدە دراوسێکانت پیسێکە ببینێ."

کارەکانی ڕیفۆرم وەکو لوبریکەنتە کە پارێزگاری لە هەیکەلی باوی کۆمەڵگا دەکات وا دەکات هەموو شتێ وەکو خۆی بمێنێتەوە کە ئەمەش دژ بەیەک (پارادۆکس) دەردەکەوێ،چونکە ڕیفۆرمست بانگەوازی ئەوە دەکات کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا دەکات بەڵام لەڕاستی دا هەموو ئەوەی کە دەیکات تەنها بۆیاخ و ڕوتوش کردنی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگای کۆن دەتوانێ زۆر بەئاسانی بەڕەنگی نوێوە لە جاران چاکتر بمێنێتەوە.ڕیفۆرم جۆرێکە لە نۆژەنکردنەوە بۆیە کۆمەڵگا بەبۆگەنی دەمێنێتەوە.خانۆکان و کۆڵەکەکان دەکەون، ئەساس و

پێچینەکان دەلەرزن تۆ تەنها پێشنیاری تازە دەکەی بۆ خانوەوەکە
ەوەی کە زیاتر نەکەوی. ڕیفۆرم خزمەتە بە باردۆخی باو و ڕابردوو
ک داماتوو.

ڕێگای دووەم شۆڕشە:

شۆڕش کەمێک قوڵتر دەڕوات، تەنها ئایدیاکان دەگۆڕێت
انەت سیاسەتیش ناگۆڕێ، تەنها دەرەوەی ستروکچەرو (بونیاد)
گۆڕێ نەک ناوەوەی.

مرۆڤ لە دوو هەسارەدا دەژی : یەکەمیان فیزیکی یە، ئەویتر
ۆحی یە. شۆڕش تەنها دەگاتە پێکهاتەو بونیادی فیزیکی مرۆڤ کە
بوری و سیاسی یە کە ئەمەش بەشێکە لە هەسارەی فیزیکی. شۆڕش
ڤوڵتر دەڕوات لە ڕیفۆرم چەندها شتی کۆن دەشکێنێ و شتی نوێش
دروست دەکات بەڵام ناخ و دونیای ناوەوەی مرۆڤ ناگۆڕێت تەنها وەکو
خۆی دەمێنێتەوە.شۆڕش مامەڵەکردنە لەگەڵ مۆڕاڵ و کارەکتەرو
خوڕەوشت و هەڵسوکەوت دا. گۆڕانی دیوی ڕوکەشی ئەخلاقی مرۆڤ و
دەرەوەی بونیادە، بەڵام مانەوەی دونیای ناوەوەیە وەکو خۆی وە
دروست کردنی دابەش بوونە.

ڕێگای یەکەم (ڕیفۆرم) دروست کردنی دووڕوی یە، ڕێگای
دووەم (شۆڕش) دروست کردنی شیزۆفرینیاو دابەش کردنی مرۆڤە بۆ
دوو بەش- بێ پەیوەندی.لێرەوەیە شۆڕشەکان بەردەوام نکۆڵی لە ڕوح
دەکەن، مارکس و ئەنگڵس و لینین و ستالین و ماو ڕوحیان
لەرامۆش کردووە ڕازی نەبوون پێ.هەموو شۆڕشەکان ڕوکەشی بون
شۆڕشی ڕیشەی نەبوون.

ڕیفۆرمیست نکۆڵی لە ڕوح ناکات ڕانی یە پێی چونکە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست ناکات بەڵام ناگاتە خاڵی مەبەست. غاندی ڕانی یە بە ڕوح کە ڕیفۆرمیستە. ڕیفۆرمیست هەرگیز نەخێر بەهیچ شتێ نااڵێ بەڵکو بەردەوام دەڵێ بەڵێ چونکە خەڵکی بەڕێز دەردەکەون.بەڵام شۆڕش گێڕ ڕانی نییە بە ڕوح وە پێویست دەکات نەفی بکات، ئەگینا شۆڕشەکەی بەش بەش دەردەکەوێ. مۆراڵ بەرز دەبێتەوە دەگاتە ئەوەی کە دیار نامێنێ هەموو کەسێکی خاوەن مۆراڵ نرخی هەیە.

ڕێگای سێیەم یاخی بوونە :

یاخی بوون کڕۆکێکی زۆر گرنگە کە دەبێتە هۆی گۆڕان لە هۆشیاری دا، ڕادیکاڵی و گواستنەوەیە، گۆڕانێکی کیمای یە کە نەک تەنها جەستەیەک و پۆشاکێکی نوێ بەڵکو بوونێکی نوێت پێ دەبەخشێ.مرۆڤێکی نوێ لە دایک دەبێت. بەدرێژای مێژوی هۆشیاری سێ جۆر لە بیریار هەبوون : **ڕیفۆرمستەکان، شۆڕش گێڕەکان، یاخی بووەکان.** مانو، مۆسس، گاندی ڕیفۆرمست بوون، کە زۆر پوکەش بوون. جۆن بابتیست و مارکس و فرۆید شۆڕش گێڕ بوون، عیسا و بوداو کریشنا مۆرتێ یاخی بوون.

بۆتێگەیشتن لە یاخی بوون دەبێ لە دڵی ئاین تێبگەین. ئاین بریتی یە لە یاخی بوون و گۆڕانی تەواو، دابڕانە لە گەڵ ڕابردووداِ، سەرەتای دەسپێکێکی تازەیە، فڕێدانی ڕابردووە بەتەواوەتی.هیچ شتێ

پێویست ناکات بەردەوام بێ چونکە ئەگەر هەندێ شت بەردەوام بێ دەبێتە مانەوەو پاراستنی کۆن.

ڕیفۆرم بۆیاخکردنی ڕوخسارە، شۆڕش گۆڕانی پێکهاتەی دیویی دەرەوەی کۆن وە مانەوەی کرۆکی ناوەوە وەکو خۆی. لە دوای شۆڕشی کۆمەنستی ناخ و جیهانی ناوەوەی مرۆڤەکان وەکو خۆیان مانەوە هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەوەی پێشوتریان، هەمان ئەقڵیەت و چاوچنۆکی و تەماع وخۆپەرستیان ماوەتەوە، کە هەمان ئەقڵیەتی وڵاتێکی کاپیتاڵستی ئەمەریکی یە.بەڵام پێکهاتەی دیوی دەرەوەی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردادێ وەکو یاساکان وسیاسەت و دەوڵەت و ئابوری و هیتد. هەر کاتێ ترسی حکومەت و پۆلیس هەبوو خەڵکی ڕاەکەن ئەگەر ترسیشیان نەما ئەوا خەڵکی دەگەڕێنەوە شێوازە کۆنەکانی جارانیان.

کۆمەڵگای دوای شۆڕش تەنها بە هێز دەتوانێری کۆنترۆڵ بکرێ ئەمەش نابێتە دیموکراسی چونکە گەربتەوێ خەڵکی سەربەخۆبن دەبێ ڕێگایان پێ بدرێ ناخیشیان بەهەمان شێوە دەربڕن بۆژیانیان بەڵام دیوی ناوەوەو ناخیان هەر لەشوێنی جارانە کەڕێگیری کراوە لەوەی بگۆڕێ،بۆیە خەڵکی ناتوانن بەگوێرەی ویستی خۆیان بژین تەنها دەبێ بەویستی دەوڵەت بێ. لەبەر ئەوەیە کۆمەڵگا کۆمەنستییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دیکتاتۆرن، وە هەر بەدیکتاتۆریش دەمێننەوە چونکە ئەگەر مرۆڤ ئازادیشی پێ بدرێ بەڵام چاوچنۆکی و تەماع هەربمێنێ ئەوا دەبێتە هۆی دوو بارە هەژاری و دەوڵەمەندی و خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات، وە خەڵکی یەکتر دەچەوسێننەوە، وەشەڕ

ڕەکەن لەپێناو تەماع و چاوچنۆکییان. ئەوانەی هەموو ئەوانەی کە خاوەن دەسەڵاتن هەمانشتی پێشوتر دووبارە دەکەنەوە، خۆشۆڤ فاخرترین ئۆتۆمبیلی هەبوو ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی تەنها یەک ئۆتۆمبیلی سادەیان نەبوو، کەواتە ئەمە شۆڕشی ڕاستەقینە نەبوو تەنها تەوق دڵن و ڕۆرەملێ بوو.

چەند جیاوازییەک لەنێوان ئەم سێ چەمکە کە ئەوکات لە ڕێگاکانم تێدەگەی:

ڕیفۆرم شتی زۆرت لێ دڵواناکات تەنها ئەوەندە نەبێ پێت دەڵێ " تەنها دەرگای دەرەوە جوان بکە " واتە دەتوانی هەموو ماڵەکە بەپیسی بەجێبهێڵی چونکە دەتوانی خۆت لە پیسیدا بژی وەنەهێڵی درلوسێکەت ناوەوەی خانووەکەت ببینێ بەڵام دەبێ دەرەوەی خانۆکەت جوان بوانێ

چونکە درلوسێکانت ئارەزو لە دیوی ناوەوەت ناکەن واتە لە ناو خانوەکەت ، تەنها بەبەردەم دەرگاکەتدا تێ دەپەڕن. چیت دەوێ بیکە لە پشتت دەرگاوە بۆ یە بەردەم دەرگا تەنها ڕووکەشە و هەڵخەڵەتاندنە.بەڕاستی لە دوای دەرگاوە دەژی، لەپێشی دەرگا نازی، دەرگای دەرەوە تەنها دەست کردوو دروست کراوە هەرگیز پێیادا نایەیتە ژورەوە وەناچیتە دەرەوە تەنها بۆ ئەوەیە خەڵکی ببینن.

سەیری بەردەم دەرگاکەت بکە هەموو کەسێ هەیەتی کە ناودەبرێ بە دەموو چاو (ڕوو)، ماسک، کەسایەتی چونکە مرۆڤن، قەڵەمی لێو، ئەساس و پاودەری و ئەدەولتی مەکیاژ هەموو ئەمانە

کەسێتیت پێ دەبەخشن بەڵام تۆ ئەوانە نی بەڵکو ئەوانە تەنها مەیک
ەپن (سوراو سپیاون).

شۆڕش کەمێک قوڵتر دەڕوات، چونکە تەنها ژوری میوانت بۆ
گۆڕێ بۆ ئەوەی بتوانی خەڵکی بۆ بانگهێشت بکەی. لە هیندستاندا
ڵکی ژوری میوانیان زۆر جوانە بەڵام مەتبەخەکەیان زۆر پیس و
ەڵ و ناشیرینە وە حەمامەکانیشان زۆر بێکەڵکە چونکە میوان
تە ئەو ژورانە بۆیە کەس گوێ بەم ژورانە نادات.

ئەمە هەڵەیە چونکە دەستی ناگاتە بونی ڕاستەقینەت تەنها
یەت و ڕێز دەگرێتەوە، کەئەمەش ئەخلاق و مۆرالّە، ژورێکی
ەوەی جوانە، تەنانە دەتوانی تابلۆکەی پیکاسۆت هەبێ لە ژورەکەدا
ژورم شۆڕشێکی جوزئییە، شۆڕش گۆڕانی دەرەویە، یاخی بوون
ۆڕشی ناوەوەیە.تەنها گۆڕانی ناوەوە دەبێت پشتی پێببەستێ،
ژورم دەتکاتە دووڕو،مونافیق، شۆڕش دەتکاتە کەسێکی شیزۆفینیا،
تەنها یاخی بوون دەتکاتە بوونێکی پڕی تەواو.

ج پەیوەندی یەک هەیە لە نێوان جوانی دەرەوە و جوانی ناوەوەدا؟

جوانی دەرەوە لە چەندها سەرچاوەی جیاوازەوە دێت وەک لە جوانی ناخ. جوانی دەرەوە لە دایک و باوکتەوە بۆت دێت، کە جەستەکانیان دروست کەری جەستەی تۆن. بەڵام جوانی دەرەوە یاخود ناخ لە گەشەکردنی هۆشیاریتەوە دروست دەبێ کە لە ئەزمونی ژیانەوە وەرت گرتوە.

جەستەی بۆماوە (فیزیکی یە لە باوانەوەیە) لە گەڵ بۆماوەی رۆحی (لە ئەزمونی ژیانەوەیە کە هۆشیاری و خۆشی و ئاسودەی یە) هەردووکیان لە کەسێتی مرۆڤدا یەک دەگرن.

هەرگیز پێویست ناکات جوانی دەرەوە پەنگدانەوەی جوانی ناوەوە بێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕاستە جوانی ناوەوە دەبێتە پەنگدانەوە بۆ جوانی دەرەوە.هەندێ جار واڕوەدات کە جوانی ناوەوە ئەوەندە بەهێزە دەبێتە هۆی شەوق دانەوەی دەرەوەی جەستەت. لەوانەیە جەستەی دەرەوەت جوان نەبێ بەڵام ئەو ڕوناکی یەی کە لە سەرچاوەی نەمری ڕوحتەوەدێ دەبێتە هۆی ئەوەی کەجەستەت بە شێوەیەکی ئاسای و جوان دەرکەوێ.

بەڵام هەرگیز جوانی دەرەوە نابێتە هۆی جوانی ناوەوە تەنها تا قوڵای پێست دەڕوات و کاریگەری لەسەر جوانی ناوەوە نابێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە جوانی دەرەوە دەبێتە هۆی ڕێگری لە گەڕان بەدوای جوانی ناخ دا، بەوەی ئەوەندە هۆگری جوانی دەرەوەت دەبی بۆ یە

دەگەینە ئەوەی بڵێ، کێ گوێ دەداتە یاخود سەیری جوانی ناخ دەکات؟

زۆر جار پرسیارەدات کە خەڵکی لە دەرەوەیاندا زۆر جوانن، وەلەناخ دا ناشیرینن جوانی دەرەوە بەکاردەهێنن بۆ شاردنەوەی ناشیرنی ناخیان، ئەمەش هەموو رۆژێ لە لایەن ملیۆنان کەسەوە ئەزمون دەکرێ و پرسیارەدات. دەکەویتە خۆشەویستی یەوە لە گەڵ پیاوێک یاخود ئافرەتێک چونکە تەنها دیوی دەرەوەی جوانێکەی دەبینی، دوای چەند رۆژێ بۆت دەردەکەوێ کە جوانی ناوەوە هاوتەریب و وەڵامدەرەوەی جوانی دەرەوە نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر ناشیرینترە.

گەر ناخت جوان بوو (کە بەدەست خۆتە)دەرەوەشت خۆی دەگونجینێ لە گەڵی دا،دەرەوە جەوهەری نییە بەڵکو رەنگەندانەوەی ناخە بەچەند رێگایەک،بەڵام پێچەوانەکەی راست نی یە. دەتوانی دەموچاو لوت و چاوەکانت بە نەشتەرگەری پلاستیکی جوانیان بکەی، وە پێست و پێکهاتە و هەیکەلیشت بگۆڕی بەڵام هەرگیز ناتوانی بوونت بگۆڕی. چاوچنۆکی و چڵێسی و توندو تیژی وغیرەکەت بە هێزێکی بێشومار دەمێنێتەوە.هەموو ئەو نەشتەرگەرییانەی کە دەیانکەیت ناتوانێ هیچ لەمانە ناگۆڕێ.بەڵام پێویستت بە چەند نەشکەرییەکی جیاواز هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەسەر مێزێک پاڵ کەویت و تێڕامان بکەی و بکەویتە هارمۆنیاو بێ دەنگی گەردو نەوە. گەردونیش لێدانی دڵی هەیە کە لە گەڵ لێدانی دڵت دا بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەست دەکات بەلێدان و لە قۆناغێکی ناشیرینی حەیوانی یەوە دەتباتە جەوهەری مرۆڤایەتی.تەنانەت گەیشتن بە پلەی مرۆڤایەتی کۆتای نی

یە، دەتوانی قوڵتر بڕۆی و بگەڕێی و بۆ شوێنێک کە پیرۆزی بێتە بوونتەوە، ئەم پیرۆزی و موقەدەسی یە وەکو پوناکیەک وایە لە خانویەکی تاریکدا تەنانەت ئەگەر دیوارەکانی و سەقفەکەی درزی تیادابێ ئەوا پوناکی یەکەی ناوەوە شەوق دەداتەوە لە دەرگار پەنجەرەکانی یەوە.

ناخ هێزێکی بێشوماری هەیە و نەمرە بەڵام دەرەوە زۆر لاوازە و کاتی یە، چەند ساڵ بەگەنجی دەمێنیتەوە ؟ ئەگەر جوانی ناوەوەت گەشەی نەکرد لە گەڵ گەورەبونی تەمەنت ئەوا هەرکاتێ گەنجێتیت نەما ڕاستەوخۆ هەست دەکەی کە بەرەو ناشیرینی دەڕۆی.تەنانەت لە تەمەنی پیرێتیدا جوانی هەیە کەلەوانەیە گەنج غیرەی پێ دەبات.

ئەوەت لە یاد بێ کە گۆڕان لە ناخەوە بەرەو دەرەوە دێ، بەڵام ئەمە حەتمی نی یە، دەشێ زۆرجار ڕوبدات بەڵام هەندێ جار دەرەوە ئەوەندە بۆگەنە تەنانەت تیشکی ناخیش ناتوانێ بیگۆڕێ.

گەورەترین سۆفی لە هیندستاندا بۆ ماوەی نیوساڵ، کە بەردەوام گفتوگۆم لەگەڵ دەکرد ناوی ئاشتاڤاگرا بوو. ئەو بابەتانەی دەینوسین، زۆر گرنگ بوون، هەر رستەیەکی چەندەها ئاڕاستەو مانای تیادا دەدۆزرایەوە، بەڵام ئەم پیاوە لە بارودۆخۆکی زۆر ناخۆشدا بوو. ئەم سۆفی یە بۆیە ناو نرابوو ئاشتاڤاگرا چونکە زۆر لە حوشتر دەچوو، کە جەستەی لە هەشت جێگاوە شێواو و ناڕێک بوو، قاچێکی درێژ تر بوو، قۆڵێکی کورتر بوو، پشتی چەماوە بوو، بەکورتی یەکەی لە هەشت جێگاوە شێواوو بوو.بەڵام سەرەڕای جەستە شەل و نابەجێکەی ڕوحی زۆر جوان بوو وەکو ئەوەی لەجەستەیەکی زۆر جواندا بێ. ئەم سۆفی یە شەوقی دەدایەوە بەڵام جەستەی زۆر

ڕەق بـوو بۆگـۆڕان لـە گـەڵ گـۆڕانی ناوەوەدا،کـە هـەموو جەسـتەی بەشێوازێکی نەشیاو بوو.

چیرۆکەکـە ئەمەیـە ڕۆژێـک ئیمراتـۆڕی هیندوسـتان بـەناوی جانگاوە، کە زۆر ئـارەزوی لـە دایـەلۆگوو موناقەشـەی فەلسـەفی بـوو بۆیە هەموو ساڵێک واڕاهاتبوو کـە هـەموو شـارەزایان و فەیلەسـوفان و پیـاوانی ئـاینی و هەرکەسـێ کـە ئـارەزوی کردبـێ بـەژداری بکـات بانگهێشـتی دەکـردن بـۆ پێشـبڕکێ.یاگناڤاڵکییـا یـەکێک بـوو لـە فەیلوسـوفە بەناوبانگـەکان کـە کـەمێک درەنگتـر دەگاتـە کۆبونەوەکە.کۆنفراسەکە دەستی پێکربـوو ئـەم فەیلەسـوفە دەبینـێ لـە دەرەوە هـەزاران مانگـا وەسـتاون بەشـاخی داپۆشـراو بـە ئـاڵتون و ئـەڵماس، کـە وەکـو دیـاری یـەک بـۆ پاڵـەوان و پێشـبڕکێ کەرەکان.ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو مانگاکان ئارەقێکی زۆریان دەکردەوە.

یاگناڤاڵگـای فەیلەسـوف بـە پیاوەکـای دەڵـێ "دڵنییـام، ئـەم مانگایانـەتان بـۆ بردنـەوە لـە پێشـبڕکێکەدا هێناوەتـە ئێـرە، بـۆ ئـەم مانگایانە لێرەدا توشی ئازار و ناڵە بن ؟بیانبەنەوە شوێنی خۆیـان بـۆ دارستانەکە".

لە بـەر ئـەوەی یاگناڤاڵگـا بـە بـەردەوامی بۆمـاوەی پێـنج سـاڵ بەبـەردەوامی بـەژداری دەکـرد لـەو پێشـبڕکێ یـەدا و وەپاڵـەوانی کۆنفراسەکە بوو کـەس لێنـەدەبردەوە بـۆ یـە ئیمڕاتـۆڕیش ڕێگیـری لـە بڕیارەکەی نەگرت چونکە هەموو کەس دەیزانی کـە مانگاکـان دەباتـەوە بۆیە ڕاستەوخۆ پیاوەکانی مانگاکانیان لە گەڵ خۆیاندا برد.

لە کاتێکدا کە یاگناڤاڵگای فیلەسوف گفتوگـۆی دەکـرد لەگـەڵ عالم و زاناکاندا، ئاشتاڤاگرای نەناسراو کە لەو کاتەدا دایکـی نـاردبوی

کە بچێ باوکی بێنێتەو چونکە دایکی دەیزانی کە هاوسەرەکەی دەرناچێ لە پاڵەوانی یەکە بۆیە ئاشتاڤاگرا دەنێری بەدوایدا بۆ ئەوەی بێتەوەو وە بۆچی کات بەفیڕۆبدات؟ کاتێ ئاشتاڤاگرا دەگاتە کۆنفراسەکە کە بەلایەنی کەمەوە هەزاران کەس ئامادەن کە هەموویان سەیری لاشە خوارو خێچ و شێواوەکەی دەکەن و دەست دەکەن بەپێکەنین، ئاشتانڤاگراش کە پیاوێکی بە کەماڵ و بە هەیبەت دەبێ دەست دەکاتەوە بەپێکەنین زۆر بەرزتر لەوان، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامادەبوان لە پێکەنین بخات کە تەنانەت خەڵکەکە لەو باوەڕەدا نەبون کە ئاشتانڤاگرا پێبکەنێ.

جانکی ئیمراتۆڕ پرسیاری لێکرد " دەزانم ئەوان لە بەر جەستە شێواوەکەت پێدەکەنن، بەڵام لەوە تێناگەم کە تۆ بۆ پێدەکەنی ". ئاشتانڤاگرا بە ئیمراتۆر دەڵێ " وابیرم کردەوە، کە ئەم کۆنفراسە بۆ زاناکان و فەیلەسوفانە، بەڵام هەموویان پینەچین، کەتەنها لە چەرم و پێست دەگەن، ناتوانن ناوەوە ببینن تەنها دەرەوە دەبینن".

ئاشتانڤگا بەوەی کەوتی هەمویانی بێدەنگ کرد چونکە گەورەترین ڕاستی تیادا بوو. ئیمراتۆر کۆنفراسەکەی هەڵوەشاندەوە ووتی" دەمەوێ تەنها پرسیار لە ئاشتاڤاگرا بکەم. کە تولنی بەپێکەنینەکەی و ڕونکردنەوەکەی کە دەڵێ' کە ئێوەی زانا و فەیلەسوف تەنها دیوی دەرەوە دەبینن بۆیە هەمووتان پینەچین'. پینەچییەکان سەروکاریان تەنها لە گەڵ دیوی دەرەوەی چەندها پێستی جۆراوجۆری ئاژەڵکانە،بۆیە ئەم کۆنفراسە هەڵدەوشێنمەوە، وەدەبێ یاڤاناڤاکا هەزار مانگاکە بگەڕێنێتەوە چونکە ئەویش پێکەنی".

ئەمە بارودۆخێکی زۆر نامۆ و سەیر بوو بەلای جانکای ئیمراتۆرەوە کە هەرگیز پێشتر کەسی لەم شێوەی نەبینیوە، بۆیە دەستی کرد بە پرسیار کردن لێ ی، ئاشتاڤاکراش وەڵامی دەداتەوە، کە هەر وەڵامێک چەندها مانای گرنگی لە خۆی دا هەڵگرتبوو.

ئاشتانڤاکرا بەمۆی جەستە شێواوەکەیەوە نەیدەتوانی لە گەڵی دا ڕابێ، تەنانەت سەیری ئاوێنەی نەدەکرد، ،بۆیە نەیدەتوانی بچێ بۆ دەرەوە، بۆ هەر شوێنێ بچویایە خەڵکی یادوعای خێریان بۆدەکرد یا پێ پێ دەکەنین، دەیان وت " سەیری ئەم پیاوە بکەن، کەستان لەمە ناشیرتر بینیوە؟"بۆیە زۆر بەی کات لە ماڵەوە بوو، تێڕامان و مێدیتەیشنی دەکرد دەگەیشتە ئەوەی کە دەیوت" من کێم ؟ بەدڵنییاییەوە من ئەم جەستەیە نیم، هۆشیاری دەبێ جیاوازتر بێ لەجەستە".

لە کۆتایدا یاگانڤاڵگا هەزار سەر مانگاکەی گەڕاندەوە بۆ خاتۆکەی ئاشتاڤانکرا، هەرچەندە گەنج بوو بەڵام هەموو فەیلەسوفە گەورەکانی تێکشکاند.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لەم وڵاتەدا (هیندستان) کە هەرکتێبێک لەلایەن هەرسۆفییەکەوە نوسرابێ سەدان کۆمێنت و سەرنجی لەسەر نوسراوە، بەڵام هیچ کەس لەسەر ئاشتاڤانکرای شتی نەنوسیوە، کە لە کاتێکدا ڕونکردنەوەو قسەکانی زۆر گرنگن.

هەرچەندە ڕوناکی و نوری ناخ نەیتوانی گۆڕانکاری لە ڕوخساری ئاشڤانکرادا بکات بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە قوڵتر ڕۆدەچنە خودی خۆیانەوە دەرەوەو ڕوخسار نابێتە کێشە، بۆیە دەتوانن تەنانەت جوانییەکی بێ ئەندازە لە ئاشڤانکرادا ببینن.

زۆربەی گۆڕانکاری یەکانی ناخ دەبیتە گۆڕانکاری لە پۆخسارو دەرەوەدا،گەر پۆخسار زۆر وشک و پەق نەبێ، بەڵام هەرگیز پۆخسارو دەرەوە نابێتە هۆی گۆڕانی ناوەوە.

دەبێ چاوەکانت قوڵتر ڕۆچێتە بونیادی مرۆڤەکانەوە، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ڕۆچوبیتە ناخی خودی خۆتەوە، کەچویتە قوڵای خۆتەوە دەتوانی سەیری وجودو بونیادی مرۆڤەکان بکەی، لە دوایدا جیهانێکی نوێ بەتەواوەتی هەموو دەرگاکانی خۆی دەکاتەوە.

هیچ نەشتەرگەری یەکی پلاستیکی ناتوانێ ناخت بگۆڕێ، بەڵکو بەدەستەکانی خۆت دەتوانی بیگۆڕی، هیچ کەس ناتوانێ هیچ شتێ بکات بۆ ناخت تەنها خۆت نەبی، تەنها خۆ گەورەی جیهانی ناخی خۆتی.

هەر کەجیهانی ناوەوەت بێدەنگ بوو، چاوەکانت وردە وردە قوڵتر دەبێ وەکو قوڵی زەریا، هەر کە ناخت هەوری لەسەر لاچوو پۆخساریشت هەوری لەسەر لادەچێ وەکو ئاسمانێک دەردەکەوێ و دەکرێتەوە.هەرکاتێ وجودی ناخت هات بۆ کەشف کردنی سەرچاوە و گرپی ژیانت، هەندی شت لەو گرپو کڵپەیە دەست دەکات بە تیشکدانەوە لە هەموو بەشێکی جەستەددا. هەموومان هەوڵ دەدەین لە پۆخسارو دەرەودا جوانبین، کە هەموو جۆرە مەکیاژێک دەکەی تەنها بۆ ئەوەی کە دەرەوەت جوان بێ.

زیاتر ئاشنایەتی و ڕاهاتنمان لە گەڵ پۆکەش و دەرەوەی بونماندایە، کە لە کاتێکدا ئەوەمان لەیاد چوە کە پۆکەش و دەرەوە لەڕاستی دا بونی نییە بەڵکو دەبێ چەقێک لە ناوخندامەبێ.

گەڕان بەدوای سەنتەرو چەقدا تەنها گەڕانێکە کە ئاین دەیکات، گەڕان نییە بۆ خواوەند و ئاسمان یاخود بۆ پاداشتی کردەوە جوانەکانت بێ، یان دورکەوتنەوە بێ لە دۆزەخ و سزادان.

تەنها یەک ئاینی جەوهەری هەیە کە دەگەڕێ بە دوای بونی ناوەدا (ناخ) و دەیناسێ، کە ئەمەش بونی هەمو گەردونە. بە پۆچونە ناو پەرزگای ناخ بەڕاستی چویتە پەرستگای ڕاستەقینە، چونکە هەموو پەرزگاکانی تر هەڵەن، کە مرۆڤ خۆی دروستی کردون،هەموو خواوەندەکانی ناو ئەو پەرزگایانە هەڵەو ناڕاستن بەڵکو دروست کراو بەرهەمێنراون.

تەنها شتێ کە مرۆڤ ناتوانێ دروستی بکات کەرامەت و شەهامەت و جوانی ناوەوەیە،

ئەو شەهامەتی یە کە لە جیهانی ناوەوەدا دروست دەبی تەنها ناوەوە ناگۆڕێ بەڵکو ڕوخسارێکی نوێ و بێگەردت پێ دەبەخشێ، خۆشەویستی و ئاشتی و گوڵ و گوڵزار دەورت دەدەن، بۆیە لەو ناتەدا ڕوخسارو دونیای دەرەوەت زۆر جوان و مۆسیقی دەبێ

وەکو سەمایەکی پڕ جۆش و خرۆش، بۆیە دەبێ لە ناوەوە دەست پێ بکەی.

خۆشەویستی و سێکس جیاوازییان چییە؟

خۆشەویستی مەرج دار هیچ نییە تەنها هەڵخەڵەتاندن و سێکسوالێتی یە، بەڵام بێ مەرج تەنها ڕێگای خۆشەویستی یە، هەرکاتێ مەرج هات خۆشەویستی دیار نامێنێ خۆشەویستی لە لەبدو مەرجا ناژی چونکە دەیکاتە دیل و ئەسیری بەندیخانە، خۆشەویستی تەنها وەکو ئاسمانێکی بەرین دەتوانێ بژی کەهیچ سونرێ ناناسێ.

سێکسوالێتی بەبێ تێکەیشتن و تێڕامان ڕوودەدات، خۆشەویستی تەنها بەتێکەیشتن و وسۆزو تێڕامان و ئاگاییەوە دەبێ.کەسێتی تێڕامان کەر دەتوانێ سێکسوالیەکەی بگوازێتەوە بەبێ هیچ ململانێیەک و کۆنفلێکتێک، دەچێتە هاوڕێیەتیەکی قوڵەوە بەهەموو وزەیەکی یەوە، بەوزەی سێکس و ئەوانی تریشەوە، ناکەوێتە هیچ شەڕێکەوە، بۆ دەبێ شەڕ کەی لەگەڵ وزەکانی خۆت دا ؟دەبێ خۆشت بوێن، لەزەت و خۆشیان لێببینی، لەشێوەیەکی زۆر نزمی حەیوانی یەوە بەرەو بەرزتریان بەری، ڕێگایان پێبدەی لە جەستەوە بەرەو تروپیا (لە ئایینی هیندی دا بەمانای هۆشیاری تەواودێ) بەری.

گەر بتەوێ لەسێکسەوە بەرەو خۆشەویستی بگۆڕێی دەبێ لە سێکسوالکەت تێبگەی و سەیری کەی و چاودێری میکانیکی ئیش کردنەکەی بکەی، سەرنجی پوچێتی و بێ نرخێکەی بدەی، وەبزانی بەرەو هیچ شوێنێکت نابات.سەیری جەستەی کەس مەکە لە بونیادو وجودی بڕوانە، ئەگەر زۆر وریبیتەوە بگەڕێ زوو بێ یان درەنگ ئەو کەسە دەدۆزیتەوە کە گونجاوە بۆت.

حوکمەکان فرێبدە، سێکس سێکسە کە وزەیەکی پاکی سروشتی یە،
دەبێ قبوڵ بکرێ بەڵام دەبێ خۆشەویستی و ڕێزو مێدیتەشن
سەروەربێ تیادا.بڕۆرە قوڵای سێکسەوە دەبینی کە بەتەواوەتی چی
یە ، وەلەگەڵ ئەو بینەنەدا دەتوانی بگەیتە پشتەوەی.

کەسێک کە ڕزگاری ببێ لە سێکسوالّتی ئەوا پارەو تەماع و
پارەزوی بەناوبانگ بونیشی نامێنێ هەموو ئەو شتانە ڕاستەوخۆ
دەچن لە ژیانی دا.ئەو کاتەی وزەی سێکس دەست دەکات بە بەرز
بونەوە بۆ خۆشەویستی و عیبادەت و مێدیتەیشن هەموو بابەتێکی
پیرۆزی نیمایش کراو بونی نامێنێ.

خۆشەویستی دروست کەرو وێرانکەریشە، کە جیاوازییەکی زۆر
گەورە لە نێوانیاندا. هەندێ جار واهەست دەکەی کە سێکسوالّیتێکەت
پەویستی یە بەڵام چەواشە کراوی چونکە گەمەیەکی موزەیەفە.
سێکس نیم بەڵام بە بێ گومان دژی سێکسوالّتیم. جیاوازێکەش
بە کە سێکس شتێکی سروشتییە بەڵام سێکسوالّتی شتێکی
دڕکی یە. ئەگەر ئافرەتێک یاخود پیاوێکت خۆش بوێ وە منداڵ
بوونەوە سروشتی یە هیچ هەڵەیەکی تیادا نی یە،بەڵام بیر لە
لێکان بکەیتەوە تەنها وەکو وێنەیەکی جنسی و سەرجێگا ی
کێشە ، وە ئافرەت لەدوای ئافرەت سێکسیان لە گەڵ بکەی ئەمەیە
سوالّتی.

ڕاستی سێکسوالّیتی دەکەی گوێنادەی بە خۆشەویستی لەو
کاتەنها جەستەی پیاوەکە یاخود ژنەکەت دەوێ واتە تەنها
بەرامبەرت ئامانجتە. لە خۆشەویستی دا هیچ جەستەیەک بێ

گرنگ نییە بەڵکو کەسە خۆشەویستەکەت بۆت گرنگە کە لە گەڵتا گونجاوەو لە ناو دڵتا ئامادەیەو گۆرانی دەچڕێ و بە قوڵی زەنگت بۆلێ دەدات، بە ئامادەبونی هەست بە ئاسودەیی و بەختەوەری دەکەی. دروست کردنی خۆشەویستی گونجاوە کاتێ دونیای ناوەوەی کوڕو کچ بەیەک بگەن، ئەگەر وانەبێ ئەوا مەحاڵە بیری لێبکەیتەوە.

گەر بەڕاستی ئەزمونی ڕوناکی دونیای ناوەوەت کرد، سێکس دیار نامێنێ بەڵکو خۆشەویستیت بۆ دێ.خۆشەویستی کەسایەتی دروست دەبێ کە هیچ ئارەزویەکی سێکسوالێتی تیادا نی یە. ئەگەر ئارەزوی سێکسی مایەوە ئەوا ئەزمونی نوری دونیای ناوەوەت نەکردوە و ئەو کات ڕوناکی ناخ تەنها دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم مێشکدا.

لە بیرت نەچێ دەتوانی خۆشەویستی بۆ ئافرەتێک دروست بکەی بەبێ ئەوەی خۆشەویستی لە دڵت دابێ بۆی کە ئەمەش بەتەواوەتی سێکسوالێتی و ئازەڵی ولەش فرۆشی و سۆزانی یە.

گەرئافرەتێکت خۆش بوێ بەبێ ئایدیاو خەیاڵی سێکسی ئەوا خۆشەویستی بریتی دەبێ لە پەیوەندی نێوان دوو هێزی پاک و بێگەرد ی هاوبەش کە سەما دەکەن ئاهەنگ دەگێڕن. ئەگەر خەیاڵی سێکس لە مێشکتدا نەبوو دەتوانی ئافرەتێکت خۆش بوێ وە ئافرەتەکەش بەهەمان شێوە خۆشی دەوێی و بەبێ بیر کردنەوە لە سێکس.

هەموو کێشەکە ئەوەیە کاتێ خەیاڵ و مێشکت ئالودەی سێکس بوو ئەوا تەنها دەتەوێ ئافرەتەکە یاخود پیاوەکە بەکاربهێنی کە ئەمەش کارێکی زۆر قێزەون و ناشیرینە وەهیچ ئیستاتیکاو جوانیەک و شیعرێکی تیادا نی یە تەنها شتێکی زۆر بێنرخ نەبێ.

ئایدۆلۆجیا ڕەگ و هۆکاری هەموو توندو تیژیکانە:

پەرستن و عبادەتی ڕاستەقینە هیچ پەیوەندییەکی بەوشەو ڕوکەشەوە نی یە. کەسی دینی ڕاستەقینە نە موسڵمانە، نە مەسیعیە،چۆن بێ دەنگی دەتوانێ ببێتە مەسیعی و موسڵمان وهیندۆسی؟ بێ دەنگی بێ دەنگی یە، وشەکان دەتوانرێ ببنە هیندۆسی و موسڵمان چونکە وشەکان ململانێ و تووندوژی دروست دەکات لە جیهاندا. خەڵکی شەڕ لە پێناو ڕاستیەکاندا ناکەن بەڵکو شەڕە لە پێناو وشەکاندا.

هەزاران شەڕ ڕوی داوە نەک بۆ شتی ڕاستەقینە بەڵکو تەنها لە پێناو وشەکاندا بووە، بۆنمونە کەسێک باوەڕی بە قورئان هەیە هەندێکی تر بە گیتا (ئاینێکی شەڕقی کۆنە، وەرگێڕ) کە تەنها لە پێناو ئەمەدا ملیۆنان خەڵکی کوژراون، کە ئەمەش لە بەر وشەکان ڕوی داوە نەک واقیع و ڕاستی.

خەڵکت بینیوە یەکتر بکوژن بۆ گوڵێک یاخود بۆ خۆرو مانگ ؟ چونکە ئەمانە ڕیاڵیتی و واقیع و ڕاستەقینەن، بەڵام لەسەر ناوی (وشە) مانگ و ڕۆژ یەکتری دەکوژن.گەر یەکێک بڵێ " مانگ خواوەندمانە" ئەو کات وشەی خواوەند دەسەپێنێ بەسەر مانگ دا و لە کاتەشدا کەسێکی تر دەڵێ "تۆ گەمژەی، جونکە مانگ خواوەندی ڕاستەقینە نییە بەڵکو خواوەندی ڕاستەقینە ڕۆژە" لەو کاتەدا شەڕو ژاوە هەڵدەگیرسێ.

وشەکان هۆکاری شەڕە ئاینی و سیاسیەکانن، وە ئایدۆلۆجیاش
ڕەگ و ڕیشەی هەموو توندوتیژیەکانە.هەر ئەو خەڵکانەن کە ئاشتی بۆ
جیهان دەهێنن وەدوبارە هەر خۆیان دروستکەری ئایدۆلۆجیایەکی ترن.

ناوی ئیسلام کە پێغەمبەر محمەد (د. خوای لێ بێ‌وەرگیر)
بە دینەکەی بەخشیوە بەمانای ئاشتی دێ،واتە ئیسلام ئاشتی
دەبەخشێ، بەڵام ئەم دینە ئاشتی خوازە کە دەبێتە ئایدۆلۆجیا ئاشتی
ناهێنێ.کێ دەتوانێ لە حەزرەتی مەسیح زیاتر هەڵسوکەوتی
ئاشتیخوازانە تربێ ؟

بەڵام ئەو ئایدۆلۆجیایەی کە بەدەوری مەسیح دا دروست کرا
کارەسات و مااڵ وێرانی دروست کرد.

هەموو ئایدۆلۆجیەکان بە شەڕ دەورەدراون تەنانەت ئەولەشی
لەسەر ئاشتی دامەزراون و بۆ ئاشتیش هەوڵ دەدەن، کەواتەچۆن
ئاشتی دێت؟ئاشتی تەنها کاتێ دێ کە لە گەمژەی هەموو
ئایدۆلۆجیەکان تێبگەین و وە دواجار فڕێیان بدەین، ئەگەر توانیمان
بەبێ ئایدۆلۆجیا بژین ئاشتی دێتە بوون.

بۆیە کاتێ کە دەڵێی "ئەوە ئایدۆلۆجیای ئێمەیە کە باوەڕمان
پێیەتی، ئێمەش دەڵێین باوەڕمان پێی نییە " لەو کاتەدا شەڕ دروست
دەبێ لە نێوان ئەوانەی باوەڕیان پێ یە لە گەڵ ئەوانەی باوەڕیان پێ
نی یە.

نااڵێم ئایدۆلۆجیا دروست بکە وەناشڵێم ئایدۆلۆجیاش پێویست
نی یە، بەسادەی دەڵێم تێبگە لەوەی کەچی ڕوێداوە لە

وئادۆلۆجیاکان وتیۆرەکان و فەیلەسوفەکان دا، تەنها سەرنجی خاڵی ڕنگ بدەو ئەوانی تری فڕێدە، ئایدۆلۆجیایەک تر دروست مە کە دژی ەدۆلۆجیایەکی.

بژی بەبێ هیچ تیۆرێک، بەبێ "پێوستی و ئیجباری یەک" کە لە وایدا دەبێتە مەترسی، هەموو ڕاستی یەک زوو بێ یان درەنگ دەبێتە ایدۆلۆجی لە دویدا زیان و ژەهر دروست دەکات.

دەتوانین بژین بەبێ ئایدۆلۆجی ؟ هیچ کێشەیەک نابینیم، هیچ اریکی کاتۆلۆکیت یاخود تاوسێکی کۆمەنستیت بینیوە؟گەر هەموو جود بتوانێ بەبێ ئایدۆلۆجیا بژی بۆ مرۆڤ نەتوانێ؟

ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەژی بەبێ ئایدۆلۆجی دەبێتە مرۆڤێکی حانی و هەمو ژیانی دەبێتە عیبادەت و دواتر دەبێتە مرۆڤێکی ئاینی. ۆڤ کە ئایدۆلۆجیای هەبوو دەبێتە سیساسی هەموو ئایدۆلۆجیاکان باسین.

مرۆڤی ئاینی بەبێ ئایدۆلۆجیا دەژی، بەشێوەیەکی سادە سات وای سات دەژی وەڵامی واقیع دەداتەوە بەبێ وشەکان و دیسپلین سوکەوتێکی دیاری کراو، بەڵکو زۆر بەسادەی وەڵامی ئەو ەیەی کە ڕاست و دروست بێ دەداتەوە لەو ساتەدا کە ڕوودەدات، ، بەگوێرەی هەندێ ئایدیا.کاتێ وشەیەک یاخود ئایدۆلۆجیایەک دێتە ێ دەبێ ڕاستەوخۆ زۆر وریا بێ، وریایش عیبادەتە.

بەهەشت و دۆزەخ پوو بەرێکی جوگرافیای نین یە بەڵکو پانتاییەکی سایکۆلۆجی و دەرونیین. دەرگاکانی دۆزەخ و بەهەشت لێرەن و لەئێستادان لە کۆتای ژیاندا نین بەڵکو لە ساکۆلۆجیاو دەرونت دان. دەتوانی هەچ کاتێ بتەوێ بچیتە ناو دۆزەخ و بەهەشتەوە چونکە دەرگاکانی کراونەتەوەو وە هەموو ساتێ لە جوڵاندای بۆیان. دەتوانی بۆماوەیەکی زۆر کەم لە دۆزەخەوە بچیتە بەهەشت وە لە بەهەشتیشەوە بەرەو دۆزەخ بڕۆی.

بەهەشت و دۆزەخ لە خودی خۆت دان کەدەرگاکانیان زۆر نزیکن لەیەکەوە دەتوانی بەدەستی ڕاستت دانەیەکیان بکەیتەوە وە بەدەستی چەپیش ئەوی تریان ئەمەش تەنها بە گۆڕینی مێشکت دەبێ کە دەبێتە هۆی گواستنەوە لە بوونت دا لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت یاخود بەپێچەوانەوە.هەر کاتێ بە شێوەیەکی ناهۆشیارانەو بەبێ هەست کردن کردەوەت ئەنجام دا ئەوا لە دۆزەخدای بەڵام هەر کاتێ بەهۆشیارانە و ئاگاییەوە کردەوەکانت کرد ئەوا لە ناو بەهەشتدای.

زێن هۆکنی دەسەڵاتدار ڕۆژێگیان سوارچاکێک دێت بۆلای کە سامورایەکی (ساموڕای : سوارچاکی ئازای یابانییە، وەرگێڕ) گەورەدەبێ پرسیار لە زێن دەکات " ئایا بەهەشت و دۆزەخ لێرە هەیە؟ ئەگەر لێرە هەبێ کوا دەرگاکانی؟ لە کوێوە دەتوانم بچمە ناوی؟ وەچۆن دەتوانم لە دۆزەخ دورکەومەوە وە بەهەشت هەڵبژێرم ؟"

ئەم سوارچاکە زۆر سادەو ساکار بوو ئەگەر سادە نەبێ ناتونێ ببێتە سوار چاک چونکە سوارچاک تەنها دووشت دەزانێ لە ژیاند ئەویش مردن و ژیانە. سوارچاک هەموو کاتێ ژیانی بریتییە لا قوماردن، نەهاتووە بۆ ئەوەی عەقیدەیەک فێربێ تەنها دەیەوێ بزانێ

دەرگای بەهەشت لە کوێ یە تاوەکو لە دەروازەی دۆزەخ بەدوور بێ.
زێنی دەسەڵات دار وەڵامی دایەوە بەشێوەیەک کە تەنها سوارچاکەکە
لێی تێ دەگەیشت، هۆکن بەسوارچاکەکەی ووت " تۆ کێی؟
"سوارچاکەکە وتی" من ساموڕایم، پێشەوای ساموڕاکانم، تەنانەت
ئیمبراتۆڕەکانیش ڕێزم لێدەگرن " ، لە یاباندا شانازی بوو بۆ کەسێک،
کە ساموڕای بوایە چونکە بە مانای سوارچاکی تەواو دێ بەبێ
کەموکوڕی، هیچ کاتێک ناشڵەژێ و ژیان و مردن بۆ ساموڕای وەکو
یاری وایە. بۆیە هۆکنی دەسەڵاتدار پێدەکەنێ و دەڵێ، " تۆ ساموڕای
؟ تۆ هەر لە سوالکەر دەچی."

بەم وەڵامە کەرامەتی ساموڕا دەشکێ و ئیگۆکەی نازاری
پێدەگات و لە بیریشی دەچێت کە بۆچی هاتۆتە لای هۆکنی پاشا.
بۆیە ڕاستەوخۆ شمشێرەکەی لە کەلان دەر دەهێنێ و بۆ کوشتنی
هۆکنی پاشا، لە یادی دەچێ کە ئەو هاتۆتە لای گەورەکەی بۆ زانینی
دەرگای بەهەشت و دۆزەخ.

لەو کاتەدا هۆکنی پاشا پێکەنی و گوتی " ئەم شمشێرو توڕەیی
و ئیگۆیەت بریتین لە کردنەوەی دەرگاکانی دۆزەخ." ڕاستەوخۆ
سوارچاکەکە تێگەیشت و شمشێرەکەی داناو گەڕاندییەوە بۆ
کەلانەکەی، هەر لەو کاتەشتدا هۆکنی پاشا وتی "ئەمەش کردنەوەی
دەرگاکانی بەهەشتە."

[redacted] و بەهەشت لە گەڵت دان، دەرگاکانیان لە ناو خودی
خۆت [redacted] کاتێ بە ژیرانەو هۆشمەندانە هەڵسوکەوت بکەی ئەوا
دەرگا [redacted] هەشتت بۆ دەکرێتەوە، وە هەر کاتێ بەبێ ئاگای و
ناو [redacted] یەوە هەڵسوکەوتت کرد دەرگای دۆزەخ بەڕەو ڕوودا
[redacted]

کاتێ سامورای شمشێرەکەی دەرهێنا بۆکوشتنی پاشا چی بەسەر هاتبوو؟ ئایا هۆشیار بوو بەوەی، کە دەیکات؟ بە ئاگا بوو بەوەی بۆچی هاتۆتە لای پاشا کاتێ ئیگۆ کۆنترۆڵی کردبوو؟

ئیگۆ دەرمانە هۆشیارێکەت مەست و بەهۆش دەکات، بۆیە کاتێ مامەڵە دەکەی کردەوەکانت لە نائاگاییتەوە (لاشعور) دێت و هەر کارێکش لە نائاگاییەوە بێ ئەوا دەرگای دۆزەخ دەکاتەوە.

کاتێ کە هۆکنی پاش دەڵێ " ئەمەیە دەرگای دۆزەخ کە تۆ هەرئێستا کردتەوە".ئەمە وەڵامێکی فەلسەفی نییە ؛ پاشا بەڕێگایەکی فەلسەفی وەڵامی نەدایەوە.فەلسەفە تەنها بۆ مێشکە ناڕۆشنفکرەکان و نۆرمەڵ و سادەکانە.پاشا وەڵامەکەی کردەوەی نەبوو ئەوەندەی شەفەهی بوو واتە کوشتنی پاشا خاڵی سەرەکی نەبوو" ئەگەر تۆ بم کوژی ئەو کاتە کوشتنەکەم بەئاگات دێنێی، کە ئەمەش شتێکی بەنرخە" هۆکنس یاری دەکرد پێی.

ئەم قسەیەی پاشا دەبێتە هۆی گەڕانەوەی شمشێری سامورای و بزەو پێکەنین دەخاتە دەموچاوی پاشاوە، وەدەرگای بەهەشت دەکرێتەوە بۆ سامورای و دەکەوێتە بێدەنگی و ئاشتی یەکی تەواو، وزەی تورەبونەکەی دەڕوات و دەبێتە وزەیەکی بێ دەنگ.گەر بەئاگابێتەوە لە ناوەراستی تورەی دا دەکەویتە ئاشتی یەکەوە کە هەرگیز پێشتر پێینەگەشتوی، دەکەویتە قوڵای بوونتەوە وە ئەو کات بەئاگا دێتەوە. بێدەنگی و ئارامی ناخ دەرگای ناتوندوتیژیە، خۆشەویستی و سۆز دەرگاکانی بەهەشتن.

ژیان مانای چی یە ؟

بۆ هیچ مانایەک نابینیم لەژیاندا؟

ژیان لە خودی خۆی دا هیچ مانایەکی نییە بەڵکو چانس و هەلێکە بۆ دروست کردنی مانا. ماناش نادۆزرێتەوە دەبێ دروست بکرێ وە تەنها کاتێ دەدۆزرێتەوە کە دروستی بکەی. مانای ژیان پاڵنەکەوتووە یاخود ڕانەکشاوە لە ژێر پووش و پەڵاش و دەوەندا هەچ کاتێ ویستت بیدۆزیتەوە، یاخود تاشە بەردێکی سپی نییە بۆی بگەڕێ و ببینی، بەڵکو شیعرە دەبێ دروست بکرێ، گۆرانییە دەبێ بوترێ، سەمایە دەبێ نمایش بکرێ.

ملیۆنان خەڵکی دەژین لە ژینێکی بێمانادا چونکە هەڵگری ئەو ئایدیا گەمژانەن کە باوەڕیان وایە مانای ژیان دەبێ بدۆزرێتەوە وەک ئەوەی لێرە و لەوێ بێ تەنها پێویستی بە لابردنی پەردەیەکە کە لە پشتی یەوە مانای ژیان خۆی حەشار داوە و تۆش دەتوانی بیگری.بەڵام ئەمە وانی یە.

ئەوەت بیربێتەوە کە بودا مانای ژینی دۆزییەوە چونکە توانی دروستی بکات." دۆزیمەوە چونکە دروستم کرد". خواوەند شت نییە بەڵکو دروست کراوە بۆیە تەنها ئەوکەسانە دەتوانن بیدۆزنەوە کە دروستیان کردووە. ئەوەش شتێکی زۆر باشە کە مانای ژیان لێرەو لەوێ نییە هەرکەسێ ویستی بیدۆزێتەوە، کەواتە چ پێویست دەکات خەڵکی بەدوایدا بگەڕێن؟

دەتوانی جیاوازی بکەی لە نێوان مانای ئاین و مانای زانستی بۆ ژیان؟ ئەلبێرت ئەنشتاین بیردۆزی ڕێژەیی دۆزییەوە ، پێویست دەکات تۆش لە ئێستادا هەمان بیردۆز دوو بارە بدۆزیتەوە ؟ ئەگەر دووبارە بیدۆزیتەوە ئەوا دەبیتە گەمژە، هۆکارەکە چی یە؟ چونکە کەسەکە (ئەنشتاین،یاخود هەرکەسێکی داهێنەر،وەرگێڕ) نەخشەکەی داویتێ لەوانەیە چەندەها ساڵی ویستبێ تا بیردۆزەکەی دۆزیوەتەوە بەڵام تۆ تەنها چەند کات ژمێرێکت دەوێ وە دەتوانی لە زانکۆ فێری بی.

بوداو زەردەشتیش چەند شتێکییان دۆزییەوە بەڵام وەکو ئەوەی ئەنیشتاین نەبوو کە تەنها نەخشەیەک بێ و دواکەوی و بیدۆزیتەوە، دەتوانی ببیتە زەردەشتی و جیاوازیەکانیان ببینی. بۆتێگەیشتن لە بیردۆزی ئەنیشتاین پوێست ناکات ببیتە ئەنیشتاین تەنها پوێست دەکات کەمێک ڕۆشنبیر بین یاخود نوقسانی ئەقڵ نەبین دەتوانی لە بیردۆزەکەی تتەنها پوێست دەکات کەمێک ڕۆشنبیر بین یاخود نوقسانی ئەقڵ نەبیت دەتوانی لە بیردۆزەکەی تێبگەیت. بەڵام بۆتێگەیشتن لە مانای زەردەشتییەت دەبێ ببیتە زەردەشت ئەگەر نەبیت ئەوا ناتوانی تێبگەی، دەبێ دوو بارە دروستی بکەیتەوە، وە هەموو فەردێک خواوەندی خۆی دروست دەکات و ماناو ڕاستی و پێدەبەخشێ.

لەوانەیە ئێستا ئەو پرسیارەم لێ بکەی: کە ئایا بۆ ناتوانم
هەرچ مانایەکی ژیان ببینم ؟

کەر چاوەڕێ مانی ژیان بکەی بە ناچالاکی و پاسیڤی ئەوا هەرگیز ناپەنە لات، ئەم چاوارپوانییە پاسیڤیە ئایدیاو بیرۆکەی بەهەشکانی پڕبڕدوو بووە، کە باوەڕیان وابووە کە مانای ژیان ئەوتا لێرەیە، ئەمەش وانی یە، بەڵکو ئەوە ئازادی یە مانا هەڵبژێرێ.کێشکەو زەوی لێرەیە بۆ چاندنی تۆو وە دواتر دورینەوەی، بۆیە دروست کردنی مانا چەند چێژ بەخشە سەرکەشی و نەشئەیە.

لەبەرئەوە یەکەمین شت ئەوەیە: دەبێ ئاین دروست کەر بێ، ئێستا ئاین پاسیڤ و بێ کردارو زۆر لاوازە. چاوەڕێی کەسێکی دینی هەکە کە ببێتە داهێنەر تەنها چاوەڕێ ئەوەی لێبکە کە بەرۆژو بێ وخەو لە ئەشکەوتێکدا دانیشێ یان بەیانیان زوو هەڵستێ لە خەو، دوعاو گفتو گۆی دینی بکات لە کاتی عیبادەتدا، لەم جۆرە شتە گومانایانە.ئایا بەم جۆرە کارانە رازیت کە دەیکات؟ ستایش و مەدحی هەکەی چونکە ئەو بەردەوامە لە رۆژو گرتن، بەڵام لەوانەیە ئەو هاسۆشیبێ (لەزەت لەئازار دەبینێ، وەرگێڕ) واتە چێژ لە ئازاری خودی خۆی دەبینێ، بۆ نمونە کەسێکی دینی دادەنیشێ بەڕوتی لەسەر بەفر لەو کاتەدا ستایشی دەکەی بەڵام ئەمە چ حیکمەتێک و بەهایەکی تیادایە ؟هەموو گیانلەبەرانی جیهان ڕووتن لە سەر بەفر لە کاتێکدا قەشەو پیاوی ئاینش نین. کاتێ گەرمە دادەنیشێ لە بەر شکی خۆردا تۆش لەو کاتەدا ستایشی دەکەی و دەڵێی " سەیر کەن، ئەمە چ زووهدو پاکی یەکە". بەڵام ئەو چی دەکات؟ چ بەژداری

یەک دەکات لە جیهاندا ؟ ج جوانی یەکی بۆ جیهان زیاد کردووە ؟کەمێک دونیای گۆڕیوە ؟ئایا کەمێک ژیانی شیرین تر کردووە ؟نەخێر پێویست ناکات ئەم جۆرە پرسیارانە بکەین.

دەبێ ئێستا ئەمە بوترێ : ئەو کەسەی کە گۆرانی دروست دەکات دەبێ ستایش بکرێ، دروست کەری پەیکەرێکی هونەری جوان دەبێ ستایش بکرێ یاخود ئەو کەسەی کە ئامێرێکی فلوت دەژەنێنێ یان جیهانێکی جوان دروست دەکات پێویستە ستایش بکرێ. بوونە خۆشەویست دەبێ ستایش بکرێ چونکە خۆشەویستی ئاینە.

هەموو ئەو کردەوە گەمژانە لەیاد بکە وەکو دانیشتن لە ئەشکەوتێکدا بۆ ئازاردانی خود یاخود پاڵکەوتنی کەسێ لەسەر جێگایەک کە بەبزمار تەنرابێ، بەڵام ستایشی ئەوە بکە کە گوڵێکی جوان دەپۆێنێ کە بەهۆیەوە دونیا هەمەڕەنگ دەکات ئینجا دەتوانی مانای ژیان بدۆزیتەوە.

مانای ژیان لە داهێنان و ئیبداعەوە سەرچاوە دەگرێ، دەبێ ئاین زیاتر شیعری و ئیستاتیکی تربێ.

دووهەمین شت ئەوەیە:هەندێ جار ڕوو دەدات دەگەڕێ بەدوای مانادا لە بەرئەوەی پێش وەخت ماناکەت دیاری کردووە کەدەبێ چی بێ وە لەکوێ بتوانی بیدۆزیتەوە بەڵام بۆت نادۆزرێتەوە، دەبێ با دواگەڕانەکەت و پرسیار کردنت بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان پاک و بێگەرد بێ پێش وەخت هیچ دەرئەنجامێکت نەبێ بۆی.

پرسیاری ئەوە دەکەی کە بۆ ناتوانم مانای ژیان ببینم ؟ تۆ بۆ
ێەک دەگەڕێ ؟لەوانەیە بۆمانایەکی دیاری کراو بگەڕێی، کە
هەرگیز نایدۆزیتەوە چونکە لە سەرەتادا گەڕانەکەت پیس و پۆخڵ
کراوە چونکە پێش وەخت بڕیاری دراوە کە دەبێ ج مانایەک بێ.

بۆنمونە، ئەگەر پیاوێک بێ بۆ باخچەکەم وە وای بۆ بچێ
بەدۆزینەوەی ئەڵماسێک لە باخچەکەدا ئەوا باخچەکەم جوانە و مانای
هەیە بەڵام هەج کاتێ ئەڵماسەکەی بۆ نەدۆزرایەوە ڕاستەوخۆ دەڵێ
هیچ جوانی یەک لە م باخچەدا نی یەو ماناشی نی یە،بەڵام ئەوەی
لەیاد چووە کە باخچەکە چەندەها گوڵی جوانی تیادایە، چەندەها
باڵندەی تییادایە کە گۆرانی دەچڕن، چەندەها ڕەنگی جۆراو جۆر لێ
یە، شنەبای تیایدا هەڵدەکات بەناو سنەو بەرو قەوزەی سەر بەردەکان،
بەڵام ئەو ئەم هەموو جوانییە نابینێ چونکە پێشتر ئایدیایەکی
پێشوەختی هەبووە ئەویش دۆزینەوەی ئەڵماسەکەیە، واتە کاتێ مانا
دەدۆزێتەوە کە ئەلماسەکە بدۆزێتەوە.

بەبێ هیچ ئایدیایەکی جێگر بەرەو دۆزینەوەی مانا مەڕۆ، بەڵکو
بە ڕوتی و بەبێ گەردی هەنگاو بنێ ئەو کات دەتوانی نەک تەنها
مانایەک بەڵکو هەزارەها مانا بدۆزیتەوە ، وە هەرشتێ دەبێتە هەڵگری
مانایەک، بەردێکی ڕەنگاوڕەنگ کاتێ دەکەوێتە بەر تیشکی خۆر یاخود
دڵۆپە شەونمێک کە پەلکە زێڕینەیەک دروستبکات بەدەوری خۆی دا
یان گوڵێکی بچوک کە سەما دەکات لە بەر شنەبادا...بەدوای ج
مانایەکەوە دەگەڕێ؟

بە دەرئەنجامەوە دەست پێ مەکە چونکە لەسەرەتاوە بەهەڵە دەست پێ دەکەی، بەبێ هیچ دەر ئەنجامێک و زانیاری یەکی پێش وەخت هەنگاوبنێ ئەگەر دەتەوێ ڕاستی بدۆزەتەوە، کەسی شارەزا هەرگیز مانا نادۆزێتەوە چونکە زانیاری دەبێتە ڕێگر لە دۆزینەوەی. ئەگەر ئایدیایەکی جێگیرت هەبوو وات لێ دەکات تەنها بەدوای ئەودا وێڵ بی بۆیە بەهۆی مێشکێکی وا بچوکەوە هەموو شتە گوونجاو بەنرخەکانت لەدەست دەچێ.

مانا دەبێ دروست بکرێ و بەبێ هیچ دەرئەنجامێک دەبێ بۆی بگەڕێی، ئەگەر زانیاریت فرێدا ئەوا ژیان ڕاستەوخۆ بەرگی ڕەنگاوڕەو ڕەنگ، بەڵام لە بەر ئەوەی بەبەردەوامی هەڵگری باری قورسی ئایدۆلۆجیاو فکری فەیلوسوفان و کتێبە ئاینە پیرۆزەکانی بۆیە ناتوانی جوانی مانای ژیان بدۆزیتەوە.

مێشکت پڕە لە جەنجاڵی و پشێوی، پاکی بکەرەوە بیکە بە بۆشاییەک چونکە مێشکێکی پاک و بێگەرد و بەتاڵ باشترین مێشکە، ئەو کەسانەی کە دەڵێن مێشکی بەتاڵ شوێنی کاری شەیتانە ئەوانە نوێنەری شەیتانن چونکە مێشکی بەتاڵ نزیکترین شتە لە خواوەندەوە لە چاو هەموو شتێکی تردەوە.هەروەها شەیتانیش بەبێ بیرو هۆش ناتوانێ هیچ شتێ بکات وە هیچ ڕێگایەکی نییە بەرەو ڕێگای مێشکێک کە بە بەتاڵ بێ.

بیرو ئایدیای زۆر لە مێشکدا تێکەڵ دەبن وەهیچ شتێ ڕوون و شەفاف دەرناکەوێ چونکە چەندەها شت دەبیستی لەسەرچاوەی جیاوازەوە بۆیە مێشکت دەبێتە وەحش وە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە

دای ئەو ئایدیا تێکەڵانەت لە یاد بێ وە پێشت دەوترێ لە یادیان
نەکەی، بەڵام بیرو باوەڕەکان و زانیاریەکان ئەوەندە زۆرن بۆیە لە
یادیان دەکەی و وە خەیاڵاتی خۆتیشی بۆزیاد دەکەی.

زانیاری وەلابنێ دەبیتە داهێنەر، ئەوەت لە یاد بێ کۆکردنەوەی
زانیاری نات کاتە داهێنەر بەڵکو دەتکاتە وەرگر. مرۆڤ لە ژیاندا وەکو
بیناکار موتەفەریجی لێ دێ بەوەی دەست دەکات بەخوێندنەوەی
ڕۆمانەو ئینجیل و کتێبە ئایینەکان و گیتا هیتر.. یاخود دەچێت بۆ
پارکی یا تۆپی پێ، یان بۆ سەیر کردنی فلیم ودانیشتن لە بەر
تەلەڤزیۆن دا و گوێ گرتن لە ڕادیۆ هەتا دوای.... بیست و چوار کات ژێر
بەدیوەیەکی ناچالاک و پاسڤ دەبتە سەیر کەر چونکە ئەوانی تر کارو
چالاکی دەکەن تۆش تەنها دەبێتە سەیر کەر وە ناتوانی مانا
بدیتەو.

هەزاران لە خەڵکی دەبینی کە خۆشەویستی دەکەن بەڵام نازانی
خۆشەویستی چی یە، تەنها بەسەیر کردن مانای ئۆرگازم نازانی، دەبێ
بزانری لە خۆشەویستیدا بکەی چونکە مانا لە بەژداریکردنەوە دروست
دەبێ.بەژداری بکە لە ژیاندا بەقوڵی و سەرکەشی یەوە، ئەگەر
ویستت لە مانا سەما بگەی دەبێ نابێ بڕۆی بۆبینینی سەماکەرەکە
بەڵکو دەبێ سەما فێربی و ببی بەسەماکەر.ئەگەر ویستت هەر شتێ
بەژداری بکە لە کردنی ئەمەش جەوهەرو ڕاستی زانینی هەموو
شتەکە. ژیان تەنها یەک ڕەهەندی نییە بەڵکو چەندەها ماناو ڕەهەندی
جیاوازی هەیە، بە مانا ئاوەشێن دەکرێی.

کەواتە ژیان پێک دێت لە چەندەها پەهەندوو ئاڕاستەی جیاواز هەرگیز نابێ ژیان بکەیتە یەک ئاڕاستەو پەهەندێکی دیاری کراو چونکە دەبێتە کێشەیەکی گەورە.

کەسێک کە دەبێتە ئەندازیار واهەست دەکات هەمووشتێکی تەواوکردووە خۆی وەک ئەندازیارێک دەناسێنێ، وە لەژیاندا تەنها وەکو ئەندازیارێک دەردەکەوێ، ئەمە لە کاتێکدا ملیۆنان شتی لە بارو گونجاو لە ژیان دا بونی هەیە بەڵام ئەو تەنها سواری یەک فارغۆنی ژیان بووە بۆیە هەر زوو بێزار و هیلاک دەبێ لە ڕاکێشانی، بۆیە تەنها چاوڕێ مەرگ دەکات.دەبێ چ مانایەک بوونی هەبێ؟

ئەگەر دەتەوێ لەزەت و خۆشی لە ژین وەرگری نابێ هەموو کاتێ پیاوێکی بازرگان بی.نابێ تەنها دکتۆرو ئەندازیارو بەڕێوبەر بی،یان پرۆفیسۆر بەڵکو دەبێ یاری وەرەق و گیتار بکەی و گۆرانی بچڕی یاخود ببیتە فۆتۆگرافەر یان شاعیر.... هیتد واتە چەندها شتی گونجاو بدۆزەرەوە لە ژیاندا ئەو کات دەتوانی دەوڵەمەند بی و وە بەرهەمی مانای جۆراو جۆر بی.

بەسەرهات و چیرۆکێکی سوقراتم بیستووە، دەگێڕنەوە کاتێ سوقڕات لە بەندیخانەدا چاوەڕێ مەرگ دەبێ،خەونێک دنە دنەی دەدات بەوەی " سوقرات مۆسیقا بژەنە" سوقڕاتی پیر هەستی بەوە کرد کە هەموو کاتێ لە ڕێگای فەلسەفەکەیەوە خزمەتی هونەری کردووە، بەڵام ئێستا ناچارە دەست کات بەلێدانی ئامێری فلوتەکە.ڕوو بە ڕوو لە گەڵ مەرگدا فەلسەفەو مۆسیقا شانی بەشانی یەکتر دەڕۆن وە ئەمەش سوقڕاتی فەیلەسوف ئاسودە دەکات.

سوقرات هەرگیز لە ژیاندا فلسوتی نەژەندبوو بەڵام شتێ لە ناخدا ناچاری کردبوو پێی دەگوت "سوقرات مۆسیقا دروست بکە" ئەمە لە سەرە مەرگدا شتێکی زۆر بێمانایە، ئەو هەرگیز مۆسیقاشی نەژەندووەو دروست نەکردووە. بەڵی پیاوێکی وەکو سوقراتیش بە یەک ناڕاستەیی لە ژیاندا مایەوە، بەڵێ بەشێکی سوقرات بەیەک ناڕاستەیی مایەوە، بەشەکەی تریشی سوربوو لەسەر ڕەتکردنەوەو نەهی کردن بۆیە ئەم بەشە یاخییەی سوقرات ووتی" بەسە بۆڵۆجیک و فەلسەفە، کەمێکیش مۆسیقا باشە، کە بەڵانس و هاوسەنگیت بۆدێنێ، بەسە بۆگلتوگڵ، کەمێک فلوت بژەنە" دەنگەکە زۆر سور بوو لە سەر ئەوەی سوقرات جێبەجێی بکات.

ڕێگا مەدە ژیانت ببێتە کەشێکی مردووی دووبارە بوونەوە، بۆ چەند ساتێکی پێناسە بۆ نەکراو دابەشی بکە، ڕێگا بدە بە چەند شتێکی تەلیسماوی کە نەتوانی هیچ لۆجیکێکیان بەسەردا جێ بەجێ بکەی. هەندێ کردەوە بکە کە خەڵکی کەمێک بەشێتت لە قەڵەم بدەن، ئەگەر مرۆڤێک لە سەداسەد ئاقڵ بێ ئەوا مردووە، بەڵام بوونی کەمێک شێتی لەلای ئاقڵییەوە ئەوا گەورەترین خۆشییە، بۆیە بەردەوام بە لە سەر هەندێ کاری شێتانە، ئینجا مانا ژیان ئەگەڕی هەیە.

ئەسترۆلۆجی و داهاتوو زانین و دەست خوێندنەوە:

شتێک کە زۆر گرنگە و پێویستە بیرمان نەچێ خوێندنەوەی دەست و داهاتو و بورجەکانە یاخود زانینی داهاتووە (علم تنجیم)، خوێندنەوەی داهاتوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خوێندنەوەی ناهۆشیاری کەسەکەوە هەیە، هیچ پەیوەندیەکی بە داهاتوی کەسەکەوە نییە بەڵکو پەیوەندی ڕابردووەوە هەیە چونکە دروستی داهاتوو ڕابردوو دەکات.خەڵکی لەبەر ئەوەی وەکو ئامێرێکی میکانیکی دەژین بۆیە پێشبینی کردنی داهتویان کارێکی زۆر ئاساییە.

گەر ڕابردووی کەسێک بزانی بەمەرجێ بوودا نەبێ دەتوانی پێشبینی داهاتوی بکەی چونکە بەردەوام لە دووبارە کردنەوەی ڕابردوودایە،ئەگەر کەسێک لەڕابردوودا کەسایەتیەکی تۆپەی هەبێ ئەوا هەڵگری هەمان نیەت و مەیلی ئەوەیە کە تۆپەبێ لە داهاتودا چونکە سیفەتی تۆپە بوون کاریگەری خۆی هەیە بۆ داهاتوو.کەسایەتی ئاسای و ناهۆشیار بوونێکی بەردەوامی هەیە لە دووبارە بوونەوەی ڕابردوو، وە ناتوانێ هیچ شتێکی نوێ و پێشکەوتنێک بخاتە ژیانی یەوە.گەر خەڵکی زۆر وشیار و بەئاگابن هیچ زانستێک و خوێندنەوەی دەست و زانستی ئەستێرەناسی ناتوانێ داهاتوی کەسایەتی مرۆڤەکان بخوێنێتەوە.کەس ناتوانێ دەست و داهاتوی بودا بخوێنیتەوە چونکە ئەو ئازادە لە ڕابردوو وە لە ئێستاشدا زۆر بەتاڵە کە کەس ناتوانێ هیچ شتێکی تیادا بخوێنێتەوە.گەورەترین تێنەگەیشتن هەیە لە نێوان ژیان و کات دا،کات پێک دێت لە سێ زەمەن :ڕابردوو، ئێستاو، داهاتوو، کە ئەمەش زۆر هەڵەیە، چونکە کات تەنها پێک دێ لە ڕابردوو و داهاتوو، ئەوە ژیانە کە لەئێستا پێک دێت، بۆ یە ئەوکەسانەی، دەیانەوێت بژین هیچ ڕێگایەکی تر نییە تەنها ئەوە نەبێ کە لە ئێستادا بژین چونکە تەنها ئێستا گرنگە، ڕابردوو تەنها کۆکەرەوەی یادەوەری یە،وە داهاتوش بێجگە لە خەیاڵ و خەونەکانت

هیچی تر نی یه، پاستی له ئێستاو لێرەدایه.ئەوکەسانەی کەتەنها بیر لە ژیان و خۆشەویستی دەکەنەوە وە دەیڕازێننەوە لە پابردوو و داهاتوو دا ئەوا هەرگیز نەیان تونیوە تیادا بژین، چونکە لەکاتێ ئێستا پابردوو داهاتوو تەنها سێبەرێک و ڕەنگدانەوەیەکن.بەردەوام لە ڕاگرتن و پەلەکردندان وە لە کاتی ڕاگردنیاندا تەنها چەند شتێکی کەم دەبینن، وای بۆ دەچن کە ژیا بن بەڵام لەڕابردوودا تەنها مەرگ ڕاستەقینەیە نەک ژیان.ئەوانەی کە ڕابردوودا ژیانیان لەدەست چووە ئۆتۆماتیکی خەون بەداهاتووەوە دەبینن، داهاتووش تەنها پڕۆژەیەکە کە لە ڕابردووەوە دروست بووە. هەرشتێک لەڕابردوودا لە دەستیان چووبێ ئاواتە خوازن لە داهاتودا بەدیبهێنن،لە نێوان ئەم دوانەشدا (ڕابردوو، داهاتوو،وەرگێڕ) کە بونیان نیە بەشێکی بچوکن تەنها ئێستاکێ بوون هەیە ئەویش ژیانە.هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ بژین یاخود خۆشەویستی بکەن دەبێ بیر لەوساتە (ئێستا)بکەنەوە وەنابێ فەلسەفەی بەسەرا دا لێ بدەن چونکە هیچ بەدیلێکی تر نی یە.

شەربەتی ئێستا بخۆرەوە و بە چاکی بیگرە چونکە ئێستا کەڕۆیشت ناگەڕێتەوە،هەر کەڕۆیشت بۆهەتاهەتایە دەڕوات.بەڵام لەبەر ئەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە کە بەئەندازەی مرۆڤ کۆنە کە ئەویش ئەوەیە هەموو کەلتورەکان و مرۆڤەکان زەمەنی ئێستایان کردۆتە بەشێک لە کات، ئەمە لە کاتێکدا زەمەنی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بەکاتەوە نی یە،گەر لەساتی ئێستادا ئامادە بی ئەوا هەرگیز کات نییە بەڵگو بیدەنگی یەکی لەڕادەبەدەرو نەجوڵان هەیە وهیچ شتێ نێتاپەڕێ، هەموشتێ لەپڕێکدا وەستاوە.ئێستا هەلێکت بۆ دەڕەخسێنێ کە بتوانی بە قوڵی لە ئاوی حەیاتدا مەلەبکەی، یاخود لە ژیاندا بە بەرزی بەرەو ئاسماندا بفڕی. لە ژیان دا مەترسی دارترین وشە لە زمانی مرۆڤدا کاتی ڕابردوو و داهاتووە. ئێستا ڕۆشتنێکی مەترسی

داره به سەر پەتێکی بە هێزدا لە نێوان ڕابردوو و داهاتودا،بەڵام هەرکاتێ شەربەتی ئێستات نۆشی گوێ نادەیتە هیچ مەترسی یەک.

بەلای منەوە ژیان تەنها لە ئێستادایە دەتوانی ئەوساتە ناوبنێ بە خواوەند بەڵام ئەم وشەیە گونجاو نییە چونکە ئاینەکان ئەم وشەیەشیان شێواندووە بۆیە دەتوانی ناوی بنێ بە "ووجود" کە زۆر جوانە، هەر ناوێک بێ کێشە نی یە، تەنها تێگەیشتنە لە وکاتەی کە لەناو دەستت دایە بەوەی کە ساتی ڕاستەقینەی ژیانە، دەتوانی تیادا بژی وە دەشتوانی بەجێی بهێڵی و لە ناوی دا نەژی.هەزاران لە خەڵکی هەیە لە بێشکەوە بۆ گۆڕ خۆیان ڕادەکێشن بەبێ ئەوەی بەڕاستی ژیا بن.چیرۆکێکم لە سۆفییەک بیست سەبارەت بەپیاوێک کاتێ کە دەمرێ، کە لە پڕێکدا بۆی دەرکەوت و وتی، "خوایە لە ژیاندا تەنها زیندوو بووم " تەنها مەرگ بە ئاگای هێنایەوە بەوەی کە ئەو تەنها بۆ ماوەی حەفتاساڵە تەنها زیندوو بووە وە خودی ژیان هیچ شتێکی پێنەبەخشیوە و دەوڵەمەندی نەکردووە، بەڵام ئەوە هەڵەی ژیان نییە بەڵکو ئەوە هەڵە تێگەیشتنی مرۆڤە، سەرنج دان و تێڕامان ژیانت پێ دەبەخشێ بەبێ ئەوەی بیر بکەیتەوە،چونکە سەرنج دان تەنها لە ئێستادا دەبێ وە دەتوانی تەنها لە ئێستادا شاهیدی و گەواهی بەی. بژی بەتەواوەتی و کاملّی چونکە هەر ساتێک دەبێتە ئاڵتون، لێرەشەوە هەموو ژیانت دەبێتە زنجیرەیەک لە ئاڵتونی ئێستاکێ.

- www. Projection-of- consciousness.
- The discipline of transcendence Vol.١ ,chp ٢ ,Q٤
- Oshotimes.blog.osho. com
- The book of wisdom Chapter: ٧ www.oshospace.blogspot.com
- Osho ,the last testament ,Vol٢,ch
- www.oshonews.com
- The Alchemy of Yoga, Talk#١٠,courtesy:osho Internatational Foundational, www.osho.com
- Philosophia pernnis vol-١ bliss beyond all duality
- Osho: love and alones
- www.worldbeyond.
- The special transmission : chapter ten
- .www.osho.com
- Awareness ,freedom, God ,mind, Nietzscl responsibility Oshovision.blogspot.com
- The book: The remembering and the Becoming
- Www.galieogst.tumbler.com
- www. Hffingtonpost.in
- Osho, sat Chit And, Taik#٢٧ www. Osho.com
- Https:ll www. Wattpad. com
- www.speakingtree.in

- Osho, the perfect Master,Volum٢ ,Chapter٤
- www. Projectio-of- consciousness blogspot.com
- Htt:// www. Phys.uni-sofia.bg/vikto
- Osho : Introduction of the book "Tarot in the spirit of zen"
- hh://mohesnkhatami.wordpress.comp<...